# گوڵان

www.gulan-media.com






■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سـدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان ڕەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناوونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك)
















# پاشەکشەی ڕەوتی ئایینی لە عێراقدا



فەیسەڵ دەباغ

هەندێ لە هێماکانی بزووتنەوەی ئیسلامی بەگشت لایەنەکانییەوە، تائێستا خۆیان بە زل دەزانن و قسە دەربارەی سەرکەوتنی خۆیان دەکەن لەدوا هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، لەم ڕووەوە ئاماژە بەلیستی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا دەکەن، کە چۆن توانی زۆربەی دەنگەکانی گۆڕەپانی شیعی وەدەست بێنێ، ئەو لیستەی کە هەردوو باڵی حزبی دەعوە( ئیسلامی و ڕێکخستنی عێراق)ی لە خۆدەگرت، بەسەرۆکایەتی کەسایەتییەکی وەکو نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق.

خاڵی نارازیی بوون لەسەر ئەو جۆرە ژێ پرسییە خۆی لەو پرسیارە دەبینێتەوە ،کە بۆچی مالیکی ناونیشانی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسای بۆ لیستەکەی خۆی هەڵبژارد و لەناونیشانی ئیسلامی و حزبی دووركەوتەوە؟

خاڵێکی تر کە هەندێ کەس وەك ڕەخنەئامێز ئاراستەی ئەو جۆرە ژێ پرسییە دەکەن، ئەوەیە: باشە ئەگەر بەقسەی ئەو لایەنانە بێ و عێراقییەکان دەنگیان بە ئیسلامییەکان دابێ، بۆ زۆرینە دەنگیان بە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق نەدا کە سەید عەبدولعەزیز ئەلحەکیم سەرکردایەتی دەکرد کە کوڕی مەرجەعییەتێکی بەناوبانگی حەوزەی زانستییە و بەدرێژایی مێژووش خانەوادەکەیان پێگەو پایەکی ئایینی بەرچاویان هەبووە، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەو ئەنجوومەنەی سەرکردایەتی دەکات خاوەن توانایەکی گەورەی ماددی و تەعبەوییە؟

چاوخشاندنەوەیەکی خێرا بە ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە زۆر بەروونی ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە دەنگدەران بە ئەنقەست ویستیان ئەو لایەنە لەناو ماڵی خۆیاندا سزا بدەن، بەدەلیلی ئەوەی زۆربەی دەنگدەرانی پارێزگای کەربەلا دەنگیان بەکەسێکی سەربەخۆدا کە بەتاك خۆی هەڵبژاردبوو، کە ئەویش یوسف ئەلحەبوبییە، ئەمە لەکاتێکدا واچاوەڕوان دەکرا حزبی دەعوە لەوپارێزگایەدا سەرکەوتنێکی بێ وێنە وەدەست بێنێ، بەتایبەتی پارێزگاری ئەو پارێزگایە ئەندامی ئەو حزبەیەو دەیتوانی بەهۆی پێگە فەرمییەکەیەوە کاریگەری بکاتە سەر دەنگدەران، هەروەها سەبارەت بە پارێزگای نەجەف، کە پارێزگارەکەی لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامییە، بەڵام کەمترین دەنگی دەنگدەرانی وەدەست هێنا لەو پارێزگایە ئاینییە.


ئەو خزمەتگوزارییەی کە لەشاری نەجەف ئەنجامدراوە هەر لەفڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکەی تا دەگاتە ڕێگەوبان و پرد، ئەمانە گشتیان بەس نەبوون بۆ ئەوەی دەنگدەر دەنگ بەلیستی شەهید میحراب بدات کە ئەنجوومەنی باڵاو خانەوادەی ئەلحەکیم لەپشتیەوە بوون، ئەنجوومەنی باڵا تووشی شکستێکی گەورە بوو کاتێك حەوت پارێزگای لەدەست دا کە پێشتر تێیاندا باڵا دەست بوو، گرنگترینیشیان لەپێگە سەرەکییەکەی خۆی شاری نەجەف کە ئێستا بەکەمینەیەکی ئینتیخابی دادەنرێ، لەو پارێزگایانەی کە نموونەی خۆی لە ئیدارەو ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا پێشکەش کرد، پرسیاری هەرە گرنگ کە بێ وەڵام دەمێنێتەوە ئەوەیە: بۆ ئەلحەبوبی بەو خزمەتگوزارییانەی سەرکەوت کە پێشکەشی کەربەلای کردبوو و ئەنجوومەنیش بەو خزمەتگوزارییانە سەرنەکەوت کە پێشکەشی نەجەفی کردبوو؟

سێیەمین پێکهاتەی سیاسی شیعی ڕەوتی سەدرە یان (سوپای مەهدی )یە، کە بەناوی ڕەوتی (ئەحرار) و بە پشتگیری سەرکردەی شیعی موقتەدا سەدر بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد، ئەو ڕەوتە کە زیاتر لەمەیدانێك و گۆڕەپانێکی عەسکەری باڵا دەست بوو، کەچی ئەنجامەکانی پلەیەکی خوارووتریان دایێ لەدەنگ و کورسی نەك هەر لە بەغدا کە شاری سەدری لێیە، بەڵکو شکستێکی پێ هێنرا لەبەسرەو عیمارە، ئەمە لەکاتێکدا پارێزگاری عیمارە سەر بەو ڕەوتە بوو، دەنگەکانیشی لە عیمارە کە بەپێگەی سەرەکی ئەو ڕەوتە دادەنرا خوارووی دەنگەکانی بوو لەشاری سەدردا، پێکهاتەی چوارەمی شیعە حزبی فەزیلەیە کە ئایەتوڵڵا ئەلیعقوبی لەپشتیەتی وەك مەرجەعییەتێکی ئاینی و ئەویش لەبەرامبەر حزبی دەعوە تووشی شکستێکی گەورە بوو لە پایتەختی ئابووری عێراق واتە بەسرە کە تێیدا بەخۆی کولفولکول بوو.

لە هەردوو پارێزگا گەورەکەی عێراقیش، بەغدای پایتەخت، ئەوا ئەنجوومەنی باڵا شکستێکی گەورەی

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

# فاكتەرە گۆڕاوەكانی هاوكێشەكانی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سۆفت پاوەری ئەمەریكی



د.شێرزاد نەجار

بەپێی بۆچوونی زۆربەی ئوستادەكانی زانستی سیاسەت، سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا (سیاسەتێكی نارۆشن و تەمومژاوییە) هۆكاری هاتنی ئەم سیفەتەش لەبەر ئەوەیە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دەوڵەتێكە لە شێوازێكی تایبەتی،بەپێی بۆچوونی تۆژەری فەرەنسی مەكسیم لۆ فایفر كە لە كتێبەكەیدا بە ناونیشانی (سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا) ئاماژەی پێكردووە،ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا لەسەر ئاستی ڕەهەندی مێژوویی و جوگرافی و ئیقلمی دەوڵەتێكی ئیستسنائیە، شارستانییە بەڵام، سەبارەت بەوەی پەیوەنداریش بەهێز و تواناكانی، كە پرۆفیسۆر لۆ فایفر پێیوایە هێزێكی لە ڕادەبەدەری هەیە، دیسان هەر ئیستسنائییە.

بۆیە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، ئەو وڵاتەیە كە لەنێو ئەم هەموو ئیستسنایانە گەشەی كردبێت، ئەوا كارێكی سروشتیشە،كە سیاسەتەكانی بە تایبەتیش سیاسەتی دەرەوەی، سیاسەتێكی دەگمەن و هەڵكشاو بێت، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی : هەڵكشانێك كە بەرگەی هێزی ئەمەریكا نەگرێت، یان وەك بیرمەندی ستراتیژی ئەمەریكی (برژنسكی) دەڵێت: ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا یەكەم دەوڵەتی سەركەوتووە لە مێژوودا و ئەگەرێكی زۆر هەیە دواینیشیان بێت.

ئەم هەڵكشانە گەشەكردووەی ئەمەریكا، ئێستا لەگەڵ چەند ئاستەنگێك پێكدادانیان دروستكردووە، لەوانە:

-١ تیرۆر

-٢ چۆنییەتی بونیادی دیموكراتی لە وڵاتە نادیموكراتییەكاندا.

-٣ چۆنییەتی سەلماند بۆخۆی كە usa تەنیا زلهێزە لە جیهاندا (وەك پرۆفیسۆر هنتگتن وەسفی كردووە)

-٤ ئەو تەنگژە ئابوورییە جیهانییەی ئێستا كە ماوەی ساڵێكە دەستی پێكردووە.

-٥ سیاسەتی ئەمەریكا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بە تایبەتیش لە عێراق و ئەفغانستان) .

بەمجۆرە دەبینن ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا (بە تایبەتی دوای كۆتایی هاتنی شەڕی سارد، گەورەترین زلهێزە بێ ركابەر، بەڵام دیسان بێ ئەوەی ئاراستەیەكی هەبێت)، هەر بۆیە ئێستا ڕووبەڕووی تەحددایەكی گرنگ بۆتەوە ئەویش ئەوەیە: دەبێت لەم قۆناخەی ئێستادا ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا چ ڕۆڵێك بگێڕێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم تەحددیە، هەردوو سەرۆكی ئەمریكی (جۆرج بوشی باوك ١٩٨٩-١٩٩٣) و(بیل كلنتۆن لە ١٩٩٣-٢٠٠١) هەوڵیاندا بە شێوەیەكی موعتەدیل هێزی ئەمەریكا بەكار بهێنن، بەڵام (جۆرج بوشی كوڕ لە (-٢٠٠١ ٢٠٠٩) ئەم هێزەی بەشێوەیەكی دیكە بەكارهێنا: بەكارهێنانێكی لەرادەبەدەر بۆ گێڕانەوەی پابەندبوونی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بە كاروباری نێودەوڵەتییەوە(واتە لە بەكارهێنانێكی گونجاو نەرمەوە بۆ لە ڕادەبەدەر) ئەم ئاراستە (توندڕۆ و لەرادەبەدەرەش) دەیەوێت جەخت لە هێزی سەرتاپاگیر بكاتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاستەنگ و ڕێگرانەی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدان، لە گرنگترین ناوچەی ئەو گۆڕەپانەشدا: كە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

لە ڕاستیدا بایەخی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەكی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە بۆ هۆكاری پترۆڵ . كۆمپانیاكانی ئەمەریكا لە ساڵی ١٩٣٨ەوە كە ئیمتیازی حەسریان لە سعودیە وەرگرتووە، بایەخ بە وەبەرهێنانی پترۆلیان داوە.

بەڵام لە چوارچێوەی ئەم بایەخدانە، ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا هەوڵیداوە پێكەوەگونجان لە نێوان بەرژەوەندییەكانی و هاوپەیمانە ستراتیژییەكانی دروست بكات، پەیوەندییەكی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابمەزرێنێت، بە تایبەتیش لە نێوان دەوڵەتانی عەرەبی، توركیا ئیسرائیل، ئێران.

وادەردەكەوێت ئەمە ئەو ئاستەبێت كە ئیدارەی تازە بە سەرۆكایەتی ئەمەریكا بیەوێت پێی بگات.

ئەم ئیدارەیە دروشمی گۆڕانی بەرزكردۆتەوەو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی كردووە بە جێبەجێ كردنی، ئەمەش بەڕێگەی پیادەكردنی پێڕەوێكی تازە لە سیاسەتی دەرەوە ، بۆ ئەوەی ئەو شوێن پیەی خۆی دابكوتێتەوە، كە لە ئاكامی دەستێوەردانی (ئەوجا ئەفغانستان بێت یان عێراق) لە قەنادویەتی.

پرۆفیسۆر جۆزیف نای بە سیاسەتە تازەیە ڕێنمایی دەكات ناوی لێناوە هێزی نەرم (Soft Power).

*** ئایا ئەم پێڕەوەی نایلێنراوە هێزی نەرم چییە؟**

ئەمە جۆرێكە لە سیاسەت كە لەگەڵ ژینگەی دەرەوەی دەوڵەت مامەڵەی پێدەكرێت و هۆكاری سەركەوتنە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، میكانزمێكی كاریگەرە بۆ بەدیهێنانی مەبەست و ئامانجەكان و بەرێگای سەرنجڕاكێشانەوە،(بەتایبەتی سەرنج ڕاكێشانی ڕۆشنبیری) نەك لەرێگەی هێز و زۆرەوە.

پرۆفیسۆر نای جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كاتێك دەركەوت سیاسەتی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، لە دیدی ئەوانی دیكەدا مەشروعە، ئەوا هێزە نەرمەكە فراوان دەبێت، لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە ماوەیەكی دووردرێژە ئەمەریكا زۆر هێزی نەرمی هەیە لەوانە:

- بەرنامەی (ئازادییەكان) ی سەرۆكی ئەمەریكی رۆزفیلت بۆ ئەوروپای دوای شەڕی دووەمی جیهانی.
- ئەو گەنجانەی ئەوروپا كاتێك لەپشت دیوارە ئاسنەكانەوە گوێیان لە موزیكی دەنگی ئەمەریكا و ئەوروپای ئازاد دەگرت.
- ئەو قوتابییانەی چین كە لە گۆڕەپانی (تیانانمین) خۆپیشاندانیان دەكرد پەیكەری ئازادی ئەمەریكایان بەدەستەوە گرتبوو.
- گەنجەكانی ئێران بەشێوەی نهێنی سەیری كاسێتی ڤیدیۆی ئەمەریكیان دەكرد.
- سەرنج ڕاكێشان بۆ بەهاكانی دیموكراتی لیبرالی.

ئیدارەی سەرۆك ئۆباما هەوڵدەدات، تێروانینێكی جیاواز و ڕاشكاوانە سەبارەت بەنیەتی خۆی بۆ هەنگاو هەڵگرتن بۆ سیاسەتێكی جیاواز لە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك بوش پیشان بدات، هەوڵدەدات سیاسەتێك دابڕێژێت كە گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكادا دروست بكات،(ئەمە وەك لەو گوتارەی ئۆبامادا دەركەوت كە ئاراستەی گەلی ئێرانی كرد). بەڵام لەم هەموو هەوڵانەی بۆ گۆڕانكاری دیسدا، ئامانجی بنەڕەتی وەك خۆی دەمێنێتەوە كە ئەویش چاكسازی و بە دیهێنانی بەرژەوەندی باڵای ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، كە بریتین لە:

- ئامانجی ستراتیژی (ڕەهەندی سیاسیی و سەربازی)
-گەرەنتی ڕۆشتنی نەوت (ڕەهەندی ئابووری) بە تایبەتیش لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست كە یەدەگی نەوتی دەگاتە ٦١٢ ملیار بەرمیل لە كۆی یەدەگی نەوتی جیهانی كەدەكاتە ١٣٧٢٠٠٠بەرمیل.
- بەها ڕۆشنبیرییەكان(بەهای لیبرالی و دیموكراتی).

شرۆڤەكاری ئەمەریكی (كلارك) پێی وایە سیاسەتی هێزی نەرم كاریگەرییەكی زۆر زیاتری لە هێزی ڕەق بە ئەمەریكا بەخشیووە بۆ هاوسەنگی هێزی تەقلیدی، هەربۆیە هێزی نەرم (كۆمەڵێك توخمی سەرنجڕاكێش لە خۆی دەگرێت)لەوانەیە ئەگەر ئەمەریكا بە شێوەیەكی باش بە كاری بهێنێت دوژمنایەتی و دووركەوتنەوە هەڵبگێرێتەوە.

هەربۆیە پرۆفیسۆر نای جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە ئەمەریكا لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییەوە تائێستا لە هەر لەدەوڵەتێكی دیكە بەهێز تربووە، بەڵام دیسان ئەمیش وەك (ڕۆما)ی ئەو هێزە نییە تێكنەشكێت، یان ڕووبەرووی پەككەوتن نەبێتەوە، هەربۆیە ئەویش ئەگەری ئەوەی هەیە ڕووبەڕووی هێرش ببێتەوە لەلایەن ئەوانەی پرۆفیسۆر ناوی لێناون (بەربەرە تازەكان) . هەر بۆیە پرۆفیسۆر نای ڕێنمایی دەدات كە پێڕەوی سیاسەتی نەرم بكرێت، ئەم هێزە نەرمەش ٣ سەرچاوەی هەیە كەبریتین لە:

- بەهای ڕۆشنبیری
- بەهای سیاسی
- سیاسەتی دەرەوە

بەمجۆرە سیاسەتی نەرم كۆڵەگەی گرنگی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكایە پشت بە شێوازە دەبەستێت:

ــ شێوازی ڕەفتار سەرنجڕاكێشان.
- بەهاكان،ڕۆشنبیری، سیاسەتەكان، دامەزراوەكان.
- سیاسەتە پێویستەكان : دبلۆماسیەتی گشتی، دبلۆماسیەتی دوانەیی و دبلۆماسیەتی فرەیی.

ئێستا بابزانین چۆن ئەمەریكا ئەم هێزە نەرمە بۆ مامەڵەكردنی لەگەڵ هەندێك دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەكار دەهێنێت، و چۆن وەك (گۆڕان)ێكی گرنگ دەیخاتە ناو سیاسەتی دەرەوەی (سەیری خشتەكە بكەن).

**خشتەی هێزی نەرم**




●●●

**ئەمەریكا هەوڵدەدات بەرێگەی پێڕەوكردنی هێزی نەرم، ئێران بە لای خۆیدا رابكێشێت بۆ ئەوەی وەک هاریكارێک بێتە ناو ئەو هەوڵانەی پەیوەندارن بە بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەكە**

●●●

# سیاسەتی ئۆباما بەرامبەر بە کورد جێگەی مەترسی نییە



سامی شۆرش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

بێگومان جێگەی خۆیەتی کورد ترسی لەوە هەبێت، سیاسەتی ئەمریکا لە جیهان و لە سەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە عێراق تووشی گۆڕان بێت. هۆی ئەو ترسەش ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری دەسکەوتە نەتەوەییەکانی کورد لە ئەمڕۆی عێراقدا، دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدانی ئەمریکا بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئامادەیی، لە ماوەی هەژدە ساڵی رابردوودا، بۆ رێگە گرتن لە هەر هەڕەشەیەکی ترسناك بۆ سەر کوردستان و دەستکەوتە دیموکراسیەکانی.

راستە، ئەمریکا بە شێوەیەکی راشکاوانە، لە هیچ کۆڕو کۆبونەوەو بوارێکی سیاسیدا، بە ئاشکرا پشتی کورد نەگرتووەو هەوڵی جێ بە جێ کردنی داوا نەتەوەییەکانی نەداوە. بەڵام لەو راستیە راستتر ئەوەیە کە مەوجودیەتی ئەمریکا لە ناوچەکە بە گشتی و لە عێراقدا بە تایبەتی، هەمیشە رێگرێکی گەورە بووە لەوەی ئەم لایەن و ئەو لایەن، ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت، نەتوانن دەرفەتی ئەوەیان هەبێت مەترسیەکی جیدی بۆ سەر کوردستان و دەسکەوتەکانی دروست بکەن، یان هێرشی بەرفراوان بکەنە سەری و هەوڵی تەفروتونا کردنی تاقی کردنەوە دیموکراسیەکەی و حکومەتە شەرعیەکەی بدەن.

بۆیە، ئەگەر کورد لەوە بترسێت کە لە واشنتۆن ئیدارە گۆڕاوەو ئێستا سەرۆکێك و ئیدارەیەك هاتونەتە کۆشکی سپی کە زۆرتر باوەڕیان بە دایەلۆگ هەیەو خەریکی کشاندنەوەی هێزە سەربازیەکانیانن لە عێراق و، ناوە ناوە، لێرەو لەوێ دەبیسترێت کە رەنگە ئەو سەرۆك و ئیدارەیە پشتی کورد بەربدەن. ئەم ترسە لە جێگەی خۆی نییە. ئەوەی تا ئێستا، لە سیاسەتی سەرۆك باراك ئۆباما دەخوێندرێتەوە ئەوەیە کە ئۆباما بۆ کورد قابیلی ترس نییەو چ پێ ناچێت، کۆشکی سپی دەست لە کورد هەڵبگرێت و جارێکی دیکە تەسلیمی گورگەکانی ناوچەکەی بکاتەوە.

راستە، ئۆباما زۆرتر باوەڕی بە دایەلۆگە. زۆرتر حەز بە کشاندنەوەی هێزە سەربازیەکانی ولاتەکەی دەکات. تەنانەت لەگەڵ ئێران و سوریا خەریکە سیاسەتی دایەلۆگ پەیڕەو دەکات. لەوەش بەولاتر، خەریکە باس لە وتووێژو دایەلۆگ دەکات لەگەڵ خەڵکانی میانڕەو لە ناو تالەبانی ئەفغانستاندا. ئەم مەسەلەیە، ئەوەندەی پەیوەندیی بە کوردەوە هەبێت هیچ هێمایەك نابەخشێت بۆ گۆڕانێکی مەترسیدار لە سیاسەتی واشنتۆن. خۆ، سەرۆکایەتیی کوردستان، هەمیشە ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە پێی باشە کێشەکانی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراق لە رێگەی دایەلۆگ و دەستوورەوە چارەسەر بکرێن. خۆ ئۆباماش هەر وا دەڵێت. بگرە، لەو نێوانەدا، رەنگە ئیدارەی ئۆباما بتوانێت یارمەتیەکی زۆری کورد بدات تا لەو رێگەیەوە کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات. ئەوە نییە، لە گرنگترین قسەکانیدا لە مەڕ کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراق، بە ئاشکرا هێمای بۆ ئەوە کرد کە ئەمریکا ئامادەیە رۆڵی ناوبژیوانێکی سەرڕاست بگێڕێت لە پێناو چارەسەر کردنی ئاشتیانەی کێشە گرنگەکانی ناو عێراق. مەعلومە کەرکوك و ماددەی ١٤٠ و مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکان، لەو کێشە گەورانەن کە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر یەك پارچەیی عێراق دروست دەکەن.

بێجگە لە ئۆباما، جێگرەکەیشی، جۆزێف بایدن، بە ئاشکرا رایگەیاند کە ئیتر واشنتۆن فشار بۆ سەر سەرکردەکانی عێراق دەهێنێت تا ناچاریان بکات ناکۆکی و کێشەکانیان بە زووترین کات بە شێوەیەکی ئاسایی چارەسەر بکەن. لەوەش بەولاتر، ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بان کی مۆن هەر لە دوای ئەو قسانە، رایگەیاند کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا زۆر چالاکانە دەکەوێتە کار بۆ چارەسەر کردنی کێشەی سنووری پارێزگاکانی عێراق و ئەو ناکۆکیانەی پەیوەندیان بەو سنوورانەوە هەیە. دیارە مەبەستی بان کی مۆن کەرکووك و نەینەواو دیالە بووە. بۆیە، هەر چەند هەفتەیەك دوای ئەو راگەیاندنە، نوێنەری ئەمینداری گشتی، ستیڤان دی میستۆرا، کەوتە کار لە پێناو ئامادە کردنی راپۆرتێکی تایبەت بە چۆنییەتی جێ بە جێ کردنی ماددەی ١٤٠. ئێستاشی لەگەڵ دا بێت، ناحەزانی ماددەی ١٤٠ پێیانوایە دی میستورا لە قازانجی کورد کار دەکات. بێگومان ئەم بەرپرسە نێودەوڵەتیە لە قازانجی کەس کار ناکات، بەڵام دیارە لە پێناو دارشتنی راپۆرتێکی وا کار دەکات کە مافی مافخوراوان لە کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانی.

ئەم هەموو هێمایانە پەیوەندیەکی راستەوخۆیان بەو شێوازی دایەلۆگەوە هەیە کە ئۆباما دەیەوێت لە عێراق و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا گەشەی پێ بدات. لە عێراقدا، وەك لە رێگەی ئەو هێمایانەوە دەردەکەوێت، ئەم شێوازە هیچ مەترسیەك بۆ سەر کوردو دۆزە رەواکەی و دەسکەوتە دیموکراسیەکانی دروست ناکات. دیارە کوردیش لە باری خۆیەوە، باوەڕی وایە دایەلۆگ گونجاوترین شێوازی چارەسەرە، بە تایبەتی ئەگەر

ئەو دایەلۆگە پشت ئەستوور بێت بە دەستووری هەمیشەیی. تا ئێستاو بگرە لە دوارۆژیش ئەمریکا نکوڵیی لەوە نەکردوە کە کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق بە شێوەی دەستووری چارەسەر بکرێن. بۆیە، هەڵەیە وای لێك بدەینەوە باس کردنی دایەلۆگ لە لایەن ئۆباماوە هێمایە بۆ گۆڕانێکی بنەڕەتی و مەترسیدار لە سیاسەتی واشنتۆن بەرامبەر بە کوردستان. دایەلۆگ بەو شێوەیەی ئۆباما باسی دەکات نەك مەترسی نییە بەڵکو، دوور نییە، سەرکەوتنی گەورەیشی بە دواوە بێت بۆ دۆزی ڕەوای کوردستان.

هێمای دووەمی ئەوەی ئەمریکا دەستی سارد نییە لە پشتگیریی کردنی کورد ئەوەیە کە ئیدارەی ئۆباما ئێستا زۆر بە گەرمی خەریکی گفتوگۆیە لەگەڵ ئەنقەرە بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانی خۆی، واتە هی ئەنقەرە، لەگەڵ حکومەتی کوردستان ئاسایی بکاتەوەو هەوڵی چارەسەر کردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد بدات لە ناو تورکیا خۆیشی دا. تا ئێستا بەشێکی گرنگی ئەو هەوڵانەی ئەمریکا بە زەقی سەرکەوتنیان پێوە دیارە. ئەوەتا تورکیا زۆر جیاوازتر لە جاران ڕەفتار بەرامبەر کێشەی کورد دەکات لە ناو تورکیاو پەیتا پەیتا خەریکە لەگەڵ حکومەتی کوردستانیش پەیوەندیەکانی ئاسایی دەکاتەوە. هەندێك ناوەندی تورکی باس لەوە دەکەن گوایە ئۆباما خەریکە قەناعەت بە ئەنقەرە دەکات کە لە ڕێگەی بنکە ئاسمانییە جەنگیەکانی ئەوەوە، بۆ نموونە بنکەی ئینجرلیك، درێژە بە سیاسەتی بەرگری کردنێکی ناراستەوخۆ لە کورد بدرێت لە بەرامبەر هەر هێرشێکی سەربازی لە هەر لایەنێکەوە بکرێتە سەر کوردستانی عێراق. تا ئێستا هیچی ئەوتۆ لە بارەی ئەو جۆرە دەنگوباسە لە ئارادا نییە، بەڵام چەندین راپۆرت لە ناو تورکیا ئاماژەیان بەوە کردوە.

بێجگە، لە کوردستانی عێراق، دیارە ئۆباما زۆر بە گەرمی خەریکی قەناعەت پێ کردنی ئەنقەرەیە بە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە ناوەخۆیدا. بەم دواییە، عەبدوڵلا گیول — ی سەر کۆماری تورکیا بە ئاشکرا رایگەیاند کە لە ماوەی داهاتوودا حکومەتی ئەنقەرە چەند دەست پێشخەریەکی سیاسی بۆ چارەسەری کێشەی کورد بڵاو دەکاتەوە. هەندێك چاودێر بە دووری نازانن یەك لەو دەستپێشخەریانە پەیوەندیان بە چارەسەرێکی ئاشتیانەی مەسەلەی (پ‌ێ کە کە) ەوە هەبێت. بێگومان، ئەم جۆرە چوونە پێشەوەیەی ئەنقەرە لە بواری کوردیدا پەیوەندیەکی زۆری بە ئیدارەی سەرۆك ئۆباماوە هەیە.

بێجگە لەو هێمایانە، مانەوەی هێزی ئەمریکا لە عێراق لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا، پەیوەندیەکی زۆری بە کوردەوە نەبووە. بەڵکو بە هۆی حاڵەتە ئەمنییەکەی عێراقەوە بووە. ئەمڕۆ کە ئەمریکا دەیەوێت بەشێك لە هێزەکانی خۆی بکێشێتەوە، ئەوا دیسانەوە پەیوەندی بەوەوە نییە کە ئەمریکا دەستی سارد بوویبێتەوە لە کورد. بە پێچەوانەوە، ئەمەریکییەکان نایشارنەوە کە کورد لە ماوەی شەش ساڵی رابردوو کۆلەکەیەکی گەورەی دیموکراسیی پێك هێناوە لە ناو عێراقدا. بگرە، دیموکراسی لە عێراق ڕەنگە نەچەسپابوایە ئەگەر هەوڵ و کۆششی کورد نەبوایە. لەوەش بەولاتر، حکومەتی کوردستان، بە پێچەوانەی بەغدا، سەرکەوتوو بووە لەوەی ناوچەیەکی سەقامگیر دروست بکات و گەشە بە تاقی کردنەوە دیموکراسیەکەی خۆی بدات و ئابووریی کوردستان لە سەر بنەمایەکی راست و دروست بینا بکاتەوە. ئەمریکا نەیشاردۆتەوە کە ئەوەی لە کوردستانی عێراق کراوە هەمیشە نموونەیەکی گونجاوە بۆ ئەوەی لە سەرتاپای عێراقدا پەیڕەوی بکرێت. بۆیە، کوردستان بۆ ئەمریکیەکان تاکە وڵاتی ئارام بووە لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە سەردەمی سەرۆکی پێشوو جۆرج دەبلیو بوش و لە سەردەمی سەرۆکی ئێستا ئۆباما هەمیشە واشنتۆن بە لایەوە گرنگ بووە کوردستان پارێزراو بێت و پشتگیری لێ بکرێت.

لەوانەش بەولاتر، کە ئۆباما باس لە دایەلۆگ دەکات، وا باسی ناکات دایەلۆگ مل کەچ کردن بێت لەبەرامبەر لایەنی دووەم. یان دەست هەڵگرتن بێت لە سیاسەتەکانی پێشوو. بەڵکو هەمیشە وا باسی دەکات کە کردنەوەی دەرگایەکی تازەیە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کە توندو تیژی و شەڕو ناکۆکی نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن. خۆ ئەگەر دایەلۆگ لە دوا ئەنجامدا دادی نەدا ئەوا، ناچار مەنتیقی هێز دێتەوە پێش. لێرەدا، دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین کە لەسەردەمی ئۆبامادا سەرۆکی سودان عومەر حەسەن ئەلبەشیر لە لایەن دادگایەکی نێونەتەوەییەوە تۆمەتی شەڕی خرایە پاڵ. هەر لەو سەردەمەشدا، زیاتر لە سەردەمەکانی پێشوو، باس لە کوشتاری ئەرمەن لە تورکیا دەکرێت. بگرە، کێشەی فەلەستینییەکان و ئیسرائیل خەریکە دەرگایەکی تازەی ئاشتی لەبەردەمدا دەکرێتەوە.

بۆیە، بە هەڵە سیاسەت و گۆڕانەکانی ناو ئیدارەی ئەمریکا دەخوێنینەوە ئەگەر وامان لێك دایەوە کە وەزعی کورد لە ئەمڕۆدا دووچاری کێشەی ئەوە بووە کە ئەمریکا خەریکە دەستی لە کورد سارد دەبێتەوە. ئەم جۆرە لێکدانەوەیە زۆرتر هی دوژمنانی کوردە، ئەوانەی خەون و خەیاڵیان وایەو چاوەڕێی ئەو ڕۆژەن ئەمریکا دەست لە پشتی کورد هەڵبگرێت، تا جارێکی دیکە بە خوێن و ئاسن بکەونەوە وێزەی کورد. بەڵام ڕووداوە ڕاستەقینەکان ئەوە دەردەخەن کە کورد ڕەنگە قازانجی زۆر گەورەتری بەربکەوێت لە سەردەمی ئۆباما. لەم سەردەمەدا، ئۆباما دەیەوێت گەشە بە گیانی دیموکراسی بدات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نەك لە ڕێگەی شەڕو کاولکاری، بەڵکو لە ڕێگەی دایەلۆگ و گفتوگۆی سیاسیەوە. ئەمە، کردنەوەی دەرگایەکی گەورەیە لەبەردەم بە دیموکراسی کردنی ناوچەکەو ئینجا لەبەردەم چارەسەر بوونی کێشەی کورد لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

●●●

**ئەوەی تا ئێستا، لە سیاسەتی سەرۆك باراك ئۆباما دەخوێندرێتەوە ئەوەیە کە ئۆباما بۆ کورد قابیلی ترس نییەو چ پێ ناچێت، کۆشکی سپی دەست لە کورد هەڵبگرێت و جارێکی دیکە تەسلیمی گورگەکانی ناوچەکەی بکاتەوە**

●●●

●●●

**دایەلۆگ بەو شێوەیەی ئۆباما باسی دەکات نەك مەترسی نییە بەڵکو، دوور نییە، سەرکەوتنی گەورەیشی بە دواوە بێت بۆ دۆزی ڕەوای کوردستان**

●●●

مەسرور بارزانی سەرۆکی ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، کەمتر بۆ راگەیاندنەکان دەدوێ. مەسرور بارزانی کوڕی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەك یەکێك لەو سەرکردە کوردانەی ئایندە سەیر دەکرێ، کە چاوەڕێیان لێ دەکرێ ئەو فیدرالّیەتەی کوردەکانی عێراق بپارێزێ، کە پاش سالاّنێکی زۆری شەڕ و ناسەقامگیری، بەدەست هێنراوە.

لە کاتێکدا بارگرژی نێوان حکومەتی بەغدای زۆرینەی شیعە و کوردەکانی باکوور قولّتر دەبێتەوە، مەسرور بارزانی کەسێکی سەرەکییە لەو ململانێیەی کە دەکرێ لەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بە گشتی و کەرکوك بە تایبەتی.

کوردەکان سەرقالّی ئەوەن چۆن وەلاّمی حکومەتی عێراق بدەنەوە کە ئێستا خۆی بە بەهێزتر دەبینێ و پابەندی ئەو خواستەی کوردەکان نیە تا بە ریفراندۆم چارەنووسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دیاری بکرێت.

ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق داوای کردبوو ریفراندۆم لە مانگی ١٢ی ٢٠٠٧ی ئەنجامبدرێ، بەلاّم تا ئێستا ئەو دەنگدانە ئەنجام نەدراوە. ئەم سەرکردە تەمەن ٤٠ سالّە لەم چاوپێکەوتنەیدا باس لەم تەنگوچەلّەمەیەو ئەگەرەکانی ململانێی عەرەب- کورد و بەرپرسیارێتی و پابەندێتیەکانی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق و کوردەکان، دەکات.

**نێد پارکەر**



# کورد (ئاماژەی زۆر خراپ) لە بەغداوە دەبینێ*

## مەسرور بارزانی، سەرۆکی ئاژانسی پارستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان

# ڕەخنە لە جێبەجێ نەکردنی ئەو ماددە دەستوورییەی عێراق دەگرێ کە تایبەتە بە کەرکوک

*** چۆن سەیری دۆخی ماددەی ١٤٠ و هەولّەکانی حکومەتی عێراق دەکەن لە گۆڕینی ئەفسەرە کوردەکان و هێنانی ئەفسەری عەرەب بۆ فەرماندەیەتی سوپای عێراق لە ناوچە ناکۆکی لە سەرەکان؟**

**مەسرور بارزانی:** ئایا ئێمە هەمووومان ئامادەین دەستوور وەك ئەوەی کە هەیە جێبەجێ بکەین و هەلّبژێری نەکەین لەو ماددانەی کە خزمەت بەمەرامەکانمان دەکەن یان ئەو ماددانەی کە پێمان خۆش نییە؟هەموولایەکمان پێکهاتین و ڕێککەوتین تا گەشتینە ئەم دەستورە و پێمانوایە باشترین هۆکارە بۆ هاوکاری هەموو عێراق، لە کوردستانەوە بگرە تاوەکو بەغدا و باشوور و ڕۆژئاوای عێراق، بەلاّم ئێمە هەمان مەبەست و تێڕوانین لە چەند کەسێکی بەغداوە نابینین .

*** سەرۆك مەسعود بارزانی لە دیدارێکی ئەم دواییانەی دا لەگەلّ لۆس ئەنجلس تایمزدا باسی لەوە کرد کە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق، زیاتر بەشێوازێکی تاکڕەوانە ڕەفتار دەکات. پێتوایە بۆچی مالیکی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ ناکات؟**

**مەسرور بارزانی:** ئێمە رێز لە بەڕێز مالیکی دەگرین و بە دۆست و هاوپەیمانێکی دێرینی خۆمانی دەزانین و مەسەلەکەش دژی ئەو نییە، بەڵکو دژی تێکڕای ئەو میتۆدانەیە کە مامەڵەی پێ دەکرێت لەگەڵ عێراقی نوێدا. ئەم سیستەمە سیاسیەی عێراق ئەو میکانیزمانەی نیە کە بەدواداچوون بۆ دەستوور بکات. زۆرشت لە بەغدا نادەستوریانە روو دەدەن و بەڵام بۆیان دەچێتە سەر (لەوانە دروستکردنی چەندین دامەزراوەی جیاواز و ئۆفیسی جیاواز و دروستکردنی جێگرەوەی دامەزراوە فەرمیە حکومەیەکان). ئەم شتانە روودەدەن و کەسیش سکاڵاو گلەیی لە بارەیانەوە ناکات! ئێستا ئێمە ماددەی ١٤٠مان هەیە کە ماددەیەکی دەستووریە و خۆیان لە جێبەجێکردنی دەدزنەوە، ئەوەش پەیامی زۆر خراپ بۆ خەڵکی کوردستان دەنێرێ. ئەگەر کوردەکان بەشێکن لە وڵات، بۆچی بە جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ.

بۆیە پێموایە تەنیا ئەوە خودی شەخسی سەرەك وەزیرێك نییە کە ئەم کارانە دەکات، بەڵکو ئەوە کۆی ئەو میتۆدەیە کە بەڕاستی باوەڕی بە عێراقی نوێ نییە. ئەو عێراقە نوێیەی کە ئێمە قوربانیمان لە پێناوی داوە. بەڵام، ئەگەر ڕێز لە دەستوور نەگیرێ و مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ کورد بکرێ، ئەو کات پێموانییە کە لۆمەی کورد بکرێت بۆ هەر بەرئەنجامێك کە بێتەئاراوە .

*** ئەگەر بارودۆخەکە وەك ئێستا بەردەوام بێت، ئەگەری ئەوە هەیە ڕووبەڕووبوونەوەی کوردی – عەرەبی سەرهەڵبدات ؟**

**مسرور بارزانی:** ئێستا نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەك لای کورد هەیە سەبارەت بەو بڕیارانەی کە سیاسییەکانی کورد دەیدەن لەم بارەیەوە، چونکە خەڵکی کوردستان پێیانوایە سەرکردایەتی کوردی زۆر نەرم بووە و قایل بەم جۆرە پێکهاتنە بووە، چونکە هەموو مافێکیان هەیە بەرگری لەمافە دەستووریەکانیان بکەن، بۆیە دواخستنی جێبەجێکردنی ئەو مافانە لەلایەن هاووڵاتییانەوە قبول ناکرێ. پێموایە کاتێك دەبێت کە خەڵکی، گوێ بۆ ئەو چارەسەریانە نەگرن کە لەلایەن سەرکردایەتەوە دەخرێنە روو. بۆیە کاتێك خەڵکی لەم جۆرە دواخستنانە تێر دەبن، نازانرێ کە چ کاردانەوەیەکیان دەبێت.

*** پێتوایە شتێکی ریالیستییە ئەم کێشانە تا مانگی ٨ی ٢٠١٠ چارەسەر دەبن کە وادەی بەتەواوی کشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمەریکایە ؟**

**مسرور بارزانی:** هەر کات رێککەوتن کرا لەسەر ئاستی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و مەبەستی چارەسەرکردنیان هەبێ، ئەوی دیکە ئاسان دەبێت. دۆزینەوەی میکانیزم و جێبەجێکردنی، هەمووی ئاسانە. گرنگ مەبەست و چارەسەری سیاسی کێشەکەیە. پێموایە ئەمەریکییەکان دەتوانن ئەوە بکەن، زەحمەت نییە و زۆریش ریالستیانەیە.

*** ئایا ئەمریکییەکان هێندەی پێویست بەشدارن لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکدا ؟**

**مسرور بارزانی:** نازانم .ئەوەی دەتوانم پێت بلێم ئەو تێڕوانینەیە کە زۆربەی کوردەکان هەیانە، ئەویش ئەوەیە کە پێیانوانیە چ ئەمریکیەکان یان هیچ کام لە هێزەکانی هاوپەیمانان مکوڕن یان پابەندن بە جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنانەی کە پێیاندابوون. ئایا ئەمە ڕاستە یان نە، پێموایە بەرپرسە ئەمریکیەکان باشترە وەڵام بدەنەوە.



*** تێڕوانینی تۆ چییە ؟ شیکردنەوەی تۆ چییە ؟**

**مسرور بارزانی:** پێموایە کە دەیانتوانی زیاتر بکەن. نابێ هیچ کێشەیەك پاش بخرێ لەسەر حسابی چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیکە. دەیانتوانی هاوکات کاربکەن و هەموو ئەوکێشانەی کە هاوتەریبی یەکن، چارەسەر بکەن. زۆرشت دواخران بەهۆی ئەو شەڕی دژە تیرۆرەی کە لەوڵاتدا هەبوو بەڵام، زۆر ناوچە هەبوون کە تیرۆریزم کاریگەری زۆر کەمی لەسەر بووە و دەیانتوانی چارەسەر بۆ کێشە هەنووکەییەکان بدۆزنەوە و هێندە چاوەڕێ نەکەن تا وەکو کێشەکان زەحمەت و ئاڵۆزتر ببن.

*** ئێستا هیچ ئاماژەیەکی پێکهاتن لەسەر ماددەی ١٤٠ و کەرکوك هەیە.؟**

**مەسرور بارزانی:** پێموایە هەرکات شتەکان بۆ خەڵکی کەرکوك بەجێ بهێڵرێ، ئاسانتر دەبێ و دڵنیام دەتوانن زۆر خێراتر بەچەند چارەسەریەك بگەن، بەڵام بەداخەوە زۆر کەس و لایەنی دەرەکی و زۆر کاریگەری دەرەکی و لایەنی دیکە هەن کە یاری بە چارەنووسی کەرکوك دەکەن، ئەمەش نە خزمەتی کەرکوك و نەخزمەتی خەڵکی کەرکوکی کردووە.

*** ئایا ئەمریکا دەتوانێ باکوور بەجێ بهێڵێ لە ٢٠١٠ دا ئەگەر کەرکوك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان وەك مەسەلەیەکی جێ ناکۆك بمێنێتەوە؟**

**مەسرور بارزانی:** دەگونجێت و دەکرێ هێزەکان کەم بکرێتەوە. بەڵام پێموایە بەر لە کات و ساتی خۆی، کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمریکا دەبێتە هۆی لە دەستدانی هەموو ئەو شتانەی کە تا ئێستا وەدی هێنراون و قوربانییەکانی ئەمەریکاش بە فیڕۆ دەچن. عێراق هێشتا لەو ئاستە نییە کە بتوانێ لەسەر قاچی خۆی راوەستێ و ڕووبەڕووی هەموو ئاستەنگە ناوخۆیی و دەرەکیەکان ببێتەوە. پێموایە عێراق تا ماوەیەکی دیکەش پێویستی بە هاوکاری و پشتگیری ئەمریکا هەیە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە ناتوانرێ هێزەکان کەم بکرێتەوە.

*** چ جۆرە هێزێکی ئەمریکیتان پێویستە لە باکوور و لە کەرکوك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی دیکە، ئەگەر هیچ چارەسەرییەك تا مانگی ٨ی ٢٠١٠ نەهاتە ئارا، چونکە ئێستا هەمولایەنەکان، ئەمەریکییەکان وەك میانگیر دەبینن؟**

**مەسرور بارزانی:** زۆر گرنگە دۆخی عێراقی نوێ بپارێزرێ و بهێڵرێتەوە. عێراق وڵاتێکی فیدراڵییە. کوردستان دۆخی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێ رێزی لێبگیرێ. ئەگەر حکومەتی فیدراڵی عێراق نەیەوێت ڕێز لەمە بگرێ و بیەوێت بەهێز بیگۆڕێت، دەبێ وەڵامێکی بۆ هەبێت. ئەگەر کوردەکان توانای بەرگری کردن لە خۆیان نەبوو، پێمانوایە دەبێ ئەمریکا بەرگری بکات و هاوکاربن لە دروستکردنی وڵاتێکدا نەك تێکدانی ئەوەی تا ئێستا وەدی هێنراوە، هیوامان وایە نەگەینە ئەو قۆناخە.

*** ئەم دیمانەیە لە لۆس ئەنجلس تامیزدا بڵاوکراوەتەوە**

●●●

**ئێمە رێز لە بەڕێز مالیکی دەگرین و بە دۆست و هاوپەیمانێکی دێرینی خۆمانی دەزانین و مەسەلەکەش دژی ئەو نییە، بەڵکو دژی تێکڕای ئەو میتۆدانەیە کە مامەڵەی پێ دەکرێت لەگەڵ عێراقی نوێدا**

●●●

●●●

**ئەگەر کوردەکان بەشێکن لە وڵات، بۆچی بە جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ**

●●●

●●●

**هەرکات شتەکان بۆ خەڵکی کەرکوک بەجێ بهێڵرێ، ئاسانتر دەبێ و دڵنیام دەتوانن زۆر خێراتر بەچەند چارەسەریەک بگەن**

●●●



# سەرۆکێک متمانەی نەتەوەیەکی لەگەڵدایە


The Washington Post

NEWS | POLITICS | OPINIONS | BUSINESS | LOCAL | SPORTS | ARTS & LIVING | GOING OUT GUIDE | JOBS | CARS | REAL ESTATE | SHOPPING

Kurdistan's Hope for Talks

By Nechirvan Barzani
Monday, November 5, 2007; A19

When President Bush and Turkish Prime Minister Recep Tayyip Erdogan meet today to discuss ongoing conflict between the Kurdistan Workers' Party (PKK) and Turkey, we in the Kurdistan Regional Government of Iraq (KRG will be listening with hope. We welcome this meeting The only solution to this decades-old problem lies in diplomacy

Let me be clear: The KRG is, and will remain, fully prepared to find a long-term solution to this problem. To this end, we propose talks among Ankara, Baghdad, Erbil and Washington. This is a transnational issue, complicated by ethnic ties, and no party can find a solution on its own. We will sit down at any time with anyone who seeks a negotiated, diplomatic resolution.

**ئەمە یەکەمجارە بە ئاشتی ڕێگە لەشەڕ بگیرێت، بە ئاشتی و لۆژیکی دیبلۆماتیانە ئاراستەی چارەسەری شەڕ و کوشتار بگۆڕێت بۆ چارەسەری ئاشتی و دبلۆماتیانە**

ئـەو چەند دێـرە ئینگلیزیـە پەرەگرافی دەسـتپێکی وتارێکی بەرێز نێچیرڤان بارزانییە کە ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/١٥ لە ڕۆژنامەی واشـنتۆن پۆسـت بە ناونیشانی ( خواستی کوردسـتان دیالۆگە ) بڵاوکراوەتەوە، ئەم بەروارەش ڕۆژی کۆبوونەوەی نێوان سەرۆك بوش و ڕەجەب تەیب ئەردۆگانە، کە تیایدا بەرێز ئەردۆگان تیشـکی سەوز لە سەرۆك بوش وەردەگرێت بۆ ئەوەی ڕێگە بە هێزە سـەربازیەکانی تورکیا بدرێت سنووری هەرێمی کوردستان ببەزێنن، ئەم وتارە پێش کۆبوونەوەکەیـە کە بە کوردی ئەمـە دەقەکەیەتی: ئەمڕۆ (واتە ڕۆژی دووشەمە ٢٠٠٧/١١/١٥) کاتێك سەرۆك بوش و ڕەجەب تەیب ئەردۆگان کۆدەبنەوە بۆ وتوێژ کردن لەسـەر کێشەی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان( پەکەکە)، ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بـە ئومێدەوە گوێ بۆ رادەگرین و پێشـوازی لەو کۆبوونەوەیە دەکەین،پێیان دەڵێین تەنها ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك کە چەند یەکەیەکە بەردەوامە تەنها ڕێگەچارەی دیبلۆماتیە) .

لێـرەوە هەتا ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/٢٥ کە دەکاتە زیاتر لە ١٦ مانگ، نێچیرڤان بارزانی دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ عەبدوڵلا گول سـەرکۆماری تورکیا بەمجۆرە بۆ ڕۆژنامەنووسـان هاتـە ئاخاوتن (ئێمە کۆبوونەوەیەکی زۆر باشـمان لەگەڵ جەنابی سـەرۆك گویل هەبوو، لەو کۆبوونەوەیەدا بە وردی باسـی پەیوەندی هەرێمی کوردسـتان و تورکیامان کرد، هەروەها باس لە بەرەوپێشـچوونی پەیوەنـدی ئابووریمان لەگـەڵ تورکیادا کردو ئەو خاڵە هاوبەشـانەی نیگەرانی هەردوولامانن باسـیان لێوەکرا، خۆشتان ئاگادارن ماوەیەکە پرۆسـەی ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندیمـان لەگەڵ تورکیا دەسـتپێکردووە، بۆیە ئەم سـەفەرە لەم چوارچێوەیەدا زۆر گرنگ بوو دەشتوانم بڵێم کۆبوونەوەکە سەرکەوتووبوو.)

بێگومـان ئـەم دوو پەیامـەی نێچیرڤـان بارزانی کە ماوەی نێوانیان زیاتر لـە ١٦ مانگە، کۆمەڵێك ڕەهەندی لێدەخوێنرێتـەوە کە بـە کولتووری سیاسـیەتی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نامۆیە، ئەمە یەکەمجارە بە ئاشتی ڕێگە لەشـەر بگیرێت، بە ئاشتی و لۆژێکی دیبلۆماتیانە ئاراستەی چارەسەری شەڕ و کوشتار بگۆڕێت بۆ چارەسەری ئاشتی و دبلۆماتیانە و نەك تەنها بۆ ڕێگرتن لە چەکدارانی پەکەکـە بەڵکو بۆکردنـەوەی گرێکوێرەیـەك کە دەوڵەتی تازەی تورکیا هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە بەدەستییەوە دەناڵێت، چارەسەرێك کە شەڕ ناتوانێت زۆرانبازی لەگەڵدا بکرێت، ئەویش چارەسـەری ئاشتییە، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە هەوڵێکی خوالێخۆشـبوو حافز ئەسـەد بکەین کە پێش سـاڵی ٢٠٠٠ بۆ دوورخستنەوەی شەڕ لە سوریا داوایەکی تورکیـای جێبەجێکرد، بەڵام کێشـەکە ئاڵۆزتر بوو، بۆیە ئەمجارە لۆژیکی دبلۆماتیەتی دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاست بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك کە پێش ئەوەی بۆ کورد و هەرێمی کوردستان بە قازانج حساب بکرێت، ڕێگەی دووری نێوان ئەنکەرا و برۆکسل نزیکدەکاتەوە.

لایەنێکی دیکەی بایەخی ئەو دووپەیامەی سـەرۆکی حکومەتی کوردسـتان لەو خاڵەدا بەرجەسـتە دەبێت، کە بەرێـز نێچیرڤان بارزانی نێـردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یـان یەکێتی ئەوروپا نەبـووە، وەك لایەنی میانگیری بێ لایەن هاتبێتە ناو کێشـەکە و هـەردوو لایەنی گەیاندبێتە قەناعەت، ڕێگە چارەی شـەڕی گۆڕیبێت بە ئاشتی، نەخێـر هەموومان ئاگاداریـن نێچیرڤـان بارزانی خۆی لایەنێکی سـەرەکی کێشـەکە بووە، بە ڕەزامەندی هەردوو بەرێزان سـەرۆك بارزانی و تاڵەبانـی و هەردوو مەکتەبی سیاسـیی پارتی ویەکێتی،ئەرکی سەرۆکایەتی ئەو ژوورە عەمەلیاتەی پێسـپێردرا کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو تەنگژەیە لە هەرێمی کوردسـتان دامەزرا، ئەوکاتـەی ئەو ژووری عەمەلیاتە دامەزرا، لە کوردسـتان پـردەکان و گوندە تازە ئاوەدانکراوەکانمـان لەلایەن سـوپا و فرۆکەکانی تورکیاوە کاولدەکران، بەڵام نێچیرڤـان بارزانی نەدەهات ئەم هەلە بە فرسەت وەربگرێت وهەستی نەتەوەیی پێبورووژێنێت، بەڵکو دەهات دیمەنی ئەو کاولکارییەی پیشانی جیهان دەدا و بە دەنگی بەرز پێیدەگوتن، فەرموون ئەوە بەرەنجامی شـەرە بێجگە لە قوربانیدانی خەڵکی سیڤل و کاولکردنی وڵاتێکی تازە ئاوەدانکراوەی پێ کاولدەکرێت و کێشـە سەرکیەکەش کە چارەسـەرکردنی کێشەی کوردە لە تورکیا بێ چارەسەر ماوەتەوە، سـەرنج بدەن ئیـدارەی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەو تەنگژە ئاڵۆزە تەنها لەماوەی ٨ ڕۆژدا ئاراسـتەی هەموو شـتێکی گۆڕی، بەرێز خافیر سـۆلانا سەرۆکی یەکێتی ئەوروپا لە لێدوانێکـی تایبەتی بۆ گوڵان لە ٢٠٠٨/٣/١٧ راشـکاوانە هەڵوێسـتی خۆی پێڕاگەیاندین و کە یەکێتی ئەوروپا لەگەڵ ئەو شـەڕە نییە و دەبێت ئەو شەڕە کۆتایی پێبێـت، هەر لەو ٨ ڕۆژەدا ئەمریـکا بەپەلە بەرێز ڕۆبەرت گیتسی وەزیری بەرگری ناردە تورکیا و ڕاشکاوانە پەیامی سـەرۆك بوشـی بە بیوکانیت ڕاگەیاند و پێیگووت (ئێمە هەڕەشەتان لێناکەین، بەڵام سەرۆك بوش داوا دەکات بەزوویی ئەو شـەرە کۆتایی پێبێت) بێگومان زمانی دیبلۆماتیەتی گیتسـیش بۆ بیوکانت تازە بوو، بۆیـە بیوکانیت ڕۆژێك پێش کشانەوەی هێزەکانی لە کوردستان بەو جۆرە تەفسیری داواکەی سەرۆك بوشی دەکرد (بە زوویی کۆتایی پێهێنان جاری واهەیە ڕۆژێکە و جاری واش هەیە سـاڵێکە) بەڵام دوای چەند سەعاتێك تێگەیشت،کە ئەم داوایە ئەو مانایەی نییە، بۆیە کاتێك لە سایتی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا بڵاوکرایەوە کە سوپای تورکیا دەستیکرد بەکشانەوە، زۆر لە میدیاکانی تورکیا باسـی سـەردانی سـەرۆکی

**پردەکان و گوندە تازە ئاوەدانکراوەکانمان لەلایەن سوپا و فرۆکەکانی تورکیاوە کاولدەکران، بەڵام نێچیرڤان بارزانی نەدەهات ئەم هەلە بە فرسەت وەربگرێت و هەستی نەتەوەیی پێبورووژێنێت، بەڵکو دەهات دیمەنی ئەو کاولکارییەی پیشانی جیهان دەدا و بە دەنگی بەرز پێیدەگوتن، فەرموون ئەوە بەرەنجامی شەرە و کێشە سەرکیەکەش کە چارەسەرکردنی کێشەی کوردە لە تورکیا بێ چارەسەر ماوەتەوە**

حکومەتی تورکیایان دەکرد، بەوەی بەنیازە بەرەکانی شەڕ بەسەر بکاتەوە، لەم باردۆخە ئاڵۆزە نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ژووری عەمەلیات بۆ بەرێوەبردنی ئەو تەنگژەیە، هەموو دەسەڵاتێکی پێدرابوو، چۆن بەباشی دەزانێت بەو جۆرە لەگەڵ ئەو کێشە هەستیارە مامەڵە بکات، بە درێژایی مێژووی ٥٠ ساڵی هەموو حکومەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، هیچ سەرۆك حکومەتێك نەبووە لە بارودۆخێکی ئاوادا باری نائاسایی رانەگەیەنێت، بەڵام سەرۆکی حکومەتی کوردستان یەك کاتژمێر باری نائاسایی رانەگەیاند و یەك کاتژمێریش ئازادی لە کوردستان نەختە ژێر سانسۆرەوە، ئەو تەنگژە گەورەیەی تێپەراند و تەنانەت نەیهێشت جموجۆڵی بازرگانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان رابوەستێت،تەنانەت لەو کاتەدا کە داوامان لەبەغدا دەکرد،بەزاندنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، بەزاندنی سنوور و سەروەری عێراقیشە، زۆر لە سەرکردەو سیاسەتمەدارەکانی عێراقی نوێ پێیاندەگوتین کوردستان بەس لەکاتی تەنگژەدا خۆیان بە عێراقی دەزانن، ئەمەش واتە ئەوە گرفتی خۆتانە و خۆتان چارەسەری بکەن، بۆیە جێگەی خۆیەتی هەموو تاکێکی کوردستان شانازی بەم سەرکەوتنە دبلۆماتیەوە بکات، هەروەها ئەگەر لایەنێکی دیکەی ئەم سەرکەوتنە بۆ باردۆخی تایبەتی عێراق بگەرێنینەوە بەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بوونی هەیە، ئەوا راشکاوانە دەڵێین تورکیا پێش پەنجا ساڵ لە عێراق هێزەکانی ئەمریکا لە تورکیا بوونی هەبووە،لەمەش زیاتر پێش ٦ مانگ لەدەستپێکی هێرشەکەشیان رەزامەندی ئەمریکایان وەرگرتبوو،بۆیە ئەوەی بە هەموو لایەکی سەلماند شەڕ رێگە چارەی کێشەکان نییە و دەبێت هەموو لەدەوری ئاشتی کۆبینەوە شەخسی نێچرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، کەواتە لێرەدا دەتوانین بە شانازیەوە ئەوە بڵێین لەدوای دەستپێکی پرۆسەی ئازادی عێراقەوە، ئەگەر پلانە سەربازیەکەی ژەنەڕاڵ تۆمی فرانکس لە رووی سەربازیەوە ئەو پلانە سەرسورهێنەرەبێت، کە بۆ گرتنی بەغدا پیادەی کردوو، بەپێی لێکدانەوەی هەندێك پسپۆری سەربازی دەبێت ئەو پلانە لە ئەکادیمیاکانی سەربازی ئەمریکا وەك میتۆد بخوێنرێت و وەك یەکێك لە سەرکەوتنە دەگمەنەکانی پلانە سەربازیەکانی ئەمریکا لە قەڵەم بدرێت، ئەوا دبلۆماتیەتی نێچیرڤان بارزانیش تەنها سەرکەوتنە لەماوەی ٦ ساڵی رابردوودا کە لەسەر ئاستی ناوچەکە بەدەست هاتبێت و دەبێت وەك وانەیەك لە کۆلیژەکانی زانستی سیاسی کوردستان بخوێنرێت، بۆ ئەوەی نەوەکانی ئایندە فێربن کە بە ئاشتیش سەرکەوتن بەدەستدەهێنرێت، بەڵام چۆن سەرکەوتنێك؟ سەرکەوتنێك کە هەردوو نەتەوە و تەواوی لایەنە پەیوەندارەکان لەم کێشەیەدا خۆیان بە سەرکەتوو دەزانن، مۆدێلێکی تازەی سەرکەوتن کە هەمووی سەرکەتووە هیچ لایەنێك دۆڕاو نییە، لێرەدا جێگەی خۆیەتی بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین:

١- لەم کێشەیەدا کە ئاراستەی چارەسەر لەشەڕەوە گۆردرا بۆ ئاشتی، لایەنی سوودمەند پێش هەموو لایەك کۆماری تورکیایە، بۆیەکەمجار لە مێژووی دەوڵەتی تورکیا بۆچوونێك لە ناو میدیا و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی تورکیا دەرکەوت، کە ئاشتی چارەسەرە نەك شەڕ، هەروەها گەیشتنە قەناعەت کە ئەوەی هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایشی تورکیا، نکۆڵیکردنە لە بوونی کورد وەك نەتەوەیەکی جیاواز لە تورکیا، بۆیە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی تورکیا پێشنیاری ئەوە دەخەنە بەردەم حکومەتی تورکیا، کە تەنها رێگە چارە ئەوەیە دەستووری تورکیا بە جۆرێك هەموار بکرێت،کە ناسنامەی کورد بیسەلمێنێت و مافە رۆشنبیری و سیاسیەکانیان دیاریبکرێت.

٢- بۆیە کەمجار ئەو بۆچوونە سەرەتا لای رۆژنامەنووس و دەستەی رووناکبیری تورکیا دەرکەوت، نابێت حکومەتی تورکیا هەرێمی کوردستانی عێراق وەك بەشێك لە کوردی تورکیا سەیر بکات، ئەو هەرێمە شەرعیەتێکی دەستووری هەیە و دەستووری عێراق شەرعیەتی پێداوە، بۆیە ناکرێت مامەڵە لەگەڵ عێراق بکرێت و هەرێمی کوردستان بە شەرعی نەناسرێت.

٣- بوونی بازرگانی هاوبەش و پەیوەندی ئابووری بەردەوام، ئەو بۆچوونەی زیاتر چەسپاند، ئەگەر تورکیا لەسەر سیاسەتی نکۆلیکردن لە هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت، دەوڵەتانی دیکە جێگەی دەگرنەوە، چۆن دەبێت گەورەترین بەرژەوەندی ئابووریت لەگەڵ وڵاتێك هەبێت و حکومەتی ئەو هەرێمە بە شەرعی نەناسیت و پەیوەندیت لەگەڵیدا نەبێت.

٤- لەسەر ئاستی کوردەکانی تورکیاش، گۆڕینی ئەم قەناعەتەی تورکیا،ئومێدێکی دیکەی پێبەخشین، ئێستا ئەوانیش باس لەوە دەکەن ئەگەر رێگە چارەی ئاشتی هەبێت، خۆیان داوا لە پەکەکە دەکەن دەستبەرداری شەڕی چەکداری بن، ئەگەر لە پەرلەمان بوار هەبێت شەڕی ئاشتی بکرێت، چ پێویستە تورك و کورد لە چیاکان یەکتری بکوژن.

٥- بۆ هەرێمی کوردستانیش بە سوودو قازانجێکی ئێکجار گەورە شکایەوە، گەورەترین قازانجی ئێمە کە ئەم کێشەیەیە بە ئاشتی خەریکە دەرگای لەسەر دەکرێتەوە، ئەوەیە کە نەیهێشت پرۆسەی پەرەپێدان ودیموکراسی رابوەستێت، بۆیە جێگەی خۆیەتی بڵێین سوپاس بۆ نێچیرڤان بارزانی کە فێری کردین بە ئاشتی کێشەی ئالۆزەکان چارەسەردەکرێن.

●●●

**بە درێژایی مێژووی ٥٠ ساڵی هەموو حکومەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، هیچ سەرۆک حکومەتێک نەبووە لە بارودۆخێکی ئاوادا باری نائاسایی رانەگەیەنێت، بەڵام سەرۆکی حکومەتی کوردستان یەک کاتژمێر باری نائاسایی رانەگەیاند و یەک کاتژمێریش ئازادی لە کوردستان نەختە ژێر سانسۆرەوە**

●●●

●●●

**ئەگەر پلانە سەربازیەکەی ژەنەڕاڵ تۆمی فرانکس لە رووی سەربازیەوە ئەو پلانە سەرسورهێنەرەبێت، کە بۆ گرتنی بەغدا پیادەی کردوو، بە پێی لێکدانەوەی هەندێک پسپۆری سەربازی دەبێت ئەو پلانە لە ئەکادیمیاکانی سەربازی ئەمریکا وەک میتۆد بخوێنرێت و وەک یەکێک لە سەرکەوتنە دەگمەنەکانی پلانە سەربازیەکانی ئەمریکا لە قەڵەم بدرێت، ئەوا دبلۆماتیەتی نێچیرڤان بارزانیش تەنها سەرکەوتنە لەماوەی ٦ ساڵی رابردوودا کە لەسەر ئاستی ناوچەکە بەدەست هاتبێت و دەبێت وەک وانەیەک لە کۆلیژەکانی زانستی سیاسی کوردستان بخوێنرێت**

●●●

**نێچیرڤان بارزانی بە جیهانی گوت، دەوڵەتانی ئەوروپا کە شەڕی گەلانیان پێدەکرا، گەلەکان برابوون، ئەوە ئەقلیەتە سەربازیەکان بوون گەلانیان کردبوو بە دوژمنی یەکتری**

**ئەمە نێچیرڤان بارزانیە، کە ئێمە وەک خۆی لێی تێناگەین، بەڵام ژەنراڵ جەی گارنەر کە یەکەم کەس بوو ئەمریکا بۆ عێراقی دوای سەدام رایسپارد، ئێستا بە ناو کۆمپانیایەکانی ئەمریکا دەگەڕێت، پێیان دەڵێت بابچین بۆ کوردستان و سوپاسی نێچرڤان بارزانی بکەین، کە یاسایەکی وەبەرهێنانی ئەوتۆی دارشتووەو پەرلەمانەکەیان پەسەندی کردووە، وڵاتەکەی بۆ میللەتی خۆی کردووە بە وەرشەیەکی کارکردن، کەس نازانێت بەرهەمی ئەم وەرشەیە چۆن دەبێت تا تەواو نەبێت،کەسێک بەم زمانە لەگەڵ جیهان قسە بکات، هەرگیز ناهێڵێت وڵاتەکەی لە ٨ رۆژ زیاتر لە تەنگژەدا بێت**

خەڵکی سیڤل و بێتاوانی تێوە بگلێت، کاردانەوەشی نەبووە. لە هەموو قۆناخەکانی شۆرشیشدا هەر کاتێك رژێمەکانی عێراق هەنگاوێك هاتبنە پێش بۆ ئەوەی واز لە رێگەی شەڕ بهێنرێت و بە دیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکرێت، شۆڕشی کوردستان، شەڕی نەکردووە و ئامادەباشی بۆ ئاشتی و چارەسەری ئاشتیانە دەربڕیوە، بۆیە نێچیرڤان بارزانی بە جیهانی گوت با رێگەی ئاشتیش تاقیبکەینەوە، ئەوەی دژی ئاشتی بوو دژی ئێمەش دەبێت، ئەم خیتابە مەدەنیە دوای ٨ رۆژ هەموو بۆ چوونەکانی گۆڕی.

٢- لەو کاتەی باس لە هاوپەیمانی ناتۆ دەکرا بەوەی پشتی دەوڵەتێکی هاوپەیمانی خۆی دەگرێت لە کاتی شەڕدا، بەرێز باڵیۆز ریچارد هۆلبرۆگ ئەندازیاری رامبۆیی و خاوەنی دیپلۆماتیەتی مەکوکی لەشەری سربیادا، لەو کاتە لەهەولێر بوو. بۆیە کە بارودۆخی هەولێری بە چاوی خۆی بینی، ئێستا هەولێر لە ژێر سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە خەریکی خۆ رازاندنەوەی خۆیەتی بۆ زەماوەندی پەرەپێدان و سڕینەوەی کاولکاری، بۆیە بە پێویستی زانی گەلی ئەمریکا و دەوڵەتانی ناتۆ ئاگادار بکاتەوە، بەوەی دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە هێزی ناتۆ لە هەرێمی کوردستان دابەزێت، بۆ ئەوەی ئەم پێشکەوتن و سەقامگیری و ئەم دەستپێکە دیموکراتیە بپارێزرێت، ئەم وڵاتە شایستەی ئەوە نیە داگیر بکرێت شایستەی ئەوەیە لەسەر ئەم پێشکەوتن و دیموکراتیە خەڵات بکرێت، بێگومان ئەمەش بەشێکی ئەو بەرنامەیەی نێچیرڤان بارزانیە کە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی دارشتووە و ئێمە مافی خۆمانە بە کەمی بزانین لەبەر ئەوەی نێچیرڤان مەجبوورە زیاترمان پێشکەش بکات، ئێمە کە ئەومان بە شایستە زانیوە متمانەی خۆمانی بدەینێ، دەبێت لە ئاستی متمانە و ئومێدەکانی ئێمەش بێت، ئێمە نامەنەوێت سوپاسی نێچیرڤان بارزانی بکەین لەبەر ئەوەی دەزانین چ متمانەیەکمان داوەتێ، بەڵام سوپاسی هۆلبرۆك و گارنەر بۆ نەتەوەکەمان دەکەین بەکوردی، ئەمە نەك بۆ ئەوەی بە شانو باڵی نێچیرڤان هەڵبڵێین و بیکەین بە دیکتاتۆر، نەخێر بۆ ئەوەیە نێچیرڤان بارزانی لەو کاتەی بە ناوی ئەم گەلە زیندووە قسەدەکات بە هەموو جیهان دەڵیت، من سەرۆکی حکومەتێکم گەلەکەی گەلێکی خاوەن ئیرادەو زیندووە، هەموو ئاواتی بونیادنانەوە و خۆشگوزەرانی و سڕینەوەی ئاسەواری کاولکاریە، گەلەکەم نایەوێت چیدیکە ئاسەواری شەر لە وڵاتەکەی بمێنێ، بۆیە من پێویستم بە سوپاس نییە، بچن سوپاسی گەلەکەم بکەن کە هەموو خولیا و بیرکردنەوەی بۆتە ئاوەدانکردنەوە، دەمانەوێت نێچیرڤان بارزانی بۆیەکەم جار وەك سەرۆکی حکومەتێکی دیموکراتی بە هەموو جیهان و بە هەموو سەرمایەداران وکۆمپانیاکانی جیهان بڵێت، وەرن گەلەکەم بناسن، وەرن لەگەڵ گەلەکەم راستەوخۆ ئیش بکەن، ئێوە قازانج ناکەن ئەگەر تەنها من بناسن، لەبەر ئەوەی ئەو متمانەیەی گەلەکەم پێیداوم بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە، من بێجگە لە ئەندامێکی ئەو دامەزراوانەی بونیادی دەنێم هیچی دیکە نیم، کە ئێوە درەنگ بەدەنگ بانگێشتی گەلەکەمەوە هاتن و درەنگ هاتن بۆ بەشداریکردنمان بۆ وەبەرهێنان و بونیادنانەوە، گەلەکەم فەرمانم پێدەکات بانگێشتی خەڵکی دیکە بکەم، من دەمەوێت میانگیرێکی باش بم بۆ دۆستایەتی و بەرژەوەندی هاوبەشی بازرگانی و ئابووری لە نێوان ئێوە و گەلەکەی خۆمدا، بەڵام توانای منیش سنووردارە و دەبێت رێز لەو کاتە بگرن کە گەلەکەم بۆی داناوم، ئەمە نێچیرڤان بارزانیە، کە ئێمە وەك خۆی لێی تێناگەین، بەڵام ژەنراڵ جەی گارنەر کە یەکەم کەس بوو ئەمریکا بۆ عێراقی دوای سەدام رایسپارد، ئێستا بە ناو کۆمپانیایەکانی ئەمریکا دەگەڕێت، پێیان دەڵیت بابچین بۆ کوردستان و سوپاسی نێچرڤان بارزانی بکەین، کە یاسایەکی وەبەرهێنانی ئەوتۆی دارشتووەو پەرلەمانەکەیان پەسەندی کردووە، وڵاتەکەی بۆ میللەتی خۆی کردووە بە وەرشەیەکی کارکردن، کەس نازانێت بەرهەمی ئەم وەرشەیە چۆن دەبێت تا تەواو نەبێت،کەسێك بەم زمانە لەگەڵ جیهان قسە بکات، هەرگیز ناهێڵیت ولاتەکەی لە ٨ رۆژ زیاتر لە تەنگژەدا بێت.

٣- تورکیا کەدەڵێت ئێمە ئەندامی ناتۆین و خاوەنی هێزێکی سەربازی گەورەین، نێچیرڤان بارزانی پێیان دەڵێت ئێوە وڵاتێکی گەورەن بۆیە شایستەی ئەوەن کاندیدی یەکێتی ئەورپا بن، ئێمە بۆیە پێمان خۆشە ئێوە ببنە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا بۆ ئەوەی ببینە دراوسێی ئەورپا، دەمانەوێت لەرێی تورکیاوە مامەڵە لەگەڵ ئەورپا بکەین، ئێمە حەزناکەین خەڵکی کوردستان سوپا و زرێپۆشی ئێوە ببینێت، نەخێر ئێمە حەزدەکەین نموونەی زانکۆکانی ئێوە لە وڵاتی خۆمان ببینێت و بە گەلی خۆمان بڵێین ئێمە دراوسێ گەلێکن خاوەنی شارستانی ئاشتین، دەمانەوێت بە خەڵکی خۆمان بڵێین هەتا کۆمپانیایەکانی تورکیا هەبن بۆ کارەکانمان بدەین بە کۆمپانیای دیکە، هەتا کەلوپەلی تورکی هەبێت، کەلوپولی دیکە لەکەس نەکڕین، دەمانەوێت بە گەلی خۆمان بڵێین تورکیا وڵاتێکی گەورەیە لەبەر ئەوەی رێز لە ئیرادەی گەلی خۆی دەگرێت، دەمانەوێت بڵێین ئەم وڵاتە بۆیە پێشکەوتووە، لەبەر ئەوەی لەسەر جیاوازی ئایین و زمان گەلی خۆی بە دوژمنی دەوڵەتەکەی خۆی نازانێت، دەمانەوێت پێتان بڵێین ئەوکاتە ئێوە لای ئێمە گەورە دەبن کە بڵێین دیاربەکر هاوشانی ئەستەنبوڵ و ئەنقەرا پێشکەوتووە، ئێستا سەرمایەدارانی کوردی تورکیا پێویستیان بەوە نییە نوسینگەکانیان لە ئەنقەراو ئەستەنبوڵ بکەنەوە، ئێمە حەزدەکەین کاتێك رووە و رۆژئاوا ئومێد بۆ

دیموکراتی دەخوازن، حەزدەکەین رووەو باشووریش دیموکراتی بن، ئەم هەوڵانە راستە بەو خێرایە نەبوو،کە ئێمە ئومێدمان بۆ دەخواست، بەڵام وەك بەڕێز پرۆفیسۆرو رۆژنامەنووس دیوغۆ ئیرگل لە دیمانەیەکی تایبەتدا پێیڕاگەیاندین، ئێوە وادەزانن هیچ شتێك نەگۆڕاوە، بۆیە دەمەوێت پێتان بڵێم ئێستا لە ناو سوپای تورکیادا، ٢ بۆچوون دروستبووە، یەکێکیان هەرسوورە لەسەر چارەسەری سەربازی، بەڵام دووەمیان بڕوای بە چارەسەری سەربازی نەماوە و داوای چارەسەری ئاشتیانە دەکات، پرۆفیسۆر ئیرگل لێی تەئکید دەکردینەوە دەزانن ئەوە مانای چییە.؟ بێگومان لەسەرەتادا تێگەیشتن لەم گۆڕانکاریە بۆ ئێمەش قورس بوو، بەڵام لە ناو سوپادا ئەو گۆڕانە روویدا بێت، مانای وایە دەوڵەتی تورکیا لە سەرەتای ئەوەدایە بە شێوەیەکی دیکە پێناسەی گەورەیی خۆی بکاتەوە، کە ئێمە نەك پێشوازی لێدەکەین، بەڵکو ئومێدی سەرکەوتنیشیان بۆ دەخوازین.

گۆڕینی ئەم بیرکردنەوانە کارێکی ئاسان نییە، پرۆفیسۆر حوسێن باغچی کە لە کاتی هێرشی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان دیمانەی تایبەتمان لەگەڵدا کرد، راشکاوانە بە گوڵانی راگەیاند، ئێوە چۆن بیردەکەنەوە رای گشتی تورکیا پشتگیری رێگە چارەی سەربازی دەکات، ئەوەی بڕوای بە ئاشتی هەیە کەمینەیە، بۆیە ئێستا کار گەیشتبێتە ئەوەی سەرۆك کۆماری تورکیا بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵێت ئێمە رێز لەدەستووری عێراق دەگرین و ئەوەی دەستووری عێراق بڕیاری لەسەر دابێت، ئێمەش رێزی لێدەگرین، ئەمە پێویستی بە لەسەر راوەستان هەیە و ناکرێت سەرپێیانە هەڵبسەنگێنرێت، نیشانەی گۆڕانێکە کە هێشتا زووە ئەو رای گشتییەی تەنها ساڵێك لەمەو پێش بڕوای بە چارەسەری سەربازی هەبوبێت وئەمڕۆ لەپڕ ئەمەی پێ بڵێت، کە هیچی لە دوێنێ ناچێت و هەموو مانایەکیشی بۆ ئایندە هەڵگرتووە، بۆیە ئێمە نامانەوێت، رێککەوتنی کامپ داڤید، یان وای ریڤەر ئیمزا بکەین، ئێمە دەمانەوێت دوو گەلی دێرین بگەنە قەناعەت کە رێگەی شەڕ هەردوو لامان بێهێز دەکات و رێگەی ئاشتی هەردوولامان بەهێز دەکات.

ئاسۆی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا

بەدرێژایی مێژوو، جوگرافیا بەدژی بەرژەوەندیەکانی کورد هەنگاوی هەڵگرتووە، لەوانەیە ئەمە یەکەمجار بێت، جوگرافیا خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کوردبکات، ئەویش ئەوەیە پێگەی ئێستای هەرێمی کوردستان لە چەند لایەکەوە لەبەرژەوەندی تورکیا شکاوەتەوە و بەرژەوەندییەکان لە چوارچێوەی ئەو لۆژیکەی نێچیرڤان بارزانی زەمینەیەکی ئەوتۆی رەخساندووە، کە گەشەسەندن و سەقامگیری هەرێمی کوردستان لەبەرژەوەندی تورکیاشدا بێت، ئێرە هەر ئەو هەرێمی کوردستانەیە، کە تاریق هاشمی لەسەردانەکەیدا بۆ تورکیا لە ساڵی رابردوو پێشنیاری ئەوەی دەکرد کە دەکرێت موسڵ ببێتە ناوەندی بازرگانی عێراق لە باکوورەوە، هەربۆیە تورکیاشیان بە هەڵەدا برد کە کونسوڵخانەی لە موسڵ کردەوە نەك لە هەولێر، بەڕێز هاشمی ئەوەی لەبیری کردبوو ئەوەبوو، راستە دیجلە لە تورکیاوە بە موسڵدا تێدەپەڕێت، بەڵام مەرج نییە بازرگانی تورکیا بە موسڵدا تێپەڕێت، بۆیە ئەمجارەش پێشنیارەکەی هاشمی تورکیای لە کردنەوەی کونسولخانە لە هەولێر خستە دوای دەوڵەتانی دیکە، کە ئێمە حەزمان نەدەکرد بە تورکیا بڵێین ئەوە فەرەنساو بەریتانیاو روسیاش کونسولخانەی خۆیان لە هەولێر کردەوە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئێوەش بیکەنەوە، نەخێر ئێمە حەزماندەکرد بە فەرەنساو روسیا و بەریتانیا بڵێین ئەوە پێش ئێوە تورکیا کونسولخانەی کردۆتەوە و تورکیا دراوسێمانە بۆیە لەوانەیە ئەوەی بۆ تورکیای دەکەین بۆ ئێوە پێمان نەکرێت. خاڵێکی دیکەی گرنگ کە دیسان هاشمی پەلەی تیاکرد ئەوەبوو، کە سەنتەری بازرگانی بە شوێن دروست نابێت، ئەگەر مەبەست شوێن بوایە دەبوایە ئەو سەنتەری بازرگانییەی لە هۆنگ کۆنگە، یان لە یەکێن بوایە یان کابول، یەکەمیان لەبەر ئەوەی پایتەختی گەورەترین وڵاتە لە رووی دانیشتوان و شارستانیەتەوە و دەمیشیان لەبەر ئەوەی ئاسیای رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ناوەراستیش دەبەستێتەوە بە ئەوروپا، بۆیە سەنتەری بازرگانی پەیوەندی بەشوێنەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو ئەقڵەوە هەیە کە رێگە دەدات ئەو سەنتەری بازرگانیە بونیاد بنرێت.

ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیە تورکیا ئێستا بە تەواوەتی لەم راستیە تێگەیشتووە..هەربۆیە کاتێك کونسوڵی تورکیا لە موسڵەوە دێت و نامەی بەڕێز عەلی باباجانی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەهێنێت، مانای وایە ئەو سرووشتەی رێگە دەدات دیجلە بە موسڵدا بڕوات، ئەو سرووشتە هێشتا دروستنەبووە، بازرگانی دیجلە بە موسڵدا بڕوات، ئەمەش راستیەکی دیکەیە کە ئێمە نەك هەر پێشوازی لێدەکەین، بەڵکو رێزی دەگرین .

ئەم وەرچەرخانانە سەرەتایەکی مژدەبەخشن، لەبەر ئەوەی لەمەودوا هەردوولا ناچاردەبین پەرە بە بەرژەوەندیە هاوبەشەکانمان بدەین، راستە خاڵی ناکۆکەکان هەموویان چارەسەر نەبوون و لەسەرەتادان بۆ چارەسەر بەڵام کە سەیری هەنگاوەکانی تورکیا بۆ هەموارکردنی دەستوور دەکەین، هەستدەکەین دەیانەوێت بەرەو رێزگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت زیاتر هەنگاو هەڵبگرن، ئێمەش لای خۆمانەوە کە هەمان هەنگاو هەڵدەگرین هەست دەکەین هەنگاوەکانمان بۆ لێکنزیکبوونەوە خێراتر و زیاترن، وەك لە هەنگاوەکان لێکدوورکەوتنەوە.


●●●
سەیرکەن ٥٠ ساڵ پێش ئەمڕۆ گەلی ئەڵمان وا بیری دەکردەوە بە نەمانی گەلی فەرەنسا بەهێز دەبێت، بەڵام دوای گەیشتنە قەناعەت شەڕ هەردوو نەتەوە لاواز دەکات، بۆیە ئێستا فەرەنساو ئەڵمانیا پێکەوە تەحەکوم بە سیاسەتی هەموو ئەوروپاوە دەکەن
●●●

●●●
تورکیا کەدەڵێت ئێمە ئەندامی ناتۆین و خاوەنی هێزێکی سەربازی گەورەین، نێچیرڤان بارزانی پێیان دەڵێت ئێوە وڵاتێکی گەورەن بۆیە شایستەی ئەوەن کاندیدی یەکێتی ئەوروپا بن، ئێمە بۆیە پێمان خۆشە ئێوە ببنە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا بۆ ئەوەی ببینە دراوسێی ئەوروپا، دەمانەوێت لەرێی تورکیاوە مامەڵە لەگەڵ ئەوروپا بکەین
●●●

# لیبرال دیموكراسی
# پاراستنی ماف و ئازادیەكان و پەرەپێدانی ئیرادەی تاكە

(تاكێتـــی و ئازادی و موڵكایەتی. ئەو ســێ دیارییەن،كە لە یەزدانەوە هاتوون و پێش هەموو یاســاكانی مرۆڤایەتیش كەوتوون و دەشكەونە سەرووی هەموویانەوە. هۆی هەبوونی ژیان و ئازادی و موڵكایەتی، ئەوە نیە كە مرۆڤ یاســای داناوە، بە پێچەوانەوە، راستییەكەی ئەوەیە كە ژیان و ئازادی و موڵك، پێشـــوەخت هەبوون و ئـــەوان بوونەتە هۆی ئەوەی ئادەمیزاد بیر لە دانانی یاساكان بكاتەوە).

(فردریك باستیا)



●●●

لە ١٩٩٢/٥/١٩ هەڵبژاردن كراو، بەشاهیدی چاودێرانی بیانی و بە بەراورد لەگەڵ باردۆخی رۆژهەڵاتی ناوەراست،بە هەڵبژاردنێكی ئازاد و پاكو بێگەرد لەقەڵەمدرا و هەموو پارتە سیاسیەكانی بەرەی كوردستانیش (بێجگە لەیەک لایەن کە ئەویش هاوپەیمانەکەی ئیمزای کردووە) ئاکامەکەیان پەسەندکرد. بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەم هەڵبژاردنە ئازاد وپاکو بێگەردە، ئێمەی بەرەو دەوڵەتی قانوون نەبرد، بەڵکو بەرەو شەڕی ناوخۆی بردین؟

●●●

ئــەم راپۆرتە بـــاس لە جیـــاوازی نێوان سیســـتەمە دیموكراتی ونادیموكراتیەكان ناكات،هەتا باس لە لایەنە باشـــەكانی دیموكراتی بكەین و لایەنە خراپەكانی سیســـتەمی تۆتالیتاری وســـەركوتكار بخەینـــە روو، بەڵكو ئەم راپۆرتە چوونە نێو بنج وبنەوانی ئەو بەناو پرۆســـە دیموكراتیانەیە كە ئەمرۆ سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوە، گەڕانـــە بەدوای ئـــەو هۆكارانـــەی كە رێگرن لـــەوەی ئاكامی هەڵبژاردنی ئازادو پاك،ئازادی و خۆشـــگوزەرانی و ئاستی بەرزی داهاتی تاكەكـــەس بەرهەمبهێنێت، ورووژاندنی ئەو پرســـیارانەیە بۆچی دوای رووخانی كایتانۆی لە پۆرتوگال لە ســـاڵی ١٩٧٤ و مردنی فرانكۆ لە ئیســـپانیا ساڵی ١٩٧٥ و كۆتاییهاتنی حوكمی ســـەربازی یۆنان ســـاڵی ١٩٧٤، ئەم وڵاتانە بەرێگەی هەڵبژاردن ودەستاودەســـتكردنی دەســـەڵات بەرەو ســـەقامگیری هەنگاویان هەڵگـــرت ؟ بەڵام ئەرژەنتین و پیـــرۆ و بەرازیل كە ئەوانیش وەك ئیسپانیا وپورتوگال ئیسپانی و پورتگالی زمانن هەمان سەركەوتنیان بەدەســـت نەهێنا ؟ بۆچی كۆتاییهاتنی حوكمی ســـەربازی یۆنان لە ســـاڵی ١٩٧٤ ئاكامی باشـــتربوو لـــە كۆتاییهاتنی حوكمی ســـەربازی توركیا لە ساڵی ١٩٨٣؟ پرســـیاری وردتر لەسەر ئەم پرســـانە ئەوەیە ئایا لە یۆنان هەڵبژاردن كراوە و لە توركیا نەكراوە؟ یـــان ئایا هەڵبژاردن لە ئیســـپانیا و پورتوگال كراوە و لە ئەرژەنتین وبەرازیل و پیرۆ نەكراوە؟ لەمەش نزیكتر دیموكراتیەكانی دەوڵەتانی دوای رووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤیەتی پێشـــوو، بۆچی هەڵبژاردنەكان لـــە دەوڵەتانی بلۆكی رۆژهەڵاتی ناوەراستی ئەوروپا ئاكامی باشـــتری بەدەستهێناوە لە هەڵبژاردنی دەوڵەتە ســـەربەخۆكانی دوای هەڵوەشـــانەوەی یەكێتی سۆڤیەت؟ پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هەڵبژاردنەكانی پۆڵەندا و چیك و سلۆڤاك، جیاوازتر بووە لە هەڵبژاردنەكانی كازاخستان و قیرغیزستان؟ لەسەر ئاســـتی رۆژهەڵاتی ناوەراســـتیش ئایا هەڵبژاردنەكانی ئیسرائیل لـــە هەڵبژاردنەكانـــی ناوچەكانی ژێر دەســـەڵاتی فەلەســـتینی ئازادترو پاكتربووە؟ تائێستا لەســـەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەراست هەڵبژاردن بە هاوشـــێوەی كۆماری ئیسلامی بەرێوە چووە؟ گەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرســـیارانە ئەو جیاوازیانەمان پیشـــاندەدا كە لەناو ئەو پرۆســـە دیموكراتیانە دەردەكەون، هەمووشیان بەرێگەی هەڵبژاردن حوكمڕانی دەكەن، لێرەدا پرســـیارێكی دیكە لە دەلالەتی پرسیارەكانی پێشوومان ســـەرهەڵدەدات،ئایا مەبەستمان ئەوەیە لەم راپۆرتـــە ئەوە بە خوێنەرانمان بڵێیـــن هەڵبژاردن خراپە و بۆ ئەوەی لە كارەســـاتی ئاكامە خراپەكانی هەڵبژاردن خۆمان دووربخەینەوە دەبێت لە هەڵبژاردنیش دووربكەوینەوە؟ بێگومان هەرگیز ئامانجی ئەم راپۆرتە بەو ئاراســـتەیە نییە، بەڵكو ئامانجی ئەم راپۆرتە بەو ئاراستەیەیە،كە موناقەشـــە لەگەڵ خوێنەری خۆی بكات بۆچی بەرهەمی هەڵبژاردنەكانی كوردســـتان جیاوازی لەگەڵ بەرهەمی هەڵبژاردنەكانی دەوڵەتە ســـەربەخۆكانی یەكێتی سۆڤیەت نییە و بەرهەمی هەڵبژاردنەكانی پۆڵەندا و چیك و ســـلۆڤاكی بەدەســـت نەهێنـــاوە؟ بەرێز مســـعود بارزانی ســـەرۆكی ئـــەو كاتی بەرەی كوردســـتانی لە ١٩٩١/٣/٩ و لەگەڵ ئازادكردنی شـــاری كۆیە و هەنـــگاو هەڵگرتن بـــۆ ئازادكردنی پایتەختی كوردســـتان و لە گوتارێكیدا بە جەماوەری راپەڕیوی كوردستانی راگەیاند : بەرەی كوردستانی دەســـەڵات دەگێڕێتەوە بۆ گەلی كوردستان و دەوڵەتی قانوون دادەمەزرێنین. راستە بەرەی كوردستانی پەیمانی خۆی بردە ســـەر و دوای ساڵێك دەسەڵاتی گێرایەوە بۆ گەلی كوردستان و لە ١٩٩٢/٥/١٩ هەڵبژاردن كراو، بەشـــاهیدی چاودێرانی بیانی و بە بەراورد لەگەڵ باردۆخی رۆژهەڵاتی ناوەراســـت،بە هەڵبژاردنێكی ئازاد و پاكو بێگەرد لەقەڵەمدرا و هەموو پارتە سیاسیەكانی بەرەی كوردســـتانیش ( بێجگە لەیەك لایەن كە ئەویـــش هاوپەیمانەكەی ئیمزای كردووە) ئاكامەكەیان پەســـەندكرد. بەڵام پرســـیار ئەوەیە بۆچـــی ئەم هەڵبژاردنە ئازاد وپاكو بێگەردە، ئێمەی بەرەو دەوڵەتی قانـــوون نەبرد، بەڵكو بەرەو شـــەڕی ناوخۆی بردیـــن ؟ ئایا ئەو هۆكارانە چی بوون بوونە هۆی دروســـتبوونی گەندەڵی سیاسیی و شلۆقی ئەو سیستەمە سیاســـییەی ئەو ئەزموونە دیموكراتیەی لەســـەر بونیاد نرابوو؟ ئەم پرسیارانە پێویستیان بەوەهەیە هەموومان موناقەشەی بكەین و بەدوایدا بچین بۆ ئەوەی وەڵامێكی ئەقڵانی دوور لە كاریگەریی ئایدۆلۆژیای سیاسی حزبەكانی بۆ بدۆزینەوە، دەبێت بەراوردكاری لە ناو هەموو ئەو سیســـتەمە سیاسیانە بكەین كە بە هەڵبژاردن دەســـەڵات بەڕێوە دەبەن، با خۆمان ماندووبكەین و بپرســـین ئایا هەڵبـــژاردن چ كاتێك حكومەتێكـــی دیموكراتی گەندەڵ و ناســـەقامگیر بەرهەمدەهێنێـــت و چ كاتێك هەڵبژاردن حكومەتێكی باش وسەقامگیر بەرهەمدەهێنێت؟ ئەگەر نموونەیەك بۆ ســـادەكردنەوەی ئەم پرسیارەو پرسیارێكی دیكە بێت،ئایا بۆچی هەر لە عێراقدا و لەو شـــوێنەی دەتوانرێت دارگوێز تێیدا گەشـــە بكات، دار خورما گەشـــە ناكات ؟ وەڵامی ئەم پرســـیارانە ئەوە نییە، ئـــەو جووتیارەی دەزانێت دارخورما پەروەردەبكات نازانێت دار گوێز پەروەردە بكات،نەخێر ئەوە سروشـــتی دارگوێزە پێویســـتی بە كەشوهەوای ســـاردە و سروشـــتی دارخورمایە پێویستی بە كەشو هەوای گەرمە، ئەگەرنـــا بەرهەمی دارگوێزەكە پێمان دەڵێت، ئەو جووتیارە عەرەبەی لە لوبنان دارگوێز پەروەردە دەكات، زۆر باشـــتر لـــە جووتیارێكی كورد پەروەردەی دەكات، ئـــەو جووتیارە كوردەی لە بەدرە دارخورمـــا پەروەردە دەكات زۆر باشـــتر لە جووتیارێكی بەســـرا پەروەردەی دەكات، راســـتە دارگوێز و دارخورما پێویستیان بـــە شـــارەزایی جووتیارەكە هەیـــە، هەموو جووتیارێـــك ناتوانێت بەســـەركەوتوویی دارخورماكان بپیتێنـــێ و، هەموو جووتیارێكیش ناتوانێت بە ســـەركەوتوویی بەرهەمی دارگوێزەكە كۆبكاتەوە، بەڵام شتێك لەسەروو شـــارەزایی هەردووجوتیارەكەوە تەحەكوم بەگەشەی دارەكان دەكات،كـــە ئەویـــش ئەو كەشـــوهەوایەیە كە ئـــەو دارانە پێویستیان پێیەتی.

ئەگەر لەم نموونەیەوە بگەڕێینەوە بۆسەر دیموكراتیەكەی خۆمان وبپرســـین ئایا ئەو كەشوهەوایە چیە كە لەســـەروو ئیرادەی حزبە سیاسیەكان وســـەركردە سیاســـیەكان تەحەكوم بە بەرهەمی باشی دیموكراتیـــەوە دەكات ؟ بێگومان مێژووی مرۆڤایەتی پێمان دەڵێت ئەوەی تەحەكوم بە بەرهەمی باشی دیموكراتیەوە دەكات سەروەری یاســـایە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هەر یاســـایەك پیادە بكرێت دەبێتە ئەو ســـەروەری یاسایەی كە بەرهەمی باش بەرهەمبهێنیت، نەخێر مێژووی مرۆڤایەتی پێمان دەڵێت دەبێت یاساكان بۆ پاراستنی ئازادییەكان و سنووردارکردنی دەسەڵات و پاراستنی مافی

●●●

**بۆچی هەر لە عێراقدا و لەو شوێنەی دەتوانرێت دارگوێز تێیدا گەشە بكات، دار خورما گەشە ناكات ؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەوە نییە، ئەو جووتیارەی دەزانێت دارخورما پەروەردەبكات نازانێت دار گوێز پەروەردە بكات،نەخێر ئەوە سروشتی دارگوێزە پێویستی بە كەشوهەوای ساردە و سروشتی دارخورمایە پێویستی بە كەشو هەوای گەرمە**

●●●

**هەڵبژاردن چ کاتێک حکومەتێکی دیموکراتی گەندەڵ و ناسەقامگیر بەرهەمدەهێنێت و چ کاتێک هەڵبژاردن حکومەتێکی باش وسەقامگیر بەرهەمدەهێنێت؟**

موڵکایەتـــی تاك بێت ( بێگومـــان موڵکایەتی فکریش دەگرێتەوە دەبێت مافی موڵکایەتی فکری تاکیش بپارێزرێت)و لە ناو ئیرادەی تاکەکان و بۆ پاراســـتنی ئیرادەو مافـــی تاکەکان داڕێژرابێت و لە پێناوی ئەویشـــدا جێبەجێبکرێت، دەبێت ئەو دامەزراوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنـــی ئەو یاســـایەی پێدەدرێت لە دەرەوەی دەســـەڵاتی یاســـادانان و راپەڕانـــدن بێت، لەبەر ئەوەی ئـــەو دامەزراوەی ئەو یاســـایە جێبەجێدەکات و سەروەری یاسا پیادە دەکات، حکومەت لە ناو یاســـاکاندا وەك دامەزراوەیەك سەیر دەکرێت و هەر ئەو یاسایەیە ئەرکی حکومەت دیاری دەکات و چاودێری و لێپرســـینەوە لە نێوان حکومەت وپەرلەمان دروستدەکات،کە پێی دەگوترێت (چێك وبلانس ) ئەمەش واتە چاودێری و راگرتنی هاوســـەنگی،ئەو دەسەڵاتەی ئەم یاســـایانە جێبەجێ دەکات و ســـەروەری یاســـا پیادە دەکات، بەســـندوقی دەنگدان هەڵنابژێرین، بەڵکو هەریەکێك لە ئەندامانی دامەزراوەی دەســـەڵاتی دادوەری تەمەنی خۆی بۆ فێربوونی یاسا و بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاســـا تەرخانکـــردووە و دامەزراندن وخانەنشینکردنیان بێجگە لەیاسا بەدەست هیچ دەسەڵاتێکەوە نییە، کەواتە ئەم دەســـەڵاتە کە دەبێتە ناوبژیوانی جێبەجێکردنی یاســـا، دروست وەك ئەو ناوبژیوانەیە کە یارییەکی فتبۆڵێن لە نێوان دوو تیپی بەهێزدا بەڕێوە دەبات، (بۆیە دەڵێین دوو تیپی بەهێز، لەبەر ئەوەی لە نێوان دووتیپی بە هێزدا هاوسەنگی وهەستیاری دروست دەبێت)، لە دیموکراتی ژێر ســـەروەری یاساشدا، حکومەت وپەرلەمان بە هێزن، (بەڵام ئەرکیان دیاریکراوە)لەو جۆرە یاریە بەهێز و هەســـتیارانەدا، ئامانجی هەردوو تیپەکە بردنەوەی یارییەکەیە، واتە پیشـــانی بدەن کامیان دەســـەڵاتی زیاترە، لـــە حوکمڕانیشـــدا لێکچوونێکی لەم شێوەیە،تیمێك کە پەرلەمانە چاودێری حکومەت دەکات وتیمێکیش کە حکومەتە دەســـەڵاتی جێبەجێکاری پێـــدراوە، ئەم دوو تیمە لە زۆربەی وڵاتانی دیموکراتی پەیوەندیان وەك پەیوەندی نێوان رۆشنیر و دەســـەڵاتە، وەك نێوان میدیای ئازاد و دەسەڵاتە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی پەرلەمان بـــەردەوام وەك نوێنەری گـــەل هەوڵدەدات رێگە نەدات حکومەت دەســـەڵاتی لە ئەرکە دیاریکراوەکانی خۆی زیاتر بێت و، دەســـت لەو بوارانە وەرنەدات کە یاسا رێگەی پێنەداوە،بۆیە بـــەردەوام حکومەت حەزدەکات بەهێز بێت وکەمتر پەرلەمان توانای لێپرســـینەوەی هەبێت،،بۆیە ئەگەر پەرلەمان بەهێز بێت و حکومەت بەهێـــز بێت ( بێگومـــان بەهێزی لە چوارچێـــوەی ئەو ئەرکانەی بۆیان دیاریکراوە) دەبینن رۆڵی ســـەروەری یاســـا (کە لەو یارییەدا ناوبژیوانەکەیە) زۆر بە گرنگ وگـــەورە دەردەکەوێت،دەبینین ئەو کورســـیانەی لە ناو یاریگاکە بۆ هاندەران دانراون هەمووی پڕبوون وهەندێکیش بە پێوە وەســـتاون، دەبینین هانـــدەران ئەو پارەیەی بۆ بینینـــی ئەو یاریە داویانە بـــە زەرەری نازانن،کەواتە ئەم نموونەیە پێمان دەڵێت، دەبێت دەسەڵاتی دادوەریش بەهێز بێت بۆئەوەی بتوانێت هاوســـەنگی نێوان دوو بەهێز رابگرێت،چونکە دەسەڵاتی دادوەری بە ئاشکرا یاســـا جێبەجێ دەکات،واتە دەبێت یاساکان بۆ هاوڵاتیان ئاشـــکرا بن، بۆ ئەوەی هاوڵاتیان لە یاساکان تێبگەن، دروست وەك ئەوەی کەســـێك قەرز دەدات بەکەسێکی دیکە، لەم حاڵەتەدا دەبێت ئەوەی قەرزەکە دەدات و ئەوەشی قەرزەکە وەردەگرێت، مافی خۆی لە یاســـاکەدا بزانێت، ئەگەر نەیزانێت نە ئەو متمانەیە دەبێت قەرز بدرێت نە ئەو متمانەیەش دەبێت قەرزەکە وەربگیرێتەوە.بۆیە گرنگە کاتێـــك دەنگدەر کە متمانە دەدات بە دەســـەڵات، دەبێت حەکەمێك هەبێـــت لە نێوان دەنگدەر و دەســـەڵاتدا، بۆچی ؟ لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی گرێبەســـتێك کە یاســـا رێکیخستووە ئەو گۆڕینەوەیە بکرێت واتە (دەنگ بەرامبەر حکومڕانی باش )، ئەم گرێبەســـتە ماوەکەی دیاریکراوە، دەبێت بە پێی یاســـا لە کاتی دیاریکراو ئەو قەرزە بدرێتـــەوە، ئینجا حکومەتەکە باش بوبێت یان خراپ، ئەمە لەبەر ئەوەیە گرێبەستەکە ماوەی تیادیاریکراوە،دوای وەرگرتنەوەی قەرزەکە،لایەنی دەســـەڵاتدار بۆی هەیە داوای ئەوە لە هاووڵاتیان بکاتەوە ئەمجـــارەش متمانەی پێبکەنەوە قـــەرزی بدەنێ، ئەگەر هاوڵاتی لەبەرامبەر گرێبەستی پێشوو قەناعەتی بەوە هێنابێت،کە لەماوەی گرێبەستی پێشوو، بێجگە لە گەڕانەوەی قەرزەکە لەکاتی خۆی، لـــەو ماوەیەی ئەو متمانەیەی پێدراوە خراپ دەســـەڵاتی بەکارنەهێناوە، ئەوە ئاســـاییە گرێبەستی لەگەڵ نوێبکاتەوە، بەڵام ئەگەر قەناعەتیشـــی هەبێت کە دەسەڵاتی پێشـــوو راستگۆ بووە بۆ بەڵێنەکەی، بـــەڵام ئەمجارە ئەگەر قەرزەکەی بدات بەیەکێکی دیکە ئاکامێکی باشـــتری دەبێت، ئەوە دیسان مافی خۆیەتی ئەو گرێبەستە لەگەڵ دەسەڵاتی پێشوو نوێ نەکاتەوە، بەڵام ئەوەی لەم پرۆســـەیە گرنگە، ئەوەیە کێ زامنی ئەو مافە دەکات، بێگومان دەســـەڵاتی دادوەری، دادگای باڵا . کە هەردوولا پێشتر رازیبوون لـــە نێوانیاندا حەکەم بێت، دەســـەڵاتی دادوەری بێجگە لە یاســـا، گرێبەســـتی لەگەڵ کەس نییە، بۆیە ئەو دەسەڵاتە زیندووە و هەتا ئەو حاکمە دەسەڵاتدارە، هەتا یاسای پاراستبێت،ئەو کاتە دەسەڵاتی نامێنێت،کە نەتوانێت پیادەی ســـەروەریی یاســـا بە سەرکەوتوویی بپارێزێت، ئەوجا چ بە هۆی توانای جەســـتەییەوە بێت و تەمەنی رێگەی پێنـــەدات، یان خۆی داوای بکات، یـــان لەپێناو هەندێ لە ئارەزووە شەخســـییەکانی خۆی یاسا پێشـــێل بکات،کەواتە ئەوە ســـەربەخۆیی دەســـەڵاتی دادوەرییە کە کەشـــوهەوای دیموکراتی دەپارێزێت و بەردەوام بە گونجاوی دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی گەشـــەی دیموکراتی رانەوەســـتێت.بۆیە کە لەم چوارچێوەیە دێینە سەرباسی دیموکراتـــی، دەبێـــت وەك چاندنی دارگوێـــزو دارخورماکە، تەنها شـــارەزایی جووتیار و شـــەتل و خاك لەبەر چاو نەگرین، راســـتە ئەمانە گرنگن، بەڵام، ئەوەی تەحەکوم دەکات ئەو کەشـــوهەوایەیە کە پێویستە هەبێت، کەواتە بۆ بونیادی دیموکراتیش تەنها فرەحزبی وسندوقی دەنگدان بەس نین،هەر بۆنموونە ئێستا دەیان دەوڵەت زیاتر هەیە کە فرە حزبیشیان قەبوڵەو هەڵبژاردنیش دەکەن، بەڵام ناتوانین بەرهەمـــی دیموکراتیەکەیان بە باش پێناســـە بکەیـــن، بۆ ئەوەی بەرهەمـــی دیموکراتی باش بێت، دەبێت ئەو کەشـــوهەوایە هەبێت، یان دروســـتی بکەین، بۆ ئەوەی دیموکراتی بتوانێت گەشەبکات، ئەمە وایکردووە کە دێینە ســـەرجیاوازی دیموکراتیەتی سەرکەوتوو، دیموکراتیەتی سەرنەکەوتوو،بە دوو وشـــە لەیەکیان جیابکەینەوە و بڵێین ســـەرکەوتنی دیموکراتی واتە بوونی لیبرال دیموکراتی، واتە پیادەکردنی دیموکراتی لە ناو دەســـتوورێکی لیبراڵیدا،واتە چاندنی دارگوێز لە کەشوهەوای سارددا و چاندنی دارخورما لە کەشوهەوای گەرمدا.لێرە نابێت داوای ئەوە بکەین ئێســـتا بەریتانیا یان فەرەنسا چۆن دیموکراتی پیادە دەکەن و چۆن لە دیموکراتی تێدەگەن دەبێت

ئێمەش بە ئاستی ئەوەی ئێستا ئەوان هەیانە،دەبێت بەو جۆرە رەفتار بکەین، ئەم بیرکردنەوەیە نەك لەسەر ئاستی سیاسیی بەڵکو لەسەر ئاستی ئابووریش راست نییە، لەبری ئەمە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە ئەو دەوڵەتانە چۆن لەسەر ئاستی سیاسیی و ئابووری گەیشتوونەتە ئەوەی ئێستا پێیگەیشتوون وهەیانە( لەبەشێکی دیکەی ئەم راپۆرتە درێژتر باســی ئــەم لایەنەمان کردووە) بەڵام ئەمــەش بەو مانایە نییە ســەر لە هاوڵاتــی خۆمان تێکبدەین و پێیــان بڵێن ئەمریکا بە ٢٣٠ ســاڵ و بەریتانیا بە ٤٠٠ ســاڵ و فەرەنسا بە ٢٥٠ ساڵ گەیشتوونەتە ئەم رۆژە دەبێت ئێمەش ئەوەندە چاوەڕێ بکەین، نەخێر ئەمە چەواشەکردنی هاووڵاتیانە، چونکە ئەمرۆ بە سوود وەرگرتن لــە تەکنەلۆژیا و ئەزموونی گــەلان، دەکرێت رێگەی درێژ کورت بکرێتەوە، ئەزموونەکان پێمان دەڵێن ئەوەی ئەمریکا بە ٢٠٠ ســاڵ بڕیویەتی کۆریای باشــور بە ١١ ساڵ لە بواری ئابووری و بە ٣٠ ساڵ لەبواری سیاســیی بەدەستی هێناوە،ئەوەی بەریتانیا بە ٤٠٠ ســاڵ پێیی گەیشتووە ژاپۆن بە ٣٤ ساڵ پێگەیشتووە، کەواتە ئەم راپۆرتە ئامانجی ریزکردنی وشــە و بەکارهێنانی فەنتازیای وشە نییە،بەڵکو دەرگایەك والا دەکات بۆ ئەوەی ببێتە دەســتپێکێك کە چۆن رێگەی دوور نزیك بکەینەوە.

## دیموکراتی و دەستووری لیبرالی

بۆچی دەمانەوێت دیموکراتی وەك لیبرال دیموکراتی پێناسە بکەین ؟بێگومان لەبەر ئەوەی دەمانەوێت دەســتپێکی وەلامدانەوەمان ئەو چەند رستەیەی پێشــەکی ئەم راپۆرتە بێت و لەوە دەست پێبکەین بایەخی یاســا چیە؟و یاسا لە پێناوی چیدا دادەنرێت ؟ لە پێناوی چیشدا جێبەجێدەکرێت؟.

ئەو وشــانەی لە دەستپێکی راپۆرتەکە ئاماژەمان پێکرد، گوتەی بیرمەنــدی جیهانــی فردریك باســتیایە کە لە کتێبی (یاســا) ئاماژەی پێکردووە و سایتی چرای ئازادی کردوویەتی بەکوردی و بڵاویکردۆتەوە، ئەو چەند وشــەیەی بریتیە لەگەوهەری لیبرالیزم، ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئادەمیزاد بە هۆی پاراستنی تاکایەتی و ئازادی و مافی موڵکداریەتی، بیری لە دانانی یاسا کردۆتەوە،باستیا ئەو ســیانەی وەك دیاری پەروەردگار بۆ مرۆڤ پێناسە کردووە و وای داناوە کە پێش ئەوەی یاسا هەبێت، ئەو مافانە هەبوون و مرۆڤ لە پێناوی ئەو مافانەو بۆ پاراستنی ئەو مافانە یاسای داناوە، کەواتە لیبرالیزم بێجگە لە چەپکێك ماف،کە هەموو یاســاکانی لە پێناودا دانراوە و تەنازول لەهەموو ســەروەریەك کراوە لە پێناوی سەروەری یاسا، شــتێکی دیکە یان ئایدۆلۆژیایەك نییە، هەتا بەوە ئاماژەی بۆ بکرێت بەرهەمێکی رۆژئاوایە و بۆ کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی یان ئیسلامی نابێت.

ئــەو چەپکە مافەی کە پێیدەگوترێت لیبرالیزم، لە رۆمانەکانەوە ســەرچاوە دەگرێت، بەڵام رۆمانەکان وەك دیــاری پەروەردگار بۆ مرۆڤ ســەیریان نەکردووە، بۆیە کاتێك یاســا بۆ ئەم مافانە دانرا دەســەڵاتی یاسادانان لە پیاوانی ئایینی ســەنرایەوە، بەڵام دوای رێنیسانس و شۆڕشی فەرەنسا و راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا ئەم مافانە وەك دیاری پــەروەردگار بۆ مرۆڤ کراون بە بناخەی دەســتووری لیبراڵی، کەواتە لیبراڵیزم بە روویەکدا نە رۆژهەڵاتیە نــە رۆژئاوایی بــە روویەکی دیکەشــیدا هەردووکیانە . هەربۆیە کە لە رۆژئاواوە ســەیری لیبرالیزم دەکەین، دەبینین ناسنامەکەی رەگێکی رۆژهەڵاتیە و دەگەڕێتەوە بۆ رۆژهەڵات و ســەرچاوەی لیبرال دیموکراتیش پێکەوە دیســان هەر دەگەڕێتەوە بۆ رۆژهەڵات( بەڵام وەك لیبرال دیموکراتی پێکەوە نا، بەڵکو بەو شــێوەیەی رەگی دیموکراتــی یۆنانە و رەگــی لیبرالیزمیــش رۆمانەکانە)،کە لە رۆژهەڵاتیشــەوە سەیری دەکەین، دەبینین پێکەوە لیبرال دیموکراتی پراکتیزەیەکی رۆژئاوایی هەیە ( بەڵام دیسان رۆژئاواش لەسەرەتاوە پێکەوە لیبرالیزم ودیموکراتی پێڕەونەکردووە و بەڵکو لیبرالیزم چەند سەدەیەك پێش دیموکراتی پێڕەوکراوە، پاشان ئۆتۆکراتی گۆڕاوە بۆ نیمچە دیموکراتی و ئینجا بۆ لیبرال دیموکراتی) .هەربۆیە کاتێك دیکۆمێنتی راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا دەخوێنینەوە،دەبینین تۆماس جیفرســۆن پرانســیپی ئەم دیکۆمێنتەی لــە بنەماکانی شۆڕشــی فەرەنسا و مونتیسکۆ و رۆســۆ و جۆن لۆك و تۆماس هۆبز وەرگرتووە، بەڵام دیســان بنەمای ئەو بیرمەندانە بەگشــتی و تۆماس هۆبز بە تایبەتی کە بە دامەزرێنەری دەوڵەتی لیڤاســان دادەنرێت، دەگەڕێنەوە ســەر بنەمای یاسای رۆمانی،ئەم دەوڵەتە بەریتانیای لەشەڕی ناوخۆ رزگارکرد، نموونەی دەوڵەتی لیڤاسانی هۆبز لەوانەیە تاڕادەیەك لە بارودۆخی کوردستانەوە نزیك بێت،بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە دەمانەوێت مۆدیلی لیڤاســان وەك باشــترین نموونە پیشــانی خۆمان بدەین، ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە چۆن لە کاتی چارەسەرکردنی کێشەکاندا، ئەقڵانیەت دەبێتە کلیلی چارەسەر و کۆتایی شەڕ ونەهامەتیەکان، مەبەستمان ئەوەیە دەستپێك ئەقلانی بێت، لەبەر ئەوەی ئەقڵانیەت هەمیشە بە ئاراستەی مێژوویی خۆی بــەردەوام دەبێت تا ئامانجەکانی دێنێتــە دی، هەڵبەت ئامانجیش ئازادیە لە چوارچێوەی ســەروەری یاســادا، لێرەوە ئەگەر سەیری بیرکردنــەوەی هۆبز بکەین بۆ چۆنیەتی دۆزینەوەی چارەســەر لە کێشــەکانی ئینگلتەڕادا، دەبینین هۆبز بەو جۆرە ســەیری ئاکامە خراپەکانی شــەڕی ناوخۆی ئینگلتەڕای کردووە، کە ئەو شــەڕە فەســادی لە سیســتەمی سیاســیی ئینگلتەڕا دروست کردووە و بنەمای ئەو سیســتەمەی شــلۆقکردووە، بۆیە پێویســت بووە بەدوای رێگە چارەیەکدا بگەڕێت کە کۆمەڵگایەکی ســەقامگیر دروســت بکاتەوە، لای هۆبز کۆمەڵگەی سەقامگیر بە هەڵبژاردن دروســت نابێت، بەڵکو بە گەڕانەوە بۆ ســەروەری یاسا دێتە دی، هەربۆیە دەیگوت : ( ئێمە پێویســتیمان بەســەرروەری یاسا هەیە، بۆئەوەی ئاسایش جێگەی ترس بگرێتەوە،سیستەم جێگەی پشێوی بگرێتەوە،ســەقامگیری جێگەی ئــاژاوە بگرێتەوە) هەڵبەت هیچ یاســایەك بەبێ دەســەڵاتێکی بەهێز جێبەجێ ناکرێت، بۆیە هۆبز دەســەڵاتی لیڤاســان ( ئەژدیها )دەدات بەو دەسەڵاتەی سەروەری یاســا پیادەدەکات، بۆ ئەوەی ئەو فەســادە بنبربکات کە بناخەی سیستەمی سیاســیی شــلۆقکردووە، هیگڵ گەورە فەیلەسوفی ئەڵمانی ومرۆڤایەتی، بەمجۆرە ئەم کارەی هۆبز هەڵدەســەنگێنێت و دەڵێت : ( هۆبز فەیلەســوفێکە بە رەسانەیەتی بیروبۆچوونەکانی دەناسرێتەوە، ئەو هاوسەردەمی کرمۆیل بووە، لە ناو ئەو رووداوانەدا ژیــاوە کە لــەو کاتەدا لە ئینگلتــەڕا روویانداوە، ئــەو رووداوانە وایلێکردووە بیر لەو پرانســیپانە بکاتەوە کە دەوڵەت ویاسای لەسەر بونیاددەنرێت،لەم ئاراستەیەش سەرکەوتوو بووەو توانیویەتی بە

●●●

**مێژووی مرۆڤایەتی پێمان دەڵێت دەبێت یاساکان بۆ پاراستنی ئازادییەکان و سنووردارکردنی دەسەڵات و پاراستنی مافی موڵکایەتی تاک بێت ( بێگومان موڵکایەتی فکریش دەگرێتەوە دەبێت مافی موڵکایەتی فکری تاکیش بپارێزرێت) و لە ناو ئیرادەی تاکەکان و بۆ پاراستنی ئیرادەو مافی تاکەکان داڕێژرابێت و لە پێناوی ئەویشدا جێبەجێبکرێت**

●●●

**دەبێت دەسەڵاتی دادوەریش بەهێز بێت بۆئەوەی بتوانێت هاوسەنگی نێوان دوو بەهێز رابگرێت، چونکە دەسەڵاتی دادوەری بە ئاشکرا یاسا جێبەجێ دەکات، واتە دەبێت یاساکان بۆ هاوڵاتیان ئاشکرا بن، بۆ ئەوەی هاوڵاتیان لە یاساکان تێبگەن**

**دەسەڵاتی دادوەری بێجگە لە یاسا، گرێبەستی لەگەڵ کەس نییە، بۆیە ئەو دەسەڵاتە زیندووە و هەتا ئەو حاکمە دەسەڵاتدارە، هەتا یاسای پاراستبێت، ئەو کاتە دەسەڵاتی نامێنێت، کە نەتوانێت پیادەی سەروەریی یاسا بە سەرکەوتوویی بپارێزێت، ئەوجا چ بە هۆی توانای جەستەییەوە بێت و تەمەنی رێگەی پێنەدات، یان خۆی داوای بکات، یان لە پێناو هەندێ لە ئارەزووە شەخسییەکانی خۆی یاسا پێشێل بکات، کەواتە ئەوە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییە کە کەشوهەوای دیموکراتی دەپارێزێت و بەردەوام بە گونجاوی دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی گەشەی دیموکراتی رانەوەستێت**

تەواوەتـــی بگاتە مەزندە رەســـەنەکان) زۆر کـــەس بەپیادەکردنی دەســـەڵاتی لیڤاسان بۆ چەسپاندنی یاسا و ســـڕینەوەی ئاسەوارە خراپەکانی شـــەڕی ناوخـــۆی ئینگلتەرا، هۆبزیان بـــەوە تاوانبار کردووە، کە بیروبۆچوونەکانی بۆ خزمەتی شارلی پادشا بووە، بەڵام هۆبز پێش ئەوەی شـــارل بگەڕێتەوە بۆ بەریتانیـــا، گەڕاوەتەوە و لە ناو دەســـەڵاتی شۆڕشـــگێری کرمۆیل و رووداو و ئاژاوەکانی ئەو ســـەردەمە دروســـتکردنی دەوڵەتی قانونی بە پێویست زانیوە، بـــۆ گەڕانەوەی ئـــازادی بۆ تاك و ســـەقامگیری بۆ کۆمەڵگە، کەواتە لێـــرەوە ئەم هەنـــگاوە ئەقڵانیەی هۆبز دەبەســـتینەوە بەو ئامانجـــەی بەرەی کوردســـتانی کە پێـــش رزگارکردنی هەولێرلە ١٩٩١ بۆ واقیعی دوای راپەرینی خەڵکی کوردســـتان پێشنیاری کردووە، کە بریتیە لە گەڕانەوەی دەســـەڵات بۆ گەل و بونیادنانی دەوڵەتی قانون،ئێمە لە بونیادنانی دەوڵەتی قانون ســـەرنەکەوتووین، کەواتـــە لە خوێندنەوەمان بۆ هۆبز داوای ئەوە ناکەین دەســـەڵاتی رەهـــا بگەڕێتەوە بۆ تاکەکەس،بەڵکو ئێمە دەســـەڵاتمان تا رادەیەك ئەگەر بکرێ بڵێین گەڕاندووەتەوە بۆ گەل، بەڵام دەســـەڵاتەکەمان نەداوەتەوە دەستی قانوون بۆ ئەوەی هاوسەنگی کۆمەڵگە بپارێزێت، کەواتـــە ئەگەر بیرمەندان رەخنەی ئەوە لە هۆبز بگرن دەســـەڵاتی رەهای بە پادشـــا داوە بۆ ئەوەی ســـەقامگیری بگەڕێتەوە، ئەوا لەم نموونەی ئێمەشـــدا، هەر دەمانەوێت دەسەڵاتی رەها بدرێتەوە بە پادشـــا، بەڵام پادشـــا وەك تاکەکەس نا، بەڵکو وەك دەسەڵاتێك کە سیفەتە مەعنەویەکەی پادشـــا بێت، ئەویش پادشایەتی سەروەری یاســـایە، ئەمەیە کە پێشـــتر ئاماژەمان پێکرد چۆن رێگەی دوور نزیکدەکەینەوە، ســـەبارەت بە بایەخی کتێبی لیڤاســـان بۆ ئینگلیز میشـــیل ئۆکشوت دەڵێت : (کتێبی لیڤاســـان ئەگەر تەنها توحفە نەبێت، ئەوا گەورەترین توحفەیە کە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە، مێژووی شارستانیەتەکەمان تەنها چەند توحفەیەکی دەگمەنی وەك لیڤاســـانی پێشـــکەش کردووین، بۆیە دەبێت بە بەرزترین پێوانە و هەڵســـەنگاندن مامەڵە لەگەڵ ئەم کتێبە بکەین )،، هنتکتنیش، تۆماس هۆبزی بە راوکەری لیڤاســـان پێناسە کردووە،ئەمەش واتە ئـــەوە تۆماس هۆبز بوو لیڤاســـانی راوکرد و ئاژاوەی کۆمەڵگەی ئینگلتەرای بەسەقامگیری گۆڕی، ئێمەش ئەگەر بمانەوێت هەمان ئامانج بەدەســـت بهێنین، ئەوا دەبێت هەمووومان دەسەڵاتی خۆمان بدەین بەیاســـا بۆ ئەوەی ئەو لیڤاسانە بێت .بتوانێت ترس بگۆڕێت بە ئاسایش، پشێوی بنەمای لەرزۆك وشلۆقی سیستەمی سیاسیی بگـــۆڕێ بە سیســـتەمێکی رەگداکوتراو، ئـــەم بۆچوونەی هۆبزە کە فەرید زەکەریا لە پێشـــەکی کتێبـــی ئایندەی ئازادی ئاماژەی پێـــدەکات و دەڵێت : لیبرالی بە چەند ســـەدەیەك پێش دیموکراتی هاتۆتە رۆژئاوا، بەڵام لێرەدا ئێمەش دەتوانین بڵێین ئێمەش ئێســـتا دەتوانیـــن پێکەوە بیهێنینە کوردســـتان و پیادەشـــی بکەین،کەواتە لیبرالی بووە پێشەنگ بۆ ســـەرکەوتنی دیموکراتی لە رۆژئاوادا، ئـــەو وەرچەرخانە گەورەیـــە بوو کە فەرید زەکەریـــای گەیاندۆتە ئەو قەناعەتـــەی بڵێت، لـــە لیبرالیزمەوە هەنـــگاو هەڵدەگیرێت بۆ دیموکراســـی بەڵام لە دیموکراســـیەوە هەنگاو هەڵناگیرێت بۆ لیبرالیزم، کەواتە بنەمای سەرکەوتنی دیموکراسی دەوڵەتی قانوونە، تەنها لە ناو دەوڵەتی قانووندا دیموکراسی گەشە دەکات وبەرهەمی باش بەرهەمدەهێنێت، راســـتە لیبرالیزمی رۆژئاوایی بەری رەنجی خەبات و ململانێی نێوان دەوڵەت و کەنیسە و جیاکردنەوەی دەوڵەت وکەنیسەیە، بەرەنجامی خەباتی نێوان لۆرد و پادشاکانە،بەرەنجامی ململانێی نێوان پرۆستانت وکاسۆلیکە، بەرەنجامی ململانێی نێوان بازرگانـــەکان و دەوڵەتە،بەرەنجامی هەمـــوو ئەم ململانێیانەبوو کە توانی گوشـــار دروست بکات ویاسای پاراستنی مافەکانی تاك و ئـــازادی و موڵکداریەتی تایبەت لـــە ئەمریکا و بەریتانیا لە دایك بـــن، بۆیە ئێمە لە کاتێکدا کە هیچ گرفتێکمان لەســـەر ئەو خاڵە نییە کە دەسەڵاتی شـــەرعی بۆ گەلە و گەل خاوەنی سەرچاوەی دەســـەڵاتە، دەتوانین رێگەی درێژی ئەو ململانێیانە بە ئاشـــتی کورتبکەینـــەوە، دەبێت هەموو بگەینە ئـــەو قەناعەتەی ئازادی و ماف تەنها لە دەوڵەتی قانوون و لە ژێر ســـێبەری سەروەری یاسادا رەونەقی هەیە و تیشـــکدەداتەوە، هەروەك چۆن، ئەگەر رۆژ نەبێت، مانگ چۆن دەتوانێت بەشەو شەوقبداتەوە، ئەو شەوقەی بەشەو لە مانگ دەیبینین، ئەوە شەوقی مانگ نییە، بەڵکو ئەوە مانگە لە ناو پڕشنگی خۆردا بەشەویش شەوقدەداتەوە، رۆژ چەند گرنگە بۆ شـــەوقدانەوەی مانگ لەشەودا،سەروەری یاساش بۆ شەوقدانەوەی ماف وئازادی هێندە گرنگە لە کۆمەڵگەدا، هەربۆیەکاتێك باســـی ئەوە دەکەین ئـــازادی لە یۆنان هەبووە، دەبینین پاراســـتنی ماف وئازادیەکان بوونی نەبووە، لەبەر ئەوەی ســـەروەری یاسای لەگەڵ نەبـــووە، بینجامین کۆنســـتانت پێیوایە ئەو ئازادیـــەی لە یۆنان ئامـــاژەی پێدەکرێت و دەڵێن یۆنانیـــەکان ئازاد بوون، جیاوازبووە لە لیبریتـــی یان ئەو مافـــە لیبراڵانەی لە رۆمـــان هەبوون، ئازادی لـــە یۆنان بەو مانایە بەکارهاتووە کـــە یۆنانیەکان لەلایەن هێزێکی دەرەکیـــەوە نەکراون بە کۆیلە، فەریـــد زەکەریا دەڵێت ئەو ئازادیەی لە یۆنان هەبووە وەك ئازادی ئێســـتای گەلی کۆریای باکوور وایە، راستە گەلی کۆریای باکوور ئازادن بەو مانایەی کە لە ژێردەستی داگیـــرکاری بیانیدا نین، بەڵام وەك تـــاك ئازادنین و هیچ یەکێك لەو ئازادیانەیان نییە کە لەدەســـتووری لیبرالی ئاماژەی پێکراوە،بە واتایەکی دیکە هاووڵاتیانی یۆنان مافی بەشداریکردنی سیاسیی هەبووە، بەڵام یاسایەك نەبووە مافە مەدەنیەکان بپارێزێت، یاسایەك نەبووە مافـــی بیرکردنەوە وئازادی رادەربڕینیـــان بپارێزێت، ئەوەتا مێژوو پێمان دەڵێت لەســـەر ئازادی رادەربڕین، سۆکرات بە شێوازی دەنگدان و دیموکراتی لە ســـێدارە دراوە. لەم حاڵەتەدا کێ دەتوانێت بڵێت لە ســـێدارەدانی سۆکرات یاسایی نەبووە ؟ ئەی کێ دەتوانێت بڵێت دیموکراتی نەبووە؟کەواتە راستە تیشکی رۆژ لە مانگ بدات یان لە مانگ نەدات مانگ لەسەر خولگەی خۆی دەسووڕێتەوە، بەڵام ئەگەر تیشـــکی رۆژ نەبێت کێ هەستدەکات ئەستێرەیەك لە ئاســـمان هەیە و ناوی مانگە،کە مانـــگ نەبینرێت چۆن دەکرێتە هۆکارێـــك بۆ رێکخســـتنی ژیان، ئەوە بەرهەمی تیشـــکی رۆژە وایکـــردووە زیاتر لە یـــەك ملیار کەس بە بینینـــی مانگ، رۆژ ومانـــگ و جەژن وخۆشـــیەکانیان بڕیاربدەن، هەتا ســـەردەمانێك قەدەریشـــیان بە بینینی مانگ ومانگگیرانەوە گرێدەدایەوە، زیاتر لەیەك ملیار کـــەس بەبینینی مانگ بڕیار دەدەن ئەمڕۆ جەژنە و جلـــی جوان لەبەر دەکەن و گەردن ئـــازادی لەیەکدیدەکەن، کەواتە دەبێت ئێمەش لەژێر ســـێبەری سەروەری یاسادا مافەکانمان شەوق

باتەوە و بیبینین و هەســـتی پێبکەین، کاتێـــك ئەم مافانەمان لێ دەگیرێت دەبێت وەك گیرانی مانگ دەهۆڵی عەدالەتی بۆ لێبدەین ( مەبەســـت لە دەهۆڵی عەدالەت، ئەو دەهۆڵەیە کە ئێستا لەبەردەم شوێنی ئیمپراتۆریەتی کۆریا ماوەو وەك هێما بۆ عەدالەت شانازی پێوەدەکەن.)

## لیبرالیزم سیستەمێکی سادە بۆ جیهانێکی ئاڵۆز

لیبرالیزم ئەو وشـــەیەیە کە بەشێکی زۆر فراوانی لە فەلسەفەی سیاسیی داگیرکردووە،بەڵام دامەزراوەکانی سیستەمێکی سادەن بۆ بەڕێوەبردنـــی کۆمەڵگایەکی ئاڵۆز یان جیهانێکی ئاڵۆز . هەندێك دەڵێن دامەزراوەکانی سیستەمی لیبڕالی راکێشانێکی سیحری هەیە بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە، هاندەرێکە بۆ کارکردن و داهێنان، هەر بۆیە ئەم سیستەمە سادەیە یان ئەم بەشە فراوانەی ناو فەلسەفەی سیاســـیی، ئەرکێکی زۆر گەورە لـــە کۆمەڵگەدا جێبەجی دەکات و ئازادی تاك و یەکســـانی لەبەردەم یاســـا بە گرنگترین ئامانجە سیاســـیەکان لە قەڵەمدەدات، ئەو کۆمەڵە دامەزراوەیەی لیبرالیزم دەبێتە هۆی سنووردارکردنی توانای حکومەت و خولڤاندنی یاسا و پشتگیریکردن و چەسپاندنی یاسا، بۆئەوەی لەپەیوەندی لیبڕالیزمیش بەم دامەزراوانە تێبگەین،ئەوە پێویســـتیمان بە لێکجیاکردنەوەیەکی ســـادە هەیە، ئەم لێکجیاکردنەوە ســـادەیەش پرســـیارێکی ســـادە دەوروژێنێت،ئایا دەمانەوێت حکومەت لەسیستەمی لیبرالیدا چۆن بێت ؟ ئایـــا دەمانەوێت دژی حکومەت بین یـــان بۆ بەرژەوەندی خـــودی حکومەت، حکومەت چەند کارێکی دیاریکراوی هەبێت و ئەو کارە دیاریکراوانەش بە چالاکی و کاریگەرانە جێبەجی بکات؟ زۆر جـــار ئەم دوو حاڵەتـــە ( دژی حکومەت لەگەڵ دیاریکردنی کاری حکومـــەت ) تیکەڵاو دەکرێت، لە کاتێکـــدا ئەم دووحاڵەتە زۆر لێکجیاوازن بۆ نموونە :تاوانکار و تیرۆریســـتان کە ئامانجیان کاولکردن و تێکدانی ژیان و نەهێشـــتنی ئازادییە، دژی حکومەتن و دەیانەوێـــت حکومەت لاوازبێت، بەڵام لیبراڵـــەکان یان ئەوانەی دەیانەوێت بە رێگەی دامەزراوەکان دەسەڵاتی حکومەت دیاریکراو بێت، هەوڵنادەن حکومەت لاواز بێت یان حکومەت بڕووخێنن، بەڵکو دەیانەوێـــت حکومەت کۆمەڵێك ئەرکـــی دیاریکراوی هەبێت و ئەو ئەرکانەش چالاکانـــە و کاریگەرانـــە راپەڕێنێت،کەواتە ئامانج لە دیاریکردنی دەسەڵاتی حکومەت لاوازکردن نییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ بونیادنانی حکومەتێك چالاك ویاسایی وشەڕعی بێت و ئەرکەکانی دیاریکراوبن، ئەوەی پێویستە لە حکومەتدا هەبێت،ئەوەیە حکومەتی قانوون بێت وکێشـــەکانی کۆمەڵگە بە قانوون چارەسەر بکات نەك بەهێز یان توندو تیژی.

لایەنێکی دیکەی گرنگ لە بونیادی دامەزراوەکانی سیســـتەمی لیبرالـــی ئەوەیە، ئـــەم دامەزراوانە ئەگەر بە شـــێوەیەکی گونجاو بونیادبنرێن و بە توانای خۆیان کاربکەن و ســـوود لە تەکنەلۆژیای سەردەم وەربگرن،ئەوا دەتوانێت گەشەکردنی ئابووری زۆر بەخێرایی بەرەو پێشـــەوە بچێت، پرۆفیسۆر تۆم جی پالمەر لە باسێکدا کە بە ناونیشانی (رۆڵی دامەزراوەکان و یاسا لە پەرەپێدانی ئابووریدا ) لە ئامۆژگای کاتۆ بڵاویکردۆتەوە، ئاماژە بە گوتەیەکی یۆها




●●●

**ئێستا دەیان دەوڵەت زیاتر هەیە کە فرە حزبیشیان قەبوڵەو هەڵبژاردنیش دەکەن، بەڵام ناتوانین بەرهەمی دیموکراتیەکەیان بە باش پێناسە بکەین**

●●●

●●●

**بەو مانایە نییە سەر لە هاوڵاتی خۆمان تێکبدەین و پێیان بڵێن ئەمریکا بە ٢٣٠ ساڵ و بەریتانیا بە ٤٠٠ ساڵ و فەرەنسا بە ٢٥٠ ساڵ گەیشتوونەتە ئەم رۆژە دەبێت ئێمەش ئەوەندە چاوەڕێ بکەین، نەخێر ئەمە چەواشەکردنی هاووڵاتیانە، چونکە ئەمرۆ بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیا و ئەزموونی گەلان، دەکرێت رێگەی درێژ کورت بکرێتەوە، ئەزموونەکان پێمان دەڵێن ئەوەی ئەمریکا بە ٢٠٠ ساڵ بڕیوەتی کۆریای باشور بە ١١ ساڵ لە بواری ئابووری و بە ٣٠ ساڵ لەبواری سیاسیی بەدەستی هێناوە،ئەوەی بەریتانیا بە ٤٠٠ ساڵ پێیی گەیشتووە ژاپۆن بە ٣٤ ساڵ پێگەیشتووە**

●●●

نۆربێرگ دەكات كە سەبارەت بە پێشكەوتنی ئابووری لە دەوڵەتی تازە پێگەیشـــتوو كردوویەتی و دەڵێت: (مێژوو ئاماژە بەوە دەكات، دەتوانرێت بە پشت بەستن بەگەشەسەندن وتەكنەلۆژیای دەوڵەتانی دیكە، گەشە سەندنێكی خێرا لە ئابووری بەدیبهێنرێت،هەربۆنموونە ئەو گەشـــە ئابووریەی لە بەریتانیا پێویستی بە ٥٨ ساڵ بووە(لە ١٧٨٠-١٨٣٨)هەتـــا داهاتی تاكەكەس چەند جار بەرانبەر بكرێت، ئەوا دوای ١٠٠ ســـاڵ ئەو گەشـــە ئابووریە لە ژاپۆن پێویستی بە تەنها ٣٤ ســـاڵ هەبووە، لە كۆریای باشور تەنها پێویستی بە ١١ ساڵ هەبووە ) پاڵمەر سەبارەت بەم ئاستی گەشەسەندنە و چۆنیەتی ســـود لێوەرگرتنی لەلایەن دەوڵەتانی تازەپێگەیشـــتووەوە دەڵێت: ( ئەگەر كەســـێك بیرلەوە بكاتەوە كە بـــەراورد لە نێوان وڵاتێكی پێشـــكەوتوو و وڵاتێكی تازە پێگەیشـــتوو بكاتەوە و ئامانجی ئەوە بێت ئەو دەوڵەتە تازە پێگەیشـــتووەش بگاتە ئاســـتی ئەو دەوڵەتە پێشكەوتووە، دەبێت لەبری ئەوەی بیر لەوە بكاتەوە ئەو دەوڵەتە تازە پێگەیشـــتووە ئەمڕۆ چی هەیە، باشـــترە بیر لەو ماوەیەوە بكاتەوە كە ئەو دەوڵەتـــە دواكەوتووەی دوێنێ پێیگەیشـــتۆتە ئەو دەوڵەتە پێشـــكەوتووەی ئەمرۆ ) پاڵمەر لەمەدا مەبەستی ئەوەیە دەبێت بیر لە كورتكردنەوەی ئەو ماوەیە بكرێتەوە، هەروەها لەو میكانیزمەی كـــە ئەو دەوڵەتـــە دواكەوتـــووەی دوێنێنەی كردووە بـــەو دەوڵەتە پێشـــكەوتووەی ئەمڕۆ .هەربۆ نموونە ئەگەر لەم بەراوردكارییەی بمانەوێت سوود لە ئەزموونی هەر دەوڵەتێكی پێشكەوتوو وەربگرین، ئەوجا ئەو دەوڵەتە ٧ دەوڵەتە پیشەســـازیە گەورەكەی جیهانبن،یان كۆســـتاریكا بێت لە ئەمریكای لاتینی،یان كۆریای باشوور وتایوان بێت لە رۆژهەڵاتی ئاســـیا، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، بنەمای ئەم پێشـــكەوتنە دەســـتووری لیبرالی و ئەو دامەزراوانەیە كە بۆ ئەو پێشكەوتنە بونیادنراون، ئەوسەروەریی یاسایەیە كە هەموو هاوڵاتیان لەبەردەمیدا یەكســـان بوون، ئەو یاسایەیە كە مافی موڵكداریەتی تایبەت و یاســـای وەبەرهێنان وســـەرمایەی بە یاسا رێكخستووەو بە یاســـا پاراســـتوویەتی، ئایا كەس دەتوانێت نموونەیەكی دیكەی پێشكەوتنمان پێبڵێت لەدەرەوەی ئەو دەستوورە مەدەنیە و لەدەرەوەی ئەو دامەزراوانە بن كە ئەو سیستەمەی هەڵسووڕاندووە؟ ئایا كەس دەتوانێـــت وەڵامێكی زیاتری لە لیبرالیزم پێبێت بۆ پێشـــكەوتنی ئەڵمانیا و دواكەوتنـــی زیمبابۆی ؟ كەس وەڵامێكی زیاتری پێیە بۆ بەراوردكردنی كۆریای باشـــوور و كۆریای باكوور ؟ ئایا كە بە وێنەی مانگی دەستكرد شـــەوانە سەیری كۆریای باشوور دەكەین رووناكـــە و كۆریای باكوور تاریكـــە، هیچ لێكدانەوەیەكی دیكەی زیاتر هەیە جگە لەوەی لە كۆریای باشـــوور یاسایەك هەیە مافی تاك و مافی موڵكداریەتی تایبەت دەپارێزێت و لە كۆریای باكوور ئەو یاســـا نییە، لە كۆریای باشوور دامەزراوەكان هاندەرن بۆئەوەی ئیرادەی هاوڵاتیانی كۆریای باشـــوور رووناكی بەرهەمبهێنێت و لە كۆریای باكوور ئەو دامەزراوانە نین هەتا هاندەر بێت بۆ هاوڵاتیانی كۆریای باكوور ؟ هەر بۆ زیاتر هەڵوەستە كردن لەسەر كاریگەریی دامەزارەوەكانی سیســـتەمی لیبرالیزم، هەتا ســـاڵی ١٩٥٣ گەلی كۆریا یەك گـــەل بووە و باكوور وباشـــووری نەبووە،ئەوەی گەلی باكوور وباشـــووری كۆریا لێكجیادەكاتەوە ئەو پەرژینە سیمەیە كە لەسەر هێڵی ٣٨ ی خەیاڵی دروستكراوە، بەڵام ئەم سیمە كۆریای كردۆتە دوو جیهانی دوو سیســـتەمیی، گەلی كۆریای باشـــوور كە ئێســـتا خەریكە خۆی لە ٧ دەوڵەتە پیشەســـازییەكەی جیهان نزیكدەكاتەوە،بەشـــێكە لە گەلی كۆریای باكوور كە لەماوەی ٥٠ ســـاڵدا جیاوازیەكی ئەوتۆی لە نێواندا دروست نەبووە،بە شێوەیەك لـــە هیچ روویەكەوە لەیەكتری ناچن، وەك چۆن ئەڵمانیای رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی پێش رووخانی دیـــواری بەرلین، كە یەك گەل بوون بەڵام بە دوو شـــێوازی جیاواز، ئەمەیە جیاوازی نێوان سیستەمی لیبرالیزم و هەموو سیســـتەمەكانی دیكە، ئەمەیە ئەو سیستەمەی كە فۆكۆیاما لەدوای ساڵی ١٩٨٩و دوای رووخانی دیواری بەرلین گەیشتە قەناعەت كە جارێكی دیكە بگەڕێتەوە سەر قەناعەتەكەی ســـاڵی ١٨٠٦ی هیـــگڵ و بڵێـــت كۆتایی مێژووی ئاراســـتەی پێشـــكەوتنی ئەقڵی مرۆڤ بۆ گەیشـــتن بە حوكمڕانی باش ئەو حوكمڕانییەیە كە لە بەرەنجامی دەستوورێكی مەدەنی دادپەروەر و ئەو دامەزراوانەی بۆ جێبەجێكردنی ئەو دەستوورە بونیاد دەنرێن،دێنە دی، ئەو قۆناخەش پاراســـتنی ئازادی و یەكسانیە لەبەردەم یاسادا . پرســـیار ئەوەیە دوای گەیشتن بە ئازادی و یەكسانی چی دیكە هەیە ؟ بێگومـــان هەر ئازادییە. ئایا دوای شـــەرعیەتدانی گەل بـــە حوكمڕانی چ شـــەرعیەتێكی دیكە هەیـــە ؟، بێگومان هەر گەل ســـەرچاوەی شـــەرعیەتە، بۆیە ئەم سیستەمە دوایین ئاستی پێشـــكەوتنی ئەقڵی مرۆڤە بۆ پاراستنی ئازادییەكان بۆ پاراستنی مرۆڤ، ئەمانـــە هەموویـــان وەك دیاری پەروەردگار،ســـەیركەن فۆكۆیاما لە ساڵی ٢٠٠٢ كتێبێكی دیكەی نووسیوە بە ناونیشانی پۆست هیومان –بایۆتەكنۆلۆژی، لەم كتێبەدا كە باس لە ئایندەی بەشـــەریەت دەكات،مەترسی ئەوەی خستۆتە روو كە تەكنەلۆژیای بایۆلۆژی خەریكە دەبێتە مەترسی بۆسەر ئایندەی بەشەریەت و لە خزمەتی بەشەریەت دەچێتە دەرەوە، كە تیایدا مرۆڤ دیاری خوایە، بایۆ تەكنەلۆژی خەریكە مرۆڤ لـــە دیاری خواوە دەگۆڕێت بۆ داواكاری دایك وباوك،واتە دایك وباوك بەپێی ئەو سیفەتانەی پێیان باشـــە لە منداڵەكانیاندا هەبێت، منداڵەكانیان دروست دەكەن، نەك ئەو دیاریەی خوا بێت كە وەك كۆرپە بە دایك وباوكی دەبەخشـــێت، فۆكۆیامـــا جەخت لەوە دەكاتەوە نابێت تەكنە لۆژیا هاودژی دیكە دروست بكات و دیاریەكانی پەروەردگار بۆ مرۆڤ پێشلبكات،ئەو لەم حاڵەتەدا كە زەنگی ئەم مەترسیە بە گوێی مرۆڤایەتیدا دەدات، لـــە ئەقڵی مرۆڤ نائومێد نەبووە و گەشـــبینە بەوەی كە مرۆڤ چۆن پێشتر بەسەر تەنگو چەڵەمەو كێشەكانی دیكەشدا زاڵ بووە، بەسەر ئەم لایەنە سلبیەی بایۆ تەكنەلۆژیش زاڵدەبێت .

●●●

**لیبرالیزم، لە رۆمانەكانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام رۆمانەكان وەک دیاری پەروەردگار بۆ مرۆڤ سەیریان نەکردووە، بۆیە کاتێک یاسا بۆ ئەم مافانە دانرا دەسەڵاتی یاسادانان لە پیاوانی ئایینی سەنرایەوە، بەڵام دوای رێنیسانس و شۆڕشی فەرەنسا و راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا ئەم مافانە وەک دیاری پەروەردگار بۆ مرۆڤ کراون بە بناخەی دەستووری لیبراڵی، کەواتە لیبراڵیزم بە رووبەکدا نە رۆژهەڵاتیە نە رۆژئاوایی بە رووبەکی دیکەشیدا هەردووکیانە**

●●●

●●●

**نموونەی دەوڵەتی لیڤاسانی هۆبز لەوانەیە تارادەیەک لە بارودۆخی کوردستانەوە نزیک بێت،بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە دەمانەوێت مۆدیلی لیڤاسان وەک باشترین نموونە پیشانی خۆمان بدەین**

●●●

## لیبڕال دیموكراتی
## لەنێوان كۆتایی مێژوو و پێكدادانی شارستانیەكاندا
-١-

### كۆتایی مێژوو

بۆچی رووخانـــی دیواری بەرلین و لەپڕ هەڵوەشـــانەوەی یەكێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٨٩ قەناعەتی فرانسیس فۆكۆیامای بیرمەندی ئەمریكی گێڕایەوە بۆسەر ئەو قەناعەتەی لە ساڵی ١٨٠٦ هیگڵی گەورە فەیلەســـوفی مرۆڤایەتی پێیگەیشتبوو؟ بۆچی صامۆئیل هنتگتـــن بەپێچەوانەی ئەم ئاراســـتەیە بیری كـــردەوە لە كاتێكدا هنتگتنیـــش ئەو قەناعەتەی هەبووە، كـــە نزیكەی هەموو جیهان گەیشتۆتە قەناعەت لیبرال دیموكراتی سەركەوتنی بەدیهێنا،؟ لەم راپۆرتەدا وەڵامی كۆتایی مێژوو لە كتێبەكەی فۆكۆیاما ( كۆتایی

مێژوو – دوایین پیاو) وەرناگرین،بەڵکو وەڵامێك بەکاردەهێنین کە فۆکۆیاما دوای زیاتر لە ٣ ساڵ تێپەربوون بەسەر کارەساتی ١١ی سـێپتەمبەر و زیاتر لە ١٥ ساڵ بەسەر وتارەکەی، دووبارە جەختی لەسـەر کردۆتەوە .سەبارەت بەم چەمکە فۆکۆیاما لە ٢٠٠٤/١/٨ لەبەرنامەی ( من واشـنگن)ی تەلەفزیۆنـی ئەلجەزیرە بەمجۆرە پێناسـەی کۆتایی مێژووە دەکاتەوەو دەڵێت: ( دیموکراتی لیبرالی کۆمەڵێـك دامەزراوەیە بە دووجـۆر کاردەکات، یەکەمیان لایەنی لیبرالیە کە ئاماژەیە بۆ سـنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت،ڕێگە بە تاك و هاوڵاتیان دەدات زۆرترین ڕێژەی ئازادی کەسـی خۆیان پیادەبکەن وسەبارەت بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسیی و ئابووری .دووەمیشیان کە لایەنی دیموکراتیەکەیەتی واتە لایەنی شەرعی،یان ڕووە شەرعیەکەی دەسنیشانکردنی حکومەت بۆ ئەوەی حکومڕانی بکات، راسـتە ئەم چەمکانە ئەمریکین، بەڵام چەمکی ئەوروپای ڕۆژئـاواو ژاپۆنیش بۆ بونیادی ئەمجۆرە حوکمڕانیە هەر دەکەوێتە ئەم چوار چێوەیەوە، بەڵی راسـتە شـێوازی دیکـەی حوکمڕانی دیکەش هەیە کە شـەرعیەتی سیاسـیی هەیە وەك دەسـەڵاتی پادشـایەتی دەسـتووری و شـێوازەکانی دیکەی حکومەت،بەڵام پرسـیار ئەوەیە ئایا لەگـەڵ دەرکەوتنی پێشـکەوتنی ئابووری، بەرەوپێشـەوەچوونی کۆمەڵایەتی باشـترین شێوازی نموونەیی بۆ کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکان چۆن دەبێت؟ بێگومان دیموکراتیەتی لیبرالیە، لە سەدەی بیسـتەمدا خەڵك پێی وابوو ئەلتەرناتیڤ بۆ دیموکراتیەتی لیبرالی هەیە، بینیمان شیوعیەت و سۆشیالیستی و نازیەت خۆیان وەك ئەلتەرناتیڤی دیموکراتی لیبرالی بۆ حوکمڕانی خسـتە ڕوو،بەڵام هەر لەسەدەی بیسـتەمدا بینیمان هەریەك لەم ئەلتەرناتیڤانە لە ناوخۆیاندا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك هاودژی سەخت بوونەوەو لەبەر یەکهەڵوەشانەوە، کە دواهەمینیان ئەو سیستەمە بەناو کۆمۆنیسـتییە بوو کە لە ١٩٨٩ هەڵوەشـایەوە و لەماوەیەکی زۆر کورتدا شـیوعیەت لەسـەر زەمین بوونی نەما،لە ساڵی ١٩٧٨ لە چین کۆتایی بە ئابووری سۆشیالیستی هات،ئەویش بە ریفۆرمی کشتوکاڵی و ڕێگەدان بە مافی موڵکداریەتی زەوی، کەواتە ئەوەی ئێسـتا لە چیـن ڕوودەدات کرانەوەیە لە بـواری ئابووری، ئەوەی ماوەتەوە دیموکراتیەتی سیاسیە،بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا چین دەتوانێت بەردەوامبێت لەسەر گەشەسەندنی ئابووری و نوێبوونەوەی کۆمەڵگە لەسـەر بنەمـای حوکمڕانی پارتێکی دەسـەڵاتدار؟ بێگومان وەڵامەکەی نەخێرە، لە ئێسـتاوە سەرەتای ئەوە دەرکەوتووە کە کۆمەڵگەی چین داوای دیموکراتیەتی سیاسی دەکات).

کەواتە کێشـەی چیـن گەڕانەوە نییە بۆ گردبوونـەوە لە دەوری کولتووری کۆنفۆسیۆیشـی بەڵکـو هاودژیەکانی ناو کۆمەڵگەی چینی، دەرهاویشتەی مانەوەی حوکمڕانی تاکحزبیەو هەوڵدانە بۆ کۆتایهێنان بەو سیسـتەمە سیاسیە و گۆڕینی بە سیستەمێك کە لەسـەر بنەمای ململانێ و فرەیی سیاسـیی بونیاد دەنرێت، چین لەبواری ئابووری هەنگاوی هەڵگرتووە، دەبێت لە بواری سیاسیش هەنگاو هەڵبگرێت کە ئەویش بونیادی دیموکراتیەتی لیبرالیە.

سەبارەت بەو هاودژیەشی کە لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا سەبارەت بە لیبرالی ودیموکراتی باسـی لێوە دەکرێت و هنتگتن ئاماژە بەوە دەکات کە یارمەتیەکانی تورکیا وسعودیە بۆ سەراییڤۆ لەبەر ئەوەیە کە گەلی بۆسنە موسـڵمانن، فۆکۆیاما دەڵێت، ئەگەر سیاسەتی ئەمریکا لەسەر بنەمای کولتووری شارستانیەتی ڕۆژئاوا و ئایینی مەسـیحی بوایە، نەدەبوو یارمەتی موسـڵمانەکانی کۆسۆڤۆ یان بۆسنەی بدایە، نەدەبوو کە عێراق کوەیتی داگیرکرد دەستێوەردانی بکردایە، بۆیە ئەم بەڵگانە پێمان دەڵێن کێشەکە کێشەی نێوان کولتووری شارسـتانیەکان نین . کەواتە ئەقڵی مرۆڤ گەیشتۆتە لوتکە بۆ بونیادی کۆمەڵێك دامەزراو بۆ ئەوەی ئازادی بپارێزێت،پاراسـتنی ئازادی لە چوارچێوەی سـەروەری یاسا و دامەزراوەکانی لیبرالزم، ئەمەش کۆتایی مێژووی پێشکەوتنی ئاراستەی ئەقلی مرۆڤایەتیە بۆ پاراستنی ئازادی، ئەمەش واتە:

- کۆتایی مێـژوو مانای کۆتایـی ڕووداو نییە، بەڵکو بەو مانایە پێشـکەوتنی کۆمەڵگاکان بە ئاراستەیەکی مێژووی لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی کشتوکاڵیەوە هەنگاو بۆ کۆمەڵگەیەکی پێشـکەوتووی پیشەسـازی هەڵدەگرێت،ئەوجا بـۆ قۆناخی پاش کۆمەڵگەی پیشەسـازی و پەیوەندی نیوان کەسەکان بۆ بونیادی دامەزراوەکانیان، ئەمەش یەك ئاراسـتەی مێژووی وەردەگرێت، کە بونیادی دیموکراسی لیبرالیە،
- کۆتایی مێژوو هەقیقەتێکە سەبارەت بە نوێبوونەوە و ئەو هەنگاوە هاوچەرخانەیە دێـت کە کۆمەڵگـە هەڵیدەگرن،ئەویش بریتیە لە پێشکەوتنی ئابوری و بەدیهێنانی ئاستی بەرزی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی دامەزراوە سیاسیە تازەکان .
- ئەم پێناسـەیە، پێناسە نییە بۆ شێوازێکی حوکمڕانی دیاریکراو، بەڵکو ئەم شێوازە لە زۆر شوێنی جیهان سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، وەك ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ئەوروپا، یابان .، بەڵام ئەوەی تێکـرا ئەم مۆدێلانە پێکـەوە کۆدەکاتەوە ئەوەیە کە پێشـکەوتنی دامەزراوە سیاسیی و ئابووریەکانیان هاوشێوەی یەکتریە، هۆکاری ئەم لێکچوونەش گەشەی ئابووریی و پاراستنی ماف و ئازادیەکانە .
- مـەرج نییە بونیـادی دیموکراتی لیبرالی تەنها بە شـێوازی ئەمریکـی بێت،بـە ڵکو هەر شـێوازێك بێت،بـەڵام مرۆڤایەتی بەڕێگەی بونیادی دامەزراوەکانی ئازادی دەپارێزێت، بۆیە جێگەی خۆیەتی بپرسـین ئایا دوای ئازادی چ قۆناخێك دێت ؟ بێگومان هـەر ئازادیە،مێژوو ناگەڕێتـەوە بۆ قۆناخـی کۆیلایەتی، یان ڕێگرتن لە دەنگدانی ئافرەت، بۆیە ئەم ئاراسـتەیەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێدەگات پاراسـتنی ئازادیە پاراستنی ئازادی دوایین قۆناخی هۆشیاری مرۆڤایەتیە، کۆتای مێژووش، ئەو لوتکەیە کە هۆشیاری مرۆڤایەتی دەگاتە ئەو ئاسـتەی دامەزراوەیەك بونیاد بنێت کە ئازادی بپارێزێت.

-٢-

## پێکدادانی شارستانیەکان

کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، هێندە کاریگەر بوو کە هەموو جیهان و تەنانەت سەرۆك جۆرج بوشیشی گەیاندە ئەو قەناعەتەی کەبڵێت ئیتر تەواو پێکدادانی شارستانیەتی ڕۆژئاوا و شارستەنیەتی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیە، بەڵام ئەم پێکدادانە بە تەواوەتی تیۆرەکەی هنتگتۆنی نەسەلماند و، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد قەناعەتی فۆکۆیاما بۆ لیبرالیزمی دیموکراتی

●●●

**لای هۆبز کۆمەڵگەی سەقامگیر بە هەڵبژاردن دروست نابێت، بەڵکو بە گەڕانەوە بۆ سەروەری یاسا دێتە دی، هەربۆیە دەیگوت: (ئێمە پێویستیمان بەسەرروەری یاسا هەیە، بۆئەوەی ئاسایش جێگەی ترس بگرێتەوە،سیستەم جێگەی پشێوی بگرێتەوە،سەقامگیری جێگەی ئاژاوە بگرێتەوە)**

●●●

●●●

**هیچ یاسایەک بەبێ دەسەڵاتێکی بەهێز جێبەجێ ناکرێت، بۆیە هۆبز دەسەڵاتی لیڤاسان ( ئەژدیها)دەدات بەو دەسەڵاتەی سەروەری یاسا پیادەدەکات**

●●●

وەك كۆتايـــی مێژوو نەگۆڕی، كە دەشـــڵێین گۆڕانی بەســـەردا نەهاتووە، مەبەستمان ئەوەنییە گفتوگۆی ئەم چەمكە نەكرێت یان ئەشەدوبیلای ناهەق بۆ فۆكۆیاما بدەین، نەخێر، مەبەستمان ئەوەیە، راستە تەقاندنەوەی تەلاری بازرگانی جیهانی لە رووكاردا شێوەی پێكدادانی شارســـتانی رۆژهەڵاتی ئیســـلامی لەگەڵ شارستانی مەسیحی رۆژئاوا پیشاندا،راســـتە لەگەڵ گواستنەوەی رووداوی تەختكردنـــی هەردوو تەلاری بازرگانـــی جیهانی، لە ناوچەكانی ژێر دەســـەڵاتی فەڵەســـتین كرا بەشایی و شـــیرینی بەخشرایەوە، راستە ســـەرۆكی شارەوانی منهاتن هاریكاری شازادەی سعودیەی رەتكـــردەوە، بـــەڵام فەرید زەكەریـــا بە وتارێكی درێـــژ كە دوای ١١ی ســـێپتەمبەر لە نیوزویك بڵاویكردەوە، پرسیارێكی وروژاند بـــۆ ئەوەی هەموو ئەمریكیەك لە خۆی بپرســـێت ( بۆچی رقتان لێمانـــە؟What they heat us?، كەواتە نە رۆژئاوا و نە جیهانی ئیسلامیش ئەو پرسیارەی لە خۆی نەكرد، كە هنتگتن لە پێكدادانی شارستانیەكان وروژاندوویەتی و دەڵێت : دوای رووخانی دیواری بەرلین هەموو نەتەوەكان لە خۆیان دەپرســـن، ئێمە كێین ؟ ئەمـــەش واتە دوای رووخانی دیواری بەرلین ئیدی نەتەوە وگەلان بەدوای ناسنامەی شارستانیبوونی خۆیان دەگەڕێن، لە دەوری ئەو شارستانیەتە كۆدەبنەوە كە ناسنامەی خۆیانی تیادەدۆزنەوە، بەڵام وەك بینیمان پاكســـتان وســـعودیە و میسر و توركیا و ئەندەنوسیا و زۆربەی زۆری ولاتانی عەرەبی وئیسلامی لە دەوری قوربانیەكانی منهاتنتن كۆبوونەوە نەك بن لادن، بوونە هاوپەیمانی شارســـتانیەتی رۆژئاوا دژی دیاردەی قێزەونـــی تیرۆر، لەهەمانكاتدا رۆژئاواش هەمـــوو شارســـتانیەتی رۆژهەڵاتـــی ئیســـلامی وەك بن لادن و ریكخـــراوی ئەلقاعیدە ســـەیر نەكرد، لێرەدا دەبێـــت ئاماژەش بەوە بكەین، كاردانەوەی ئیجابیانەی جیهانی ئیســـلامی و ئەمریكا و رۆژئاواش بەرامبـــەر بەیەكتری، قەناعەتی هنتگتنی نەگۆڕی و هەتا ســـاڵی پاریش كە هنتگتن كۆچی دوای كرد،لەســـەر هەمان بۆچوونی خۆی بەردەوام بوو،تەنانەت هنتگتن ترسی لە پێكدادانی شارستانی ئیسپانی و ئەنگلۆسەكسۆنی هەبووە، هنتگتن هۆكاری ١١ی سێپتەمبەر بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە كە ئەمریكیەكان نەیانتوانیوە وەڵامی ئەو پرســـیارە بدەنەوە ( ئێمە كێین؟)، بۆیە لەساڵی ٢٠٠٥ كتێبێكی بە ناونیشانی ( ئێمە كێن: تەحەدیەكانی بەردەم ناسنامەی نیشـــمانی ئەمریكا )نووسی و دووبارە گەلی ئەمریكای لەمەترسی پێكدادانی شارســـتانیەتی ئیســـپانی وئەنگلۆ سەكسۆنی ئاگادار دەكاتەوە. بۆ ئەمـــەش زۆر بەڵگەی دیكە دەخاتە بەردەمی گەلی

**بنەمای سەركەوتنی دیموكراسی دەوڵەتی قانوونە**

**لیبرالیزمی رۆژئاوایی بەری رەنجی خەبات و ململانێی نێوان دەوڵەت و كەنیسە و جیاكردنەوەی دەوڵەت وكەنیسەیە، بەرەنجامی خەباتی نێوان لۆرد و پادشاكانە،بەرەنجامی ململانێی نێوان پرۆستانت وكاسۆلیكە، بەرەنجامی ململانێی نێوان بازرگانەكان و دەوڵەتە،بەرەنجامی هەموو ئەم ململانێیانەبوو كە توانی گوشار دروست بكات ویاسای پاراستنی مافەكانی تاك و ئازادی و موڵكداریەتی تایبەت لە ئەمریكا و بەریتانیا لە دایك بن**



ئەمریكا و داوایان لێدەكات لە دەوری شارستانیەتی ئەنگلۆسەكسۆنی كۆببنەوە، دوایان لێدەكات رەگەزتان هەر چیەكە خۆتان بە ئەمریكی بزانن،واتە بۆ نموونە هاووڵاتیەكی بە رەگەز كورد كە رەگەزنامەی ئەمریكی وەرگرتووە، ئەگەر لەرۆژی ٤ی تەمووز كە ساڵیادی رۆژی سەربەخۆیی و دامەزراندنی حكومەتی ئەمریكایە، لە هەمانكاتدا ٤ی تەمووز ساڵیادی دامەزراندنی یەكەم حكومەتی هەرێمی كوردستانە، ئەگەر ئەو كوردە كە رەگەزنامەی ئەمریكایی وەرگرتووە لەو رۆژە ئاڵای كوردستان هەڵبگرێت و ئاهەنگ بۆ دامەزراندنی یەكەم حكومەتی هەرێمی كوردستان بگێرێت، مانای وایە ئەو كوردە هەڕەشەیە بۆ سەر ناسنامەی نیشتمانی ئەمریكا وشایستەی ئەوە نییە كە رەگەزنامەی ئەمریكی پێبدرێت، ئەو كوردە بە پێی بۆچوونەكەی هنتگتن كاتێك شایستەی رەگەزنامەی ئەمریكیە كە لە رۆژی ٤ی تەموز ئاڵای ئەمریكی بەرزبكاتەوە و بەشداری ئاهەنگی حكومەتی ئەمریكا بێت نەك ئاهەنگی حكومەتی كوردستان، ئەمە لە كاتێكدا دەستووری ئەمریكا رێگەی بەو كوردە داوە كە رەگەزنامەی ئەمریكی هەیە ئاهەنگ بۆ بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەكانی نیشتمانی یەكەمی بگێرێت.دەستووری لیبرالی رێگەی داوە ئەو ئیسلامیە ئسولیانەی لە وڵاتی خۆیان جێگەیان نابێتەوە، لە ئەمریكاو دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژئاوا نەك هەر جێگەیان دەبێتەوە بەڵكو ئیقامەیان پێدەدەن و پاشانیش رەگەزنامەیان پێدەدەن،باشترین نموونە هشام شەرابی بیرمەندی گەورەی فەلەستینی لە كتێبی (مقدمات لدراسه المجتمع العربی ) دەڵێت دوای نسكۆی ١٩٦٧ بۆ كۆڕێك بانگهێشت كرام تا دەربارەی چارەسەركردنی كێشەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بیروبۆچوونی فەلەستین دەربڕم، لەم كۆڕەدا شەرابی ئاماژە بەوە دەكات كۆمەڵێك گەنجی جوولەكەی زانكۆی كۆلۆمبیا كورسیەكانی پێشەوەی كۆرەكەیان داگیركردبوو تا كاری ئیستیفزازیی بكەن، شەرابی بە ئەمانەتەوە ئەو رووداوەی تۆماركردووە و دەڵێت، پاش ئەوەی كۆمەڵێك قوتابی عەرەب و هاسۆزەكانی كێشەی فەلەستین چوونە ناو قوتابیە جولەكەكان ولە هۆڵەكە كردیانە دەرەوە،شتێكی ئەوتۆ روویندەدا كە پۆلیس بێت كێشەكە چارەسەر بكات، نموونەیەكی لەمە زەقتریش فیلمی گاڵتە ئامێزی ( هالۆ ئەمریكای ) هونەرمەندی سینەمایی میسری عادل ئیمام، دەبینی چۆن ئیخوان موسلیمینەكانی میسر لە وڵاتی خۆیان جێگایان نەبۆتەوەو پەنایان بردووە بۆ ئەمریكا و دەستووری لیبرالی ئەمریكا رێگەی مزگەوت دروستكردنی پێداون و لەناو مزگەوتەكەشدا بە

●●●
**دەبێت هەموو بگەینە ئەو قەناعەتەی ئازادی و ماف تەنها لە دەوڵەتی قانوون و لە ژێر سێبەری سەروەری یاسادا رەونەقی هەیە و تیشكدەداتەوە**
●●●

●●●
**رۆژ چەند گرنگە بۆ شەوقدانەوەی مانگ لەشەودا، سەروەری یاساش بۆ شەوقدانەوەی ماف وئازادی هێندە گرنگە لە كۆمەڵگەدا**
●●●



**ئەگەر تیشکی رۆژ نەبێت کێ هەستدەکات ئەستێرەیەک لە ئاسمان هەیە و ناوی مانگە**

**ئەو ئازادیەی لە یۆنان هەبووە وەک ئازادی ئێستای گەلی کۆریای باکوور وایە، راستە گەلی کۆریای باکوور ئازادن بەو مانایەی کە لە ژێردەستی داگیرکاری بیانیدا نین، بەڵام وەک تاک ئازادنین و هیچ یەکێک لەو ئازادیانەیان نییە کە لەدەستووری لیبرالی ئاماژەی پێکراوە**

ئەمریکا دەڵێن ئەمریکای کافر، بەدیدی ئەوان لەناو ئەو ئازادیەی کافر فەراهەمی کردووە،خواپەرستی دەکەن و دروستکەری ئەو ئازادیەش بە کافر دادەنێن،لە کاتێکدا ئەو کاڵفامە نازانێت ئەوە هێرشە بۆ سەر ئازادی و بنەماکانی مرۆڤایەتی،بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە وەك لە پێشەکی ئەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکرد سیحری دامەزراوەکانی لیبرالی (ئێمە بە دامەزراوەکانی لیبرالی ناڵێین ساحر، وشەی سیحری دامەزراوەی لیبرالی لە دیراسەتێکی پرۆفیسۆر تۆم جی پاڵمەر بەناونیشانی (رۆڵی دامەزراوەکان و یاسا لە پەرەپێدانی ئابووریدا وەرگیراوە) ئەوەیە کە ئەو ناکۆکی و ململانێیانە لە چوارچێوەی دەستووری لیبرالیدا هاودژی دروست ناکات، مەترسی هنتگتن ئەوەیە ئەم گردبوونەوەیە، بۆ نموونە جالیەی عەرەبی لەدەوری مزگەوتەکان و جالیەی کوردی لە بۆنە نیشمانیەکان و شانازی ئیسپانیەکان بە مەکسیك و شارستانیەتی ئیسپانی، مەترسی بۆسەر ئەنگلۆ سەکسۆن دروست دەکات، ئەم نموونانەی ئاماژەمان پێکردن بە دەقاودەق هاوشێوەکانی لە پێکدادانی شارستانیەکان و ئێمە کێین هاتووەو، هنتگتن وەك دوو نموونە لەسەر ئیسپانی زمانەکانی ئەمریکا ئاماژەیان پێدەکات، لە پێکدادانی شارستانیەتەکان دەڵێت، لە لوس ئەنجلوس ئیسپانی زمانەکان بە ئاڵای مەکسیکەوە خۆپیشاندانیان کردووە، (لە ئێمە کێین)یشدا هەر بە نموونەی لوس ئەنجلوس باسی دەکات کە ئیسپانی زمانەکان هاندەری تیپی مەکسیك بوون نەك تیپی فتبۆڵی ئەمریکا، هنتگتن ئەمە بە هاودژیەکی تازە دەزانێت لە دوای کۆتایی هاتنی شەری سارد و پێی وایە هەموو کەس لە وەڵامی پرسیاری ئێمە کێین؟ هەوڵدەدات ناسنامەی شارستانی خۆی بدۆزێتەوە، بەدۆزینەوەی ئەم ناسنامەیەش ململانێی ئایندەی جیهان لەسەر باڵادەستی شارستانیەتەکان دەبێت. ئەم بۆچوونە دەکرێت وەك میتۆد لەسەر ئاستی تیۆری بەڵگەی قەناعەت پێکراوی هەبێت، راستە لەوانەیە کۆبوونەوەی سعودیە وتورکیا لە سەراییڤۆ پەیوەندی بەوە هەبێت کە تورکیا و سعودیە وەك ٢ دەوڵەتی موسڵمان یارمەتی بۆسنیە موسڵمانەکان دەدەن، بەڵام تورکیا لە ئەفغانستان یارمەتی هێزەکانی ناتۆ دەدا دژی بن لادن و بۆ رێگرتن لە گەڕانەوەی ئیمارەتی تاڵیبان بۆ ئەفغانستان، بەڵام لە عێراق هاوکاری ئەمریکاو ناتۆی نەکرد، فەڕەنسا لە شەڕی ئەفغانستان هاوپەیمانی ئەمریکا بوو، بەڵام لەشەڕی عێراق دژی ئەمریکا بوو، ئایا بەپێی لێکدانەوەکەی هنتگتن ئەفغانستان و عێراق ٢ دەوڵەتی ئیسلامی نین، فەڕەنساو ئەمریکاش سەر بە شارستانیەتی مەسیحی رۆژئاوا نین،لەلایەکی دیکەوە هەر بۆ نموونە دەوڵەتێکی وەك کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە دوای ساڵی ١٩٧٩ هەتا ئێستا ئەوە ٣٠ ساڵە ئەمریکا بە شەیتان وئەکبەر ناو دەبات، ئەمریکاش ئێران بەگەورەترین مەترسی دادەنێت وبەشێك بووە لە سیاسەتی ئیحتوای دوولایەنە، بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆکاری ئەوەی شارستانیەتی مەسیحی رۆژئاوا ئێران وەك دوژمن سەیر بکات، تەنانەت بەریتانیاش وەك ئەمریکا سەیری ئێران ناکات، ئێرانیەکانیش بەو شێوەیە سەیری رۆژئاوای مەسیحی و تەنانەت ئەنگلۆ سەکسۆنیش ناکەن، سەید محەمەد خاتەمی سەرکۆماری ئێران ( کەدەکرێت وەك بیرمەندێکی ئیسلامیش پێناسە بکرێت) لەبەرامبەر پێکدادانی شارستانیەکانی هنتگتن داوای دیالۆگی نێوان شارستەنیەتەکانی کرد، ئەحمەدی نەژاد کە بەتێڕوانینی ئەمریکا هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی، سەرکۆماری وا توندڕۆی بە خۆیەوە نەبینوە، تەنانەت کە لە کاتی بانگێشەی هەڵبژاردنەکانی باراك ئۆباما کە ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد ئەگەر ببێتە سەرۆکی ئەمریکا دەرگای دیالۆگ لەگەڵ ئێران دەکاتەوە،ئەحمەدی نەژاد لەوەڵامدا پێی دەگوت ئەوە یەکەمجار نییە ئەمریکا داوادەکات دیالۆگ لەگەڵ ئێران بکرێت، بەڵام ئەوە ئێمەین دیالۆگتان لەگەڵ ناکەین، ئەحمەدی نەژاد کە بانگێشەی سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشە دەکات، بەڵام دیالۆگ لەگەڵ گەلی ئەمریکی و میدیای ئەمریکی رەتناکاتەوە، ئەحمەدی نەژاد لەسەردانی بۆ نیویۆرك بۆ ساڵیادی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان،داوای یانەی نیشتمانی رۆژنامەنووسانی ئەمریکای بۆ قسەکردن لەسەر پەیوەندی نێوان ئەمریکا وئێران رەتنەکردەوە و وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەشی دانەوە، کە تایبەت بوون بە ئازادیەکانی هاوڵاتیانی ئێرانی لە ناو ئێرانیشدا.

کەواتە پرسیار ئەوەیە ئایا لیبرال دیموکراتی لە ناوخۆیدا هاو دژی دروستدەکات و دەبێتە هۆکاری رووخانی ئەم سیستەمە و بەرهەمهێنانی سیستەمێکی دیکە؟ مێژووی لیبرالیزم پێمان دەڵێت نەخێر، لەبەر ئەوەی هیچ شارستانیەك لەگەڵ ئازادی و سیستەمی دامەزراوەیی بۆ پاراستنی ئەو ئازادییە دژ نییەو هاودژی (التناقضات) دروستناکات، هەربۆنموونە، ژاپۆن کە بەدەستی ئەمریکا هێرۆشیما وناکازاکی لەگەڵ زەوی تەختکراوە،خۆی بە ناکۆك و هاودژ لەگەڵ لیبرالی نابینێت، نەك هەر حکومەتی ژاپۆن بەڵکو گەلی ژاپۆنیش ئەم سیستەمە بەو سیستەمە نازانێت کە بۆمبی نیوکلیاری بە وڵاتەکەیدا کێشاوە، ئەڵمانیا و گەلی ئەڵمانیا سیستەمی لیبرالی بە کاولکاری بەرلین نازانن، لەبەر ئەوە پێش ئەوەی بیرمەندانی ئەمریکا یان بەریتانیا تەنانەت فەرەنساش ئەم سیستەمە بە کۆتایی مێژوو بزانن، بیرمەندێکی ئەڵمانی کە هیگڵە جاڕی کۆتایی مێژووی پێداوە.

## نە ئایدۆلۆژیا لەگەڵ لیبرال دیموکراتی هەڵدەکات نە لیبرال دیموکراتیش لەگەڵ ئایدۆلۆژیا

لیبرالیزم چۆن لە ناو کۆمەڵگەیەکدا ئازادی و رێزگرتن لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی بە جیاوازی ئایین ونەتەوە و رەنگی پێست دروستدەکات، رێگە نادات ئەو جیاوازیانە هاودژی ئایینی ونەتەوەکان دروستبکەن، لەگەڵ ئەو کۆمەڵگانەش کە لەدەرەوەی خۆیشی کەهەمان سیستەم پیادە دەکەن هاودژی دروست ناکات، مێژووی لیبرالیزم پێمان دەڵێت بەدرێژایی زیاتر لە ٢ سەدە، دوو دەوڵەت پێکەوە شەڕیان نەکردووە،کە هەردوکیان لیبرالیزمیان پیادەکردبێت یان دەستوورێکی لیبرالیان هەبووبێت،هەروەك چۆن دیموکراتەکانیش شەڕی دیموکراتەکان ناکەن. ئەم شانازییەی ئەمرۆ دیموکراتی شانازی پێوەدەکات و بانگێشەی بۆدەکات کە لە نێو دەوڵەتە دیموکراتەکاندا شەڕ روووینەداوە، بنەماکەی ئەوەیە لە نێوان دەوڵەتە لیبرالەکاندا شەڕ روووینەداوە، ئەو دەوڵەتانەی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانەوە بوون بە لیبرال دیموکراتی، سەرنج بدەن هەموو رژێمە دیکتاتۆرەکان ترسی ئەوەیان هەیە وڵاتەکەیان لەبەریەکهەڵوەشێت و پارچە پارچە بێت، ئەم ترسە تەنها ترسی دیکتاتۆرەکانی رۆژهەڵات نیە، بەڵکو دیکتاتۆرەکان سایکۆلۆژیەتیان

لێك نزیكە، ئەم ترســە چۆن ترسی سەدام حوسێن و ژەنەڕاڵەكانی توركیا و ســوریا بووە، بە هەمان ئاســت ترسی دیكتاتۆریكی وەك فرانكۆی ئیســپانیاش بووە، فرانكۆ بە ئایدۆلۆژیەتێك ئەم ترسەی چەســپاندبوو،هەتا نەمرد كەس نەیوێرا باســی دیموكراتی بكات، بەڵام ئەگەر ســەیری ئیســپانیای دوای فرانكۆ بكەین، دەبینین كەتەلۆنیەكان نەك نەبوونە هەڕەشە بۆ سەر یەكێتی خاكی ئیسپانیا، بەپێچەوانەوە ئێســتا كەتۆلۆنیەكان خۆیان پشــتگیری ریكخراوی ئیتا ناكەن كە بانگێشــەی سەربەخۆیی هەرێمی كەتەلۆنیا دەكەن، جوانترین نموونە بۆ هاوسەنگی پێشكەوتنی بەرشلۆنەی پایتەختی كەتەلۆنیــا و مەدریدی پایتەختی ئیســپانیا، هەردوو تیپی ریاڵ مەدرید و بەرشــلۆنەیە، كە حاڵی حازر لە خولی ئیسپانیادا تیپی بەرشــلۆنە بێجگە لەوەی پێشــەنگی تیپەكانی ئیسپانیایە، لەپێش ریاڵ مەدریدیشــەوەیە، ئەم پێشــكەوتنە پەیوەندی بە حكومەتی لۆكاڵی كەتەلۆنیا، یان مەكرەمەی حكومەتی ناوەندی ئیســپانیاوە نییە، بەڵكو ئەمە رەنگدانەوەی ئاســتی پێشــكەوتنی هاوسەنگی ســەرمایەداری و پاراستنی ئازادی و مافی موڵكداریەتی تایبەتە لە كەتەلۆنیا كە هاوشــانی حكومەتی فیدڕالی ئیســپانیا، ئەمە پیشــانی دەدا دەســتووری ئیســپانیا رێز لە ماف و ئازادیەكانی گەلــی كەتەلۆنیــا دەگرێت و حكومەت ئەو دەســتوورە پێشــێل ناكات، مانای ئەوەیە كەتەلۆنیەكان بە مانەوەیان لەگەڵ ئیســپانیا زیاتر ســوود مەند دەبن لە جیابوونەوەیان،ئەگەر وا نەبوایە ئێســتا رێكخراوی ئیتا گەورەترین هەڕەشــەی لەسەر ئاسایشی ئیسپانیا دروســتدەكرد،لەم خاڵەوە ئەگــەر بەراوردی خۆمــان بكەین وەك كــورد لە عێراقــدا، دەبینین گەورەترین كێشــەی ئێمەی كورد لە عێراقدا، هەر لەســەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە، ئەوەبووە بەرامبەر بڕوای بەیەكســانی نەبووە بۆ كورد، بڕوای بەمافی خاك وزمانی كوردستانیەكان نەبووە، سەیربكەن، سەرۆك وەزیرانی عێراق چاوی بەوە هەڵنایەت كۆنسولخانەیەك لە هەولێر بكرێتەوە، چاوی بەوە هەڵنایەت كورد ســەرچاوە سروشــتیەكانی خاكەكەی خۆی پەرەپێبــدات كــە ٪٨٣ی بۆ گەلانی عێراقــە و٪١٧ی بۆ گەلی كوردستانە،لەوە دەترســێت ناوچە دابڕاوەكانی سیاسەتی تەعریب و تەبعیس و تەرحیل بگەڕێنەوە سەر هەرێمی كوردستان، لە كاتێكدا خۆیان چۆن دەزانن هۆرەكانی باشوور غەدریان لێكراوە،چۆن دەزانن بۆ مەبەســتی سیاسیی دەستكاری جوگرافیای كەربەلا كراوە، بۆ هەمان مەبەســتیش دەســتكاری جوگرافیای ئیدارەی كەركوك و هەولێر و موسڵ ودیالە و تكریتیش كراوە، بۆ لەمە دەترسێت ؟ لەبەر ئەوەی لە یەكسانی و لە ئازادی دەترسێت،ئەو دەزانێت كە بڕوای بە ئازادی ویەكسانی هێناو رێزی دەستووری عێراقی گرت،ئیدی هیچ هاودژییەك لە نێوان كوردستانی وعێراقیدا نامێنێت، كەئەم هاودژییە نەما چــۆن دەتوانێت بە دامەزراندنی ئیســناد و بە كۆكردنەوەی هێزی ســەربازی لە خانەقین و دەوروبەری كەركوك پروپاگەندەی هەڵبــژاردن بكات، بەردەوامبوونی ئــەم هاودژیە بە زیانی گەلی كوردستان و قازانجی ســەرۆك وەزیران و حزبی دەعوا دەشكێتەوە، ئەم هاودژیە كە دەبێتە پاڵپشتیەكی گەورە بۆ بیركردنەوەی سەرۆك وەزیرانــی عێراق وحزبــی دەعوا، زۆر كەمتــری تێدەچێت لەوەی بەبەرنامەیەكی دیكە پروپاگەندەی هەڵبژاردن بكات، هەربۆنموونە ئەگەر ســەرۆك وەزیرانی عێــراق بە بەرنامــەی خزمەتگوزاری پروپاگەنــدەی هەڵبژاردن بكات، گریمان تەنها بەڵێنی دابینكردنی ئــاوی خواردنەوە بە ٤ پارێزگا عەرەبیە ســونیەكەی عێراق بدات بــۆ ئەوەی دەنگی پێبدەن، دەبینین بــەس ئەم بەڵێنە زیاتر لە یەك ملیار دۆلاری تێدەچێت و سوودیشــی بۆ حزبەكەی نییە، بەڵام بە پارەیەكی زۆر كەمتر لەوانەیە نەگاتە ١٠٠ملیۆن دۆلار گەورەترین كێشە دروست بكات و هەر ١٠٠ ملیۆنەكەش بەسوود بۆ بەرژەوەندی حزبەكەی دەگەڕێتــەوە، ئەگەر نا ئەو پارەیــەی داوا دەكرێت بۆ جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ وەك بودجە تەرخانبكرێت،ئەوە ماوەی ٤ ساڵە نەتوانراوە دابینبكرێت زۆر كەمترە لە ملیارێك دۆلار. بەپێی هەندێك لێدوان شــتێك لە نیو ملیار دۆلار زیاترە، لە كاتێكدا تەنها بودجەی نوســینگەكەی سەرۆك وەزیران كە بەرێوەبەری نووسینگە تایبەتییەكەی تەســەروفی پێوەدەكات لەماوەی ئەم چوارســاڵەدا ٢٠ هێندەی بودجەی جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ی دەســتووری عێراق بووە،،بە هەمان سیاســەتی ســەرۆك وەزیرانی عێراق ئێستا لە پارێزگای نەینەوا هەمان سیاســەت دژی كوردستانیەكان پیادە دەكرێت، سەیربكەن رێژەی كورد لە توركمانی كەركوك زیاترە، رێژەی كورسیەكانی لیســتی برایەتی لە كەركوك لە رێژەی كورسیەكانی لیســتی حەدبا لە موسڵ زیاترە، كەچی لە كەركوك كورد ولیستی برایەتی بڕوایان بەوەیە نەك هــەر توركمان بەڵكو عەرەبەكانیش لە هەڵســووڕاندنی پۆستە ئیداریەكانی شــارەكەدا یەكسان بن، بەڵام لیســتی حەدبا بە شەرمی دەزانێت بڵێت كورد لە موسڵدا هەیە، بە دەنگی تۆماركراو لە گوڵان لامانە ئەســیل نەجەفی لە لێدوانێكی تایبەت بۆ گۆڤارێكی كوردی پێمان دەڵێت لە ناو موســڵدا لیستی برایەتی نەینەوا دەنگی نەهێناوە، لیستی برایەتی نەینەوا بریتیە لە ٨ ئێزدی و ٢ شــەبەك و ٢گەرگەری و كریستیانێك، لە كاتێكدا ( ئێزدی و شەبەك و گەرگەری هەموویان كوردن )،ئەم نكۆڵیكردنەی ماف وناسنامە وخاكەیە هاودژی دروستدەكات و هاودژیەكان دەبنە هــۆكار بۆ تەقاندنەوەی باردۆخەكە، بەڵام بابێین پێچەوانەی ئەمە وەربگرین، ئەگەر لیستی حەدبا و ئەسیل نەجەفی بڵێن، دانیشتوانی موسڵ وپارێزگای نەینەوا یەك دوژمنیان هەیە ئەویش تیرۆریستانە، دەبێت كورد وهاوپەیمانی كوردستان لەم قۆناخە پشتمان بەرنەدەن و دەبێت هاوكارمان بن بۆ ئەوەی ئیدارەیەكی بەهێز و هەمەڕەنگ لە پێكهاتەكانی موسڵ دروستبكەین،ئایا هێزی پێشمەرگەی كوردستان پاسەوانی سەلامەتی ئەسیل نەجەفی و پاراستنی لیستی حەدبای نەدەكرد،ئایا ســەركەوتنی ژەنەڕاڵ پەتریۆس لە موســڵ وبەغدا بەشێكی ســەرەكی بۆ هاوكاری هێزی پێشــمەرگەی كوردستان ناگەرێتەوە؟، ئایا هێزی پێشــمەرگەمان نەنارد بۆ موسڵ وبەغدا و دیالە؟، بەڵام بەداخەوە بینیشــمان چۆن رێزیان لە قوربانیەكانی هێزی پێشــمەرگە گرت.هەمــوو هۆكاری ئــەم هاودژیانەی كە دروستدەبن ئەوەیە بڕوابوون بە ئازادی و مافی مرۆڤ و یەكسانی وەك بڕوابوون پێیان مامەڵەیــان لەگەڵ ناكرێت، بەڵكو ئەم مافانە دەكرێنە وشــەی رەنگاورەنگ و لەنــاو ئایدۆلۆژیەتێكی بۆگەندا تەوزیف دەكرێت، هەروەك چۆن تیرۆریســتان وتەی پەروەردگار لە ئایدۆلۆژیەتەكەیان تەوزیف دەكەن و شەرعیەت بۆ كارە

●●●

**لەسەر ئازادی رادەربڕین، سۆكرات بە شێوازی دەنگدان و دیموكراتی لە سێدارە دراوە**

●●●


●●●

**هنتگتن هۆكاری ١١ی سێپتەمبەر بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە كە ئەمریكیەكان نەیانتوانیوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە ( ئێمە كێین؟)، بۆیە لەساڵی ٢٠٠٥ كتێبێكی بە ناونیشانی ( ئێمە كێن: تەحەدیەكانی بەردەم ناسنامەی نیشمانی ئەمریكا)نووسی و دووبارە گەلی ئەمریكای لەمەترسی پێكدادانی شارستانیەتی ئیسپانی وئەنگلۆ سەكسۆنی ئاگادار دەكاتەوە**

●●●

**هاووڵاتیەکی بە رەگەز کورد کە رەگەزنامەی ئەمریکی وەرگرتووە، ئەگەر لەرۆژی ٤ی تەمووز کە ساڵیادی رۆژی سەربەخۆیی و دامەزراندنی حکومەتی ئەمریکایە، لە هەمانکاتدا ٤ی تەمووز ساڵیادی دامەزراندنی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەگەر ئەو کوردە کە رەگەزنامەی ئەمریکایی وەرگرتووە لەو رۆژە ئاڵای کوردستان هەڵبگرێت و ئاهەنگ بۆ دامەزراندنی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بگێرێت، مانای وایە ئەو کوردە هەرەشەیە بۆ سەر ناسنامەی نیشتمانی ئەمریکا وشایستەی ئەوە نییە کە رەگەزنامەی ئەمریکی پێبدرێت، ئەو کوردە بە پێی بۆچوونەکەی هنتگتن کاتێک شایستەی رەگەزنامەی ئەمریکیە کە لە رۆژی ٤ی تەموز ئاڵای ئەمریکی بەرزبکاتەوە**

تیرۆریستیەکەیان دروستدەکەن، لەم حاڵەتەدا ئایدۆلۆژیەت،ئەوجا هەر ئایدۆلۆژیەتێك بێت، بەدوای هەر وشەیەکدا دەگەڕێت لەناو ئایدۆلۆژیەکەیدا تەوزیفی بکات وشەرعیەتی بۆ کارە ناڕەواکەی خۆی بۆ دروستبکات، هەروەك چۆن د.مالکی وئەسیل نەجەفی پەنایان بۆ بردووە و بەردەوامیش بۆ سووربوون لەسەر ئایدۆلۆژیەتە قەومییەتە شۆڤێنیەکەیان بەکاریدەهێن، لەمبارەوە د.محەمەد ئەرگۆن لە کتێبی ( مـن منهاتن الی بغداد ) زۆر ئاقلانە ئەم دیاردەیەی دەست نیشانکردووە، هەربۆیە رەخنە لە سیاسەتی ئەمریکا دەگرێت کە کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر و پێشکەونی جیهانی سەردەمی لە ناو ئەو ئایدۆلۆژیەتە تەوزیف کردووە بۆ ئەوەی شەرعیەتی داگیرکردنی پێوەربگرێت.، هەروەها رەخنە لە ئوسامە بن لادنیش دەگرێت کە قورئانی لە ناو ئایدۆلۆژیەتەکەی خۆی تەوزیف کردووە بۆ شەرعیەت دروستکردن بۆ کردەی تیرۆر، ئەمە پێمان دەڵێت نابێت لە جیهانی سەردەمدا ماف و ئازادی مرۆڤ لە



ناو ئایدۆلۆژیەتێکدا تەوزیف بکرێت کە مرۆڤایەتی بڕوای پێی نییە، هەروەها نابێت قورئان و ئیسلامیش لە ناو ئایدۆلۆژیەتێکدا تەوزیف بکرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك کە مرۆڤایەتی بڕوای پێی نییە، مرۆڤایەتی سەردەم نە بڕوای بە تیرۆر نە بە داگیرکاری هەیە، کەواتە ئەوەی بن لادن و تێکڕای پارتە ئیسلامیەکان بانگێشەی بۆ دەکەن کە ئیسلام دژی لیبرال دیموکراتیە، ئەوە ئیسلام نییە،ئەوە ئایدۆلۆژیەتێکە ئیسلام و وتەکانی پەروەردگاری بۆ مەبەستێکی سیاسیی تیا تەوزیف کراوە،ئەو ئایدۆلۆژیەتیشی بە ناوی لیبرالیزمەوە بەدوای شەرعیەتی داگیرکاری دەگەڕێت،ئەوە لیبرالیزم ولیبڕال دیموکراتی نیە، بەڵکو ئەوە ئایدۆلۆژیەتێکە کە دیموکراتی لیبڕالی تیا تەوزیف کراوە .ئەمە پێمان دەڵێت هیچ شارستانیەتێك دژی ئازادی ویەکسانی نییە،ئەوەی دژی ئازادی ویەکسانیە ئەو ئایدۆلۆژیەتەیە کە بەهاکانی شارستانیەت بە تەوزیفکردنی لە ناو ئایدۆلۆژیەتێکی بۆگەندا بێ بەها دەکات، کێ دەتوانێت ئیسلام وەك ئایین، وەك بڕوای مرۆڤە موسڵمانەکان بەدژی ئازادی ویەکسانی مرۆڤەکان لەقەڵەمبدات؟،ئایا کێ دەتوانێت ئەوە بسەلمێنێت کە ئاینی ئیسلام دژی ئەو دامەزراوانەیە کە ئازادی ویەکسانی وکەرامەت و ئیرادەی مرۆڤی پێدەپاریزرێت؟، هەربۆیە لە ئەوروپای دوای شۆڕشی فەرەنساش ئەوە ئایینی مەسیحی نەبوو دژی فەلسەفەی شۆڕشی فەرەنسی بێت کە بریتیە لە ( ئازادی، یەکسانی،برایەتی ) بەڵکو ئەوە ئایدۆلۆژیەتی کەنیسە بوو کە ئاینی مەسیحیەتی لە ناو ئەو ئایدۆلۆژیەتەی خۆیدا تەوزیف کردبوو، بۆئەوەی بە ناوی ئایینەوە دژی ئازادی ویەکسانی و برایەتی و مرۆڤایەتی رابوەستن، لە ژمارەکانی پێشووی گوڵان و لە دیمانەیەکی تایبەتدا، د.محەمەد گەزنەیی قسەیەکی حەسەن بەنای بۆ گێڕاینەوە گوتی : حەسەن بەنا ( ڕێبەری ئیخوان موسلمین)دەڵێت : کە چووم بۆ ئەوروپا ئیسلامم بینی بەڵام موسڵمانم نەبینی ) ئەمە دانپیانانێکە کە دەبێت هەموو ئەوانەی لە ئایدۆلۆژیەتی عروبەدا، ئیسلام و قورئانیان تەوزیف کردووە، هەموو ئەوانەی دەیانەوێت لەو ئایدۆلۆژیەتەدا موسڵمانیەتی کورد تەوزیف بکەن، دەبێت بزانن لیبرالی دیموکراتی واتە ئامانجی گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی لەبەردەم یاسادا،ئیسلامیش هەمان ئامانجی هەیە، ئیسلامیش بەپێی فەرموودەی پەروەردگار کۆتایی مێژووی پێشکەوتنی ئەقڵی موسڵمانی دیاریکردووە، کە ئەو ئاستەی پێشکەوتنی هۆشیاری ئەقڵی مرۆڤە کە دەتوانێت ئەو فەرمانەی پەروەردگار بە دروستکردنی کۆمەڵگەی دادپەروەری و چاکەکار دروستدەکات **((إِنَّ اللَّه يَأْمُـرُ بِالْعَـدْلِ وَالإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ) النحل : ٩٠)**

پرسیار ئەوەیە ئایا دوای گەیشتن بە کۆمەڵگەی (العدل و الاحسان) چی دیکە هەیە، بێگومان هەر دادپەروەری وچاکەکردن، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دادپەروەری هەبێت ئازادیش هەیە، لە هەر کۆمەڵگایەکدا دادپەروەری هەبێت واتە دیموکراتی لیبرالی و دەستووری مەدەنی هەیە. بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەوەی دژی بونیادی کۆمەڵگە بێت، لەسەر بنەمای دادپەروەری و بەخشندەیی دژی فەرمانی خوا نییە؟ ئایا گەیشتن بە بە

**لە هەر کۆمەڵگایەکدا دادپەروەری هەبێت واتە دیموکراتی لیبرالی و دەستووری مەدەنی هەیە**

کۆمەڵگەی عەدل وئیحسان کۆتایی مێژووی پێشکەوتنی ئەقلی مرۆڤ نییە بۆ ڕێزگرتن لە ئازادی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ ؟ئایا پێشـــکەوتنی ئەقڵی مرۆڤ بەپێی قورئان سنووری پێشکەوتنی ئەقڵی حەرزەتی محەمەد (د.خ) دەبەزێنێت،بێگومان نەخێر پێشـــکەوتنی ئەقلی مرۆڤ بە پێی قورئان ئەو ئاســـتەیە کـــە خوا بە محەمەد(د.خ)ی بەخشـــیوە، ئێمـــە هەمووممان وەك موســـڵمان لە بازنەی ئەو ئەقڵەدا دەسووڕێینەوە، هەروەها ئیسلام وەك بەرنامەی ژیان کۆتایـــی مێژووە، بەپێی قورئان مرۆڤایەتی چەند پێشبکەوێت ناتوانێت بەرنامەیەکی باشتر لە عەدل وئیحسان بەرهەمبهێنێت، هەر ئەم بەرنامەیەشە پەروەردگار پێش ١٤٠٠ساڵ ڕایگەیاندووە مرۆڤایەتی پێویســـتی بـــە پێغەمبەری دیکە نییە، ئایا دەتوانن پێمان بڵێن بۆچی حەزرەتی محەمەد( د.خ) کۆتایی هەمـــوو پێغەمبەرەکانە؟، کەواتە خوا فەرمانمان پێدەکات بە عەدل وئیحســـان کۆمەڵگەی خۆمان ڕێکبخەین، لێرەدا بەرهەمهێنانی عەدل وئیحســـان دیسان دەبێتەوە بەرهەمی ئەو ئەقڵەی لەو ئایەتە تێـــدەگات، نەك ئەو ئەقڵەی ئەو وشـــانە لە ناو ئایدۆلۆژیەتێکی دەرەکیدا پۆلێن دەکات .

یاســـای دەرەکی یان ئایدۆلۆژیەتـــی دەرەکیش بەو مانایەیە،لە دەرەوە هێنرابێـــت یان لە دەرەوەی ئیـــرادەی گەلەوە دابڕێژرێت و میللەتی پێ ســـەرکوتبکرێت، کەواتـــە ئایدۆلۆژیەتێك هەوڵبدات ئازادی تاکەکانی کۆمەڵ تێکبدات، ئەو ئایدۆلۆژیەتە هەر ناوێك لـــە خۆی بنێت لە دەرەوەی ئیـــرادەی خوایەو لەدەرەوەی ئیرادەی میللەتیشە، بۆیە دەرەکیە لەبەر ئەوەی کاتێك ڕێز لە ئیرادەی خوا نەگرێت، چـــۆن ڕێز لە ئیرادە وکەرامەتی مرۆڤ دەگرێت، چۆن ڕێـــز لە ئیرادەی میللەتی خۆی دەگرێت ؟ ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی بێ ئەوەی لە خوا بترسن، وشەکانی ناو پەیامی پەروەردگار لـــە ناو ئایدۆلۆژیەتێکدا تەوزیف دەکەن بۆ ئەوەی مەبەســـتێکی دیکـــەی لـــە دەرەوەی ئیرادەی خـــوا و کەرامـــەت و ئیرادەی مرۆڤـــەوە پێبێنە دی،پێمان دەڵێـــن دیموکراتی لیبرالی بەرهەمی ڕۆژئاوایە، باشـــە وەرن پێمان بڵێن ئایا بەرهەمی مرۆڤایەتیە یان بەرهەمی ڕۆژئاوایە ؟، پێش هەموو شـــتێك قانونی ڕۆمانی کە دەســـەڵاتەکانی دەوڵەت لێکجیادەکاتەوە و ســـنوورداری دەکات و بەیاســـا ئازادییەکان دەپارێزێت بە ئازادی ئایینی مەسیحیشـــەوە لە کۆچی قوستەنتینەوە دەستپێدەکات بۆ شاری قوستەنتینە، ئەو ئەستەنبوڵەی ئێستایە کە دوای مردنی قوستەنتینی ڕۆما ناویان نا قوستەنتینەو دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی محەمەدی فاتیح ناوەکەی گۆڕی بۆ ئیســـلامبول.. بۆیە کە باسی لیبرالیزم یـــان لیبـــرال دیموکراتی دەکەین،واتە باســـی قانونـــی مەدەنی دەکەین، باســـی دەستوورێکی مەدەنی دادپەروەرانە دەکەین، باسی چوارچێوەیەك دەکەین کە کەرامەت وئیرادەی مرۆڤی وەك مرۆڤ نەك کـــورد وعەرەب و تورك وفارس،نەك موســـڵمان وجوولەکە و کریســـتیان وهندۆس وبوزی،مرۆڤ پێش هەموو شـــت مرۆڤە و دەبێت وەك مرۆڤیش مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەکارهێنانی وشەی کافر بێجگە لە ڕوشاندنی کەرامەتی مرۆڤ چ مانایەکی دیکەی هەیە؟ پرســـیار ئەوەیە پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) کەرامەتی هیچ مرۆڤێکی ڕوشاندووە،لەســـەر جیاوازی ئاییـــن و زمان و ڕەنگی پێســـت؟ ئایاپێغەمبەری ئیســـلام(د.خ) وەك دوایین پێغەمبەری مرۆڤایەتی (د.خ)ئیمزای لەسەر پەیمانی حودەیبیە کردووە یان وەك هەر ســـەرکردەیەکی دیکە ؟ ئایا ئەگەر قورەیشـــیەکان پەیمانی حودەیبیەیان نەشـــکاندایە پێغەمبەری ئیســـلام (د.خ) مەککەی دەگـــرت و بتەکانی دەشـــکاند، ئەمە مێژووە، ئـــەو مێژووەیە کە سیناریۆی فیلمی (الرسالە)ی عەقادی لەسەر نووسراوە و ئیسلامی لەبەر چاوی ڕۆژئاوا گەیاندە ئەو ئاســـتە بەرزەی ڕۆژئاواییەکان بە چاوی قینەوە ســـەیری ئیســـلام نەکەن، پرســـیار ئەوەیە کێ ئـــەم مێژووە، کێ ئـــەم ئایینە بەرز و پیرۆزە ناشـــیرین دەکات ؟ بێگومـــان ئەوانەی پەیامی خوا وســـونەتەکانی پێغەمبەر لە ناو ئایدۆلۆژیەتێکی بۆگەندا تەوزیف دەکەن، ئەوانەی دیوار لە نێوان مرۆڤایەتی وپەیامی خوا دروست دەکەن، سەیر بکەن هەتا کەنیسە حوکمڕانی کردووە دیاریەکانی پەروەردگار بۆ مرۆڤ سووکایەتی پێکراوە، بەڵام کە ئەقل لە کەنیســـە ئازاد کرا، لەســـەر پەیامی پەروەردگار، لەسەر بنەمای ئەو ماف وئازادیانەی پەروەردگار بە مرۆڤی بەخشیوە دەستوورێکی مەدەنی ئەوتۆ داڕێژرا، کە هەموو بەها بەرزەکان بۆ ئایین و کەرامەتی مرۆڤ گەڕێنرایەوە.

بۆیە موناقەشـــەی ئێمـــە لەســـەر ئەوەنییە ڕۆژئاوا باشـــە یان خراپە،پرسیار لێرەدا ئەوەنیە فۆکۆیاما یان هنتگتن بۆچوونەکەیان ڕاستە یان هەڵەیە، پرسیار ئەوەنییە لیبرالیزم و دیموکراتی کۆتایی مێـــژووە ؟ پرســـیار ئەوەیە چۆن ڕێگە بە خۆت دەدەی ســـەر لە میللەتـــی خۆت تێکبدەیت، چۆن ڕێگە بە خۆت دەدەیت، پەیامی پەروەردگار بـــۆ ئایدۆلۆژیەتەکەت تەوزیف بکەیت،چۆن ڕێگە بە خۆت دەدەیت دیاری پەروەردگار بۆ مرۆڤ، بەدەستکردی ڕۆژئاوا بۆ میللەتی خۆت پێناســـە بکەیت، چۆن ڕێگە بە خۆت دەدەیت بنەمای فەرمانی خوا کە فەرمانە بە عەدل وئیحســـان خۆتی لێ گێل بکەیت .

بۆیە گرنگە لەسەر ئەو خاڵە هەڵوەستەی جدی بکەین و ئەو ڕاستیە ئاشکرا بکەین کە لیبرالیزم ئایدۆلۆژیەت نییە بەو مانایەی ئایدۆلۆژیەتی مارکسی لینینی، یان ئایدۆلۆژیای پارتە ئیسلامیە سیاسیەکان، کە دوای تەفسیری چەند کەسێك دەکەون نەك ئەسڵی قورئانەکـــە، هەروەك چـــۆن لە ئێـــوارەی ٢٠٠٩/٣/٢٠ لەکەلار، یەکگرتووی ئیســـلامی ئاهەنگی لەدایکبوونی پێغەمبەر(د.خ) دەخاتـــە ئەو ڕۆژە کە ڕۆژی نـــەورۆز و لە دایکبوونی ئازادیە بۆ کوردستان،ئەمەشیان کە کردووە، نەك لە پێناوی ئەوەی پێیانباشترە کـــورد یادی لە دایکبوونی حەزرەتی محەمەد (د.خ) ونەورۆزیش پێکەوە بکاتەوە، نەك لەبەر ئەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەریش(د.خ) ڕۆژی لە دایکبوونی ئازادیەو جەژنەکە بکرێتەدوو جەژن، نەك بەو ئامانجەی خەڵکی کەلار لە ڕۆژی نەورۆزدا لەگەورەیی پێشەوای مرۆڤایەتـــی تێبگات بۆ ئازادی، نەخێر هەموو ئامانجیان بۆ ئەوە بووە نەورۆز بشارنەوە،ئەمە مەترسیەکەیەکە کە دەست بۆ پیرۆزترین شـــت دەبەن کە مەولودی پێغەمبەرە و لە نـــاو ئایدۆلۆژیەتێکی بۆگەنـــدا تەوزیفی دەکەن بۆ ئـــەوەی دژایەتی میللەتی خۆیانی پێبکەن، لێرە یەك پرســـیار لە هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە پێیان وایە دەبێت فەرمانی ئیخوانەکانی دەوڵەتانی

مێژووی لیبرالیزم پێمان دەڵێت بەدرێژایی زیاتر لە ٢ سەدە، دوو دەوڵەت پێکەوە شەڕیان نەکردووە،کە هەردوکیان لیبرالیزمیان پیادەکردبێت یان دەستورێکی لیبرالیان هەبووبێت،هەروەک چۆن دیموکراتەکانیش شەڕی دیموکراتەکان ناکەن

ڕێژەی کورسیەکانی لیستی برایەتی لە کەرکوک لە ڕێژەی کورسیەکانی لیستی حەدبا لە موسڵ زیاترە، کەچی لە کەرکوک کورد ولیستی برایەتی بڕوایان بەوەیە نەک هەر تورکمان بەڵکو عەرەبەکانیش لە هەڵسووڕاندنی پۆستە ئیداریەکانی شارەکەدا یەکسان بن، بەڵام لیستی حەدبا بە شەرمی دەزانێت بڵێت کورد لە موسڵدا هەیە

عەرەبی جێبەجێبکرێت، نـــەك حەزرەتی محەمەد (د.خ)، هەموو لایەك دەزانن نەورۆز بە لایەنی کەم زۆر زیاتر لە١٠٠٠ســـاڵ پێش لە دایکبوونـــی پێغەمبەرە( د.خ)، ئەگـــەر وای دابنێین رۆژی نەورۆز لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) روویداوەوبەرێکەوت پێغەمبەر (د.خ) دەبینیت لە ســـەر شاخێك ئاگر کراوەتەوە،حەتمەن دەیپرسی ئەو ئاگرە چییە؟، ئەگـــەر یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) پێی بگوتایە ئەو ئاگرە راگەیاندنی میللەتێکە، دەیەوێت بە جیهان بڵێت زۆرداری کۆتایی هات، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا بە زادەی ئەو ئەقڵەی پەروەردگار پێی بە خشیوین، ئایا هەڵوێستی حەزرەتی محەمەد (د.خ) چی دەبوو؟ ئایا دەیگووت بچن ئاگرەکەیان خامۆش بکەن، بـــا زۆرداری بەردەوام بێت؟ یان بە موســـڵمانانی دەگوت بچن پێیان بڵێن ئێمەش هەمـــان ئاگر دەکەینەوەو جارِی کۆتایی هاتنی زۆرداری و بتپەرستی دەدەین ؟ باشە بۆچی مەولودنامەی پێغەمبـــەری ئیســـلام،کۆتایی هەموو پێغەمبـــەران، تێکەڵاوی ئایدۆلۆژیەتێك بکرێت و شەڕی نەتەوەکەی خۆتی پێبکەیت؟ ئایا ئەمە ناشیرینکردنی ئیســـلام ومەولودنامەی پێغەمبەر(د.خ)یش نییە، لەوانەیە ئێســـتا برادەرانی یەکگرتوو بڵێن،ئەوە بۆ غەدرمان لێدەکـــەن، ئەوەنیە لـــە هەولێر بەشـــداری ئاگرکردنەوەمان کرد و ئەوەنییە لە هەواڵەکاندا پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسیی و مەکتەبی راگەیاندنمان خوێندەوە، لە وەڵامدا دەڵێین ئەوەی لە هەولێر بڵاوتان کردەوە و بەشداریتان تێداکرد زۆر لە خۆکردن بوو، بەڵام ئەوەی لەم لینکە( http://www.kurdiu.org/hawal/index.php?pageid=٢١٠٧) بڵاوتانکردۆتـــەوە ئـــەوە ئامانجی راســـتەقینەتانە، ئەمە ئامانجی ئایدۆلۆژیەکەتانە کە دەیسەلمێنن دژی ئازادی و یەکســـانین .لەوانەیە پێتان ناخۆش بێت کە پێتان بڵێین، حەســـەن بەنا و هاوشـــێوەکانی لەو کاتەی ئەو ئیعترافەش دەکەن کە لەناو لیبرالیزمدا ئیســـلامیان بینوە بەڵام موســـڵمانیان نەبینوە،بەڵام دژی ئەو ئیســـلامەن کە خۆیان لە ئەوروپا بینویانە و هەســـتدەکەن کە خۆیان ناتوانن بە کۆمەڵێك دامەزراو بگەیەننە ئەو ئاستە، هەستدەکەن کەرامەتیان رووشاوە بۆیە ئێوەش فێردەکەن دژایەتـــی پێشـــکەوتنی مرۆڤایەتی و ماف وئـــازادی مرۆڤ بکەن،بۆیە پێتان خۆش بێت یان نە، ئامانجی لیبرالیزم وئیسلام یەك ئامانجە کە ئەویش ئازادی و یەکســـانیە،عەدل وئیحسانە،هەربۆیە رێبازەکەی کەســـێکی وەك حەســـەن بەنا چەند زیرەك بێت ناگاتە فەیلەسوفێکی وەك کارل مارکس کە لە دوای شۆرشی ئۆکتۆبەر زیاتـــر لە ٪٦٠ -٪٨٠ی مرۆڤایەتی بـــرِوای بەرێبازەکەی هێنا، تەنانەت ئەو پارتە سۆسیال دیموکراتەناش کە بەشداری سیستەمی لیبرالیزمیـــان دەکرد، دامەزراوەکانی لیبرالیزمیان بە دوا ئامانجی مارکسیەت دەزانی . لەگەڵ ئەوەی فریدریك ئەنگڵس بە بیانووی ئەوەی دیالێکتیکی مێـــژووی هیگڵی میتۆدە، بەکاری هێنا بۆ دیالیکتیکی مادی، لەگـــەڵ ئەوەی کەس وەك مارکس هیگڵی بە هەڵە پیشـــانی جیهان نەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی فەلســـەفەی هیگڵ لە پێناوی پاراســـتنی ئـــازادی و مافی تاك بوو، کەس نەیزانی سیســـتەمی کۆمۆنیســـتی و سۆشیالیستی چۆن لەبەر یەکهەڵوەشا، شـــتێکی تازە ناڵێین ئەگەر بڵێین هەڵوەشانەوەی لە ناکاوی سیستەمی کۆمۆنیســـتی و سۆشیالیستی بەو خێراییە، لەدەرەوەی بیرکردنەوەی سەرجەم بیرمەندانی جیهانیش بووە، تەنها هۆکارێك ئەم حاڵەتە تەفسیر بکات ئەوەیە ئەو هاودژیانەی لە ناو خودی سیستەمی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی دروستببوون بە ئاســـتێك پەنگیخواردبۆوە، گۆرباتشـــۆف وتەنی کە سەری مەنجەڵەکەی هەڵدایەوە پاشـــان بۆی دانەنرایەوە،باشە ئایا ئەم هاودژیانە، هەوڵدان بۆ یەکســـانی دروســـتی کرد ؟، ئایا ئەم هاودژیانە ئەوسیستەمە دروستیکرد کە مارکسیەت ئاماژەی بۆ دەکرد دوایین ئامانجی مرۆڤایەتی ئەو حوکمڕانیە باشـــیە کە دەکەوێتە سەروو لیبرالیزم و هاودژیەکان لە شیوعیەتدا کۆتاییان پێدێت نەك لـــە لیبرالیزمدا؟، نەخێر هاودژیـــەکان نە ئازادی دروســـتیکردن نە یەکسانی،بەڵکو ئەو ئایدۆلۆژیەتە دروستیکرد کە پێناســـەیەکی دیکەی لەدەرەوەی دیاری پـــەروەردگار بۆ ئازادی و یەکسانی و حوکمڕانی باش داهێنا، ئەو ئایدۆلۆژیەتە هاودژی دروســـتکرد کـــە توانا جیاوازەکانـــی مرۆڤی بەزۆر یەکســـان کرد، ئەم بەزۆر یەکســـانیە ناعەدالەتی بەرهەمهێنا، هاندانـــی دامەزراوەیی گۆڕی بۆ خۆدزینـــەوە و کارنەکردن، تەمبەڵی خســـتە جێگەی داهێنان، ئەم ئایدۆلۆژیەتە مرۆڤی لە بەندایەتی بۆ خواوە گـــۆڕی بۆ بەندایەتی دەوڵەت،، ئەمە هەڵـــەی ئەو ئایدۆلۆژیەتە بوو کە پێی وابوو ئازادی بەرهەمی ئایدۆلۆژیەتـــە نـــەك بەرهەمی ئەقڵ، ئێســـتا ئایدۆلۆژیەتی پارتە سیاســـیە ئیســـلامیەکانیش بە هەمان شـــێوە دەیانەوێت پێمان بڵێن ئایدۆلۆژیەتی حەســـەن بەنا و شـــوێنکەوتوانی لە قورئـــان وفەرمودەکانی نێردراوی خوا ئەگـــەر گرنگتر نەبێت زۆر کەمتر نییە، ئەوەی ئازادی وکەرامەتی مرۆڤ دەپارێزیت ئایدۆلۆژیەتی ئیخوانە نەك دیاری پەروەردگار،دەیانەوێت پێمان بڵێن پەروەردگار بۆیـــە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی بە مرۆڤ سپاردووە بۆ ئەوەی لە رۆژی دوایی سزای بدات، ئەوان خۆیان لەو راســـتیە گێل دەکەن ئەم حیکمەتەی پەروەردگار بۆ ئەوەیە مـــرۆڤ ئەقلی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی رێگەی راســـت بدۆزێتەوە، ئایا پەروەردگار نەیدەتوانی یارمەتی ئادەم بدات بۆ ئەوەی بەقسەی ئەهریمەن هەڵنەخەڵەتێ، یان بۆ ئەوەی بوو کە ئادەم دەبێت پشـــت بە ئەقڵی خۆی ببەستێت و بە ئەقڵی خۆی ئەو بەهەشتە لەسەر زەمین دروست بکات کە خوا پیشانی داوە، کەواتە خوا لە ئادەمەوە ئازادی و تاکایەتی تاکەکان ومولکایەتی تاکەکانی بەخشیوە، زیاتر لەمەش تاکایەتی و ئەقڵمان لێ دەکەن بە پاداشتی دەســـتەجەمعی و سزای دەستەجەمعی،لە کاتێکدا سزای دەســـتەجەمعی و پاداشتی دەســـتە جەمعی سیاسەتی نازیەکی وەك هیتلەر بووە نەك پەروەردگار.

کەواتە تێکدانی مەفهومی دیاریەکانی پەروەردگار بۆ مرۆڤ، چەند بەڵگەی بۆ دروست بکەن و چەند لێکدانەوەی ئایەتەکانی بۆ خـــوار بکەنەوە، چەنـــد بە خەڵك بڵێن ئـــازادی بەرهەمی رۆژئاوایـــە و دیاری پەروەردگار نییە، ئەگەر لە٪٨٠ی هەموو جیهانیش بەو ئایدۆلۆژیەتەی خۆتان ئیقناع بکەن، رۆژ لەدوای رۆژ هاودژیەکان لەناو ئـــەو ئایدۆلۆژیەتە پەنگدەخواتەوە و تا دەگاتە ئەو ئاستەی، خۆت لەو پەڕی بەهێزیدا دەبینیت، بەڵام ناتوانی رێگە لە بەریەکهەڵوەشانی خۆت بگریت.

**بەکارهێنانی وشەی کافر بێجگە لە روشاندنی کەرامەتی مرۆڤ چ مانایەکی دیکەی هەیە؟**

**کە باسی لیبرالیزم یان لیبرال دیموکراتی دەکەین،واتە باسی قانونی مەدەنی دەکەین، باسی دەستوورێکی مەدەنی دادپەروەرانە دەکەین، باسی چوارچێوەیەک دەکەین کە کەرامەت وئیرادەی مرۆڤی وەک مرۆڤ نەک کورد وعەرەب و تورک وفارس،نەک موسڵمان وجوولەکە و کریستیان وهندۆس وبوزی،مرۆڤ پێش هەموو شت مرۆڤە و دەبێت وەک مرۆڤیش مامەڵەی لەگەڵ بکرێت**

## تەوزیفکردنی ئازادی ویەکسانی و موڵکایەتی بۆ بازرگانی ناشەرعی و شەڕی هەڵبژاردن

### -١-

### بازرگانی ناشەرعی

### گەندەڵی ئابووری

بۆ تاکــی هۆشــیار کارێکی قــورس نیــە، رووە لێکچووەکانی ئایدۆلۆژیەتەکان لیکنزیکبکاتەوە،ئەمــەش وەك چۆن لە کۆریای باشــوور لە رۆژهەڵاتی ئاسیا و کۆستاریکا لە ئەمریکای لاتینی کە کار بە سیستەمی دامەزراوەیی دەکرێت ئامانجەکانیان لێکنزیك دەبێتەوە و هەردوو وڵات بەرەو پێشــکەوتن هەنگاو هەڵدەگرن،بۆیە زۆر ئاساییە هەربۆنموونە کارکردنی بەرێز ئەحمەدی نەژادی سەرۆك کۆماری ئێران بە ئایدۆلۆژیایەك، لەگەڵ کارکردنی بەرێز جۆرج بۆش بە ئایدۆلۆژیایەکی دیکەی ئاراستە جیاوازیش ئامانجیان لێکنزیك بێت و زیاتر لەشــەڕ نزیکببنەوە نەك لە ئاشتی،ئێســتا لە هەرێمی کوردســتانیش لەبەر ئەوەی هەم بواری ئابووری و هەمیش بواری سیاســیی ئەو کەسانە هەڵیدەسووڕێنن کە بڕوایان بە ئایدۆلۆژیایە، بۆیــە دەبینین لە هەردوو بــواری ئازادی و مافی تاکی کورد لەو ئایدۆلۆژیایە تەوزیف دەکرێت کــە بۆ ئامانجێك کاری پێدەکەن.لە یەکەمیاندا کە بــواری ئابوورییە، بازاڕی ئازادو ئابووری بازاریان کردووە بە ئایدۆلۆژیا، هەموو جوانیەکانی ئابووری بازاڕ لە قازانجی زیاتر و قۆرخکردنی سەرچاوەکانی بازاڕدا کۆدەکەنەوە، کە پێشیان دەڵێیــت کاکە ئەمە ئابووری بازاڕ نییە،ئابووری بازاڕ دەبێت، بازاڕ تەحەکومی پێوەبکات،نەك تۆ تەحەکومــی پێوەبکەیت،لە وەڵامدا پێمان دەڵێت: باشە منیش هاوڵاتی نیم، باشە منیش مافی خۆم نییە کۆمپانیا دابنێم، منیش مافی خۆم نییە پارەم هەیە وهەڵیبسووڕێنم و قازانــج بکەم، بێگومان ئەو بەڵگانــەی وەك ئایدۆلۆژیەتێك بۆ پاکانەی کارە ناشەڕعیەکەی هۆنیویەتیەوە، ماف وئازادیەکانی تاك دەکات بە پەردەیەك بۆ ئەوەی کارە ناشــەرعیەکەی پێبشــارێتەوە، بەڵام ئەگەر بەوردی ســەرنج لەو پاکانە بکەین کە بۆ داپۆشینی قۆرخکردنەکــەی بەکاری دەهێنێت، کەم تا زۆر بەلای ســەروەری یاســا وەك بنەمایەك بۆ یەکسانی هەموان لەبەردەمیدا، ویژدان وەك یەك یەکســانی مرۆڤ لەبەردەم ئەخلاقــدا، بۆیە کە دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە ئەو کەســەی ئامادەیە ئــازادی و مافی براکەی خۆی بۆ دەســکەوتی ناشــەرعی بەکار بهێنێت، نە بڕوای بەیاسا هەیە نە بە ویژدان، بۆیە بە ناچاری و هەندێك بۆ بەئاگاهێنانەوەی بەقســەیەکی زبر هەوڵدەدەین بە ئاگای بێنینــەوە و بازاڕی ئازاد وهەلی یەکسانی کار بۆهەموان بە دیاردەیەکی سروشتی بۆ پێناسە ئەکەیــن بۆ ئەوەی تێبگات چۆن بە ناوی ئازادی و مافی تاکەوە مافی هەزارانی دیکەی پێشــێلکردووە، بۆیە بە ناچاری پێیدەڵێین ئایــا دەزانیت هەندێك بەرهەمی بەهاری خۆرســك هەیە موڵکی کــەس نییە و موڵکی هەموو کەسێکیشــە بــۆ نموونە ( کەنگر، رێواس ..زۆر شتی تریش)،ئەم بەرهەمە خۆرسکە بە تەنها موڵکی کــەس نییە،بەڵکو موڵکی هەمومانە، هەمــوو تاکێك بۆی هەیە بەیانی بچێت بۆ ئەو کێوەو چەند توانای هەیە هەڵیبکەنێت و کۆی بکاتەوە و چەند تواناشــی هەیە لێی بفرۆشــێت،بەڵام کەس بۆی نیــە کێوەکە تەلبەند بکات و بڵێت ئەوەی مۆڵەت لەمن وەرنەگرێت بۆی نیە لەم کێوە کەنگر هەڵبکەنێت،ئەوجا تۆش وەك هەر تاکێکی دیکە ئازادی و بەیەکســانی هەلی هەڵکەندی کەنگر لەبەردەمتا کراوەیە، خەڵك بە دارێك کەنگر هەڵدەکەنێت، حەزەکەی تۆ گاسنێك بــەرە چەند توانات هەیــە کۆیبکەرەوە ئەوە مافــی خۆتە، بەڵام تەلبەندی کێوەکە بکەیت و بە فەرمانی تۆ کەنگر بێتە ئەو شــارەوە ئەوا بێجگە لەوەی مافێکی یەکســانی هەلــی کەنگر هەڵکەندن لە تاکەکانی دیکە پێشــێل دەکەیت، بازاڕیــش قۆرخ دەکەیت، کە بازاڕیشــت قۆرخکرد،واتە ململانێ نەما و کە ململانێش نەما ئەو کاتە غەش لە کوالیتی سروشتی کەنگرەکە دەکەیت، هەم کەنگرەکە قورەکــەی لێناکەیتەوەو هەمیش کەنگرەکــە تەڕدەکەیت بۆئەوەی قوڕس بێت و قازانجی زیاترت دەســبکەوێت، لە کاتێکدا نە کێوەکە هی تۆیە، نەبازاڕ، نە کەنگرەکەش،لەوانەیە لەم حالەتەشــدا بڵێیت، خۆمن بەزۆر بەخەڵکی نافرۆشــم، با لێم نەکــڕن، ئێمەش دەڵێین ئــازادی قۆرخ مەکە ئینجا بزانە خەڵك لێتدەکڕێت؟ دڵنیابە ئەگەر ئازادی ومافەکان بگەڕێنەوە، بە بازاریشــدا بڕۆیت ڕێگەت نادەن لەناو بازاڕەکە بمێنیتەوە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی تۆ وەك بازرگانێك، بازاڕ پێناسەی بۆ داناویت وبازرگانی غەشایش لە بازاڕدا جێگەی نابێتەوە، جێگەشت بێتەوە ..کەس کەنگر لە تۆ ناکڕێت، لەبەرئەوەی کەنگری پاکتر و هەرزانتر هەیە، ئەم نموونەیەمان بۆیە بەکەنگری بەســەزمان هێنایەوە لەبەر ئەوەی هەتا نووسینی ئەم راپۆرتە هیچ مرۆڤێــك خاوەنداریەتی کنگر هەڵکەندنی قۆرخنەکردووە، بۆیە هەم نموونەیەکی سادەیە بۆ تێگەیشــتن، هەم سەلامەتیشە و لەشەڕی هەندێك کۆمپانیاش دووردەکەوینەوە کە کەنگرەکە لەبنی هەمانەکەی داوە،بەڵام لەبــەر ئەوەی خاوەنی ئــەو کۆمپانیایە قەدری کەنگر نازانێت، بە پارەی بەلاش ولەســەر ماف وئازادی تاکەکانی دیکە، زۆر لە کەنگر هەڵکەندنی دەسکەوتووە و نەدەستی قوڕاویش بووە و نە بە کێویشدا هەڵگەڕاوە، بۆیە ئەگەر لێشمان تێبگات چی دەڵێین پێی شــەرمە کەنگر بە بەرهەمەکەی خۆی بەراورد بکات.هەربۆیە کاتێك سیاسەتمەدارێك یان بەرپرسێکی گەورە،کە داوامان لێدەکات چاخواردنەوەی ئاسایی و ســەردانە تەشریفاتیەکانی بۆ بکەین بە هەواڵ و بە مانشێتی گەورە وسەرنج راکێش بۆی بڵاو بکەینەوە، یان کەدەچێت قردیلەی پرۆژەیەکی (.....)دەقرتێنێت، داوامان لێدەکەن پرۆژەکە وەك بەخشراوی ئەو بۆ میللەت بڵاوبکەینەوە،کەدێتە سەر پاراســتنی ماف وئازادی تاك، کە دێتە ســەر دەسەڵاتی بازار بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکی ئابووری، دەبینین، هەموو ماف وئازادی و بازار بە موڵکی خۆی دەزانێت،بۆیە ئێمە ناتوانین وەك رۆشنبیر یان رۆژنامەنووس هاوکاری چەســپاندنی ماف وئازادی بکەین، هەتا ماف وئازادیەکان لــەو دێری ئایدۆلۆژیەکان رزگار نەکەین، دەبێت هەوڵبدەین ئەوەی تائێستا بە قازانجی نامەشروع و قۆرخکردن کۆی کردۆتەوە، لەمەودوا بواری پێنەدەین و دەبێت لە چوارچێوەی یاســا هەلیبوسرێنێت، کە ماف وئازادی ئازاد کرا، ئەو کاتە با ئەو بەرپرسە بەڕێزەش ئەگەر لێهاتووە و بزنســمانێکی کارامەیە با بە شــێوازی شەرعی و لە چوارچیوەی ســەروەری یاسادا، کۆمپانیایەکی وەك کۆمپانیای سامســۆنگ دابمەزرێنێت، هێندەی هەموو حکومەتی کوردســتان کارمەندنی دەبوو، خوای دەکرد ســەرمایەکەکەی ١٠ هێندەی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبوو،ئەو کاتە

**لە وڵاتێکدا رۆژنامەی ئازاد کاری حزبی پێبکرێت دەبێت فەسادی سیاسیی لە ناخی ئەو کەسانە گەیشتبێتە کوێ**

**ئەگەر قورەیشیەکان پەیمانی حودەیبییەیان نەشکاندایە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) مەککەی دەگرت و بتەکانی دەشکاند، ئەمە مێژووە، ئەو مێژوویە کە سیناریۆی فیلمی(الرسالە)ی عەقادی لەسەر نووسراوە و ئیسلامی لەبەر چاوی رۆژئاوا گەیاندە ئەو ئاستە بەرزەی رۆژئاواییەکان بە چاوی قینەوە سەیری ئیسلام نەکەن**

**سەیر بکەن هەتا کەنیسە حوکمڕانی کردووە دیاریەکانی پەروەردگار بۆ مرۆڤ سووکایەتی پێکراوە، بەڵام کە ئەقڵ لە کەنیسە ئازاد کرا، لەسەر پەیامی پەروەردگار، لەسەر بنەمای ئەو ماف وئازادیانەی پەروەردگار بە مرۆڤی بەخشیوە دەستوورێکی مەدەنی ئەوتۆ دارێژرا، کە هەموو بەها بەرزەکان بۆ ئایین و کەرامەتی مرۆڤ گەڕێنرایەوە.**

لەبری ئەوەی رەخنەی لێبگرین، شانازیشی پێوەدەکەین.کێ هەیە لە کوردســـتان پێی ناخۆش بێت دەیان کۆمپانیای وەك کیا و ناشناڵ و تویوتا و سۆنی ..هتد لە کوردستاندا نەبێت، بەڵام چۆن روومان بێت باسی ئەوە بکەین،سیاسەتمەدارێك ڤیزەی تەزویر بدات بە بازرگانێك و بچێـــت لە چیـــن داوا بکات، کەلوپەلی خراپـــم بەری بۆئەوەی قازانجی زیاتر بکەم.

## -٢
## شەری هەڵبژاردن
## فەسادی سیاسیی

ئەوەی لە خاڵی یەکەم باســـمانکرد، قۆرخکردنی ئازادی ومافەکان بوو، بۆ فەســـادی ئابووری، بێگومان هەموو ئاکامی فەســـادی ئابووریمان بینیوە چ کارەساتێکی بەسەر گوزەرانی خەڵکدا هێناوە، بۆیە دەبێت رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان یەکەمجار لەوە هۆشیار بن چۆن ئازادی و مافەکان رزگار دەکرێن و دەردەهێنرێنەوە لە ناو ئەو ئایدۆلۆژیایەی کەیەکەمیان هەر سیاســـیە بۆ مەبەستی فەسادی ئابووری بەکاردەهێنرێت و دووەمیشـــیان هەر سیاسیە بۆ مەبەستی فەسادی سیاسیی بەکاردەهێنرێت.

بێگومان بۆیە فەســـاد بەکاردەهێنین لەبری گەندەڵی لەبەر ئەوەی گەندەڵـــی خەریکە دەبێتە ئەو وشـــە بێتام وبـــێ ئیرادەیەی ماف وئیرادەی تاکی پێ لە خاچ دەدەرێت، بۆیە لەگەڵ ئەوەی فەســـاد هەمان مانای گەندەڵی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی وشـــەی فەساد وەك دەلالەتی وشـــە، ماناکەی وەك خۆی ماوەتەوە بۆیە فەســـاد بەکاردەهێنین،لەو پرســـیارەوە دێینە سەر مانای فەسادی سیاسیی، ئایا مەبەســـتمان لە فەسادی سیاسیی چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەچەند خاڵێك ئاماژە پێدەکەین:

١- هەموو ئەوانەی دەیانەوێت بـــە ئایدۆلۆژیەت خەڵك لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، هەوڵدەدەن خەڵکەکان یان مرۆڤەکان لە ئازادی،لە هۆشـــیاری بە بوونی خۆی کە مرۆڤـــە، دابماڵن، ئەمە لە پێناوی ئەوەی ئەگەر ســـیفەتی مرۆڤی لێ دانەماڵێـــت، ناتوانێت بیکاتە ئەو کۆیلەیەی کە مەرامەکەی بۆ جێبەجێ بکات، هەربۆیە کە بە ئایدۆلۆژیەت شوێنکەوتوانی خۆی لە هۆشیاربوون بە خودی خۆی داماڵی لە مرۆڤایەتیـــش دایدەماڵێت، کە لە مرۆڤایەتیش دایماڵی پەنا بۆ هەموو شتێك دەبات بۆ ئەوەی لە خزمەتی ئایدۆلۆژیەتەکەی خۆی تەوزیفی بکات.لێرەدا ئەرکی رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانە تاك لەو داماڵینە لە خود و لەمرۆڤایەتی ئاگادار بکاتەوە.نموونەی سادە لەمبارەیەوە، ئەو فەسادە سیاسیەی پارتی کۆماری لە ساڵی ١٩٧٢ دژی پارتی کۆماری ئەنجامیداو رووداوە ئابڕووبەرەکەی واتە گێتی لێکەوتەوە، ئەگەر رۆژنامەی واشـــنتۆن پۆســـت نەبوایە، نیکسۆن فەسادەکەی رۆیشتبوو، بەڵام رۆژنامەی واشنتۆن پۆست نەیهێشت ئەو فەســـادە سیاسیە سەربگرێت،ئێســـتا لە وڵاتی ئێمە ئەخلاقی رۆژنامەنووســـی دەکرێت بە ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیی بۆ شەڕی هەڵبژاردن بەکاردەهێنرێت، لە وڵاتێکـــدا ئەخلاقی رۆژنامەگەری بکرێت بـــە ئایدۆلۆژیا، هەقـــە هەموو رۆژەکانـــی هەفتە بنەما ئەخلاقیەکانی کاری رۆژنامەگەری جیهانی بەکوردی بڵاوبکرێتەوە، لە وڵاتێکدا رۆژنامەی ئازاد کاری حزبی پێبکرێت دەبێت فەسادی سیاسیی لە ناخی ئەو کەســـانە گەیشتبێتە کوێ،دەبێت بە نیازبن بە کۆیلەکردنی ئازادی چ پیلانێك بەرێوەبەرن، لەوانەیە خوێنەر کە ئەم رەخنە توندە دەخوێننەوە پێمان بڵێن، ئەرێ ئەفەندینە ئێوە خۆتان فەرمانبەری حزبن،باســـی چی رۆژنامەی ئـــازاد دەکەن، ئێمەش دەڵێین ئێمە نەمان شـــاردۆتەوە و هەموو کـــەس دەزانێت گۆڤاری گوڵان یەکێك لەو گۆڤارانەی سەر بەمەکتەبی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئێمە خۆمان لە ریزی میدیای ئازاد پۆلێن ناکەین، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە بڕوامان بە ئازادی نیە، نەخێر ئێمە بڕوامان بە ئازادی هەیە، بڕواشـــمان بـــە میدیای ئازادیش هەیە و بە کۆڵەگەی دیموکراسیشی دەزانین، تەنها بڵاوکراوەشین لە کوردستاندا کە ســـاڵی پار بۆ یەکەمجار بنەما ئەخلاقیەکانی رۆژنامەگەری پرۆفیشناڵمان بڵاو کردەوەو دیمانەشمان لەگەڵ زۆر لەو رۆژنامەنووســـە ناودارانەی جیهان کرد، کە خاوەنی خەڵاتی پۆلیتزرن و یەکێك لەو بەرێزانەش رۆژنامەنووس داڤید بۆردەرە کە یەکێکە لە رۆژنامەنووسانی سەردەمی واتەرگێتی واشنتۆن پۆست و ئێستاش بەردوام ستووننووسی رۆژنامەی ناوبراوە..پێشمان وایە بێجگـــە لە بنەما ئەخلاقیەکانی رۆژنامەگەری پیشـــەوەر نابێت هیچ شتێکی دیکە سانسۆر لەسەر کاری رۆژنامەنووسی دابنێت، بۆیە کاتێك رۆژنامەگەری لە ژێر پەردەی رۆژنامەگەری ئازادا ئایدۆلۆژیای سیاسیی پێ هەڵدەسووڕێنرێت و لیستی هەڵبژاردنی پێ دروستدەکرێت، ئەوانەی لەو سەنگەرە ئەو مافە بە خۆیان رەوا دەبینن گەورەترین ســـووکایەتیان بە ئازادی کردووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا رۆژنامەی خەبات و کوردســـتانی نوێ کە زمانحاڵی پارتـــی ویەکێتین، کە بە خۆیان ناڵێن رۆژنامەی ئازاد، یان خۆڵ ناکەنە چاوی خەڵك و بەئاشـــکرا دەڵێن ئێمە دەربڕی سیاســـەتی پارتی ویەکێتین، ناتوانن فێڵیکی لەو جۆرە لە خەڵکی کوردستان



**ئایا پەروەردگار نەیدەتوانی یارمەتی ئادەم بدات بۆ ئەوەی بەقسەی ئەهریمەن هەڵنەخەڵەتێ، یان بۆ ئەوەی بوو کە ئادەم دەبێت پشت بە ئەقڵی خۆی ببەستێت و بە ئەقڵی خۆی ئەو بەهەشتە لەسەر زەمین دروست بکات کە خوا پیشانی داوە**

بکەن،بەڵــێ دەتوانن، بەڵام جوانیەکەیان ئەوەیە راســتە ئۆرگانی حزبن، بەڵام سەربەرزن کە ئازادییان نەکردووە بە کۆیلە.

**٢-** هەمــوو ئەوانــەی ئامانجەکانیان لــە کۆیلەکردنی ئازادیدا دەبیننەوە، وشەکان وەك مانا بە ڕێنووسی خۆی دەنووسنەوە، بەڵام بــە دەلالەتی جیاواز، بۆ نموونە، وشــەی گەندەڵی بە دەلالەتی سیاسیی مەبەستدار و بۆ فەسادی سیاسیی بەکاردەهێنن،چۆن؟ محەمەد حەســەنین هەیکەل لە کتێبی ( السـلام مســتحیل و الدیمقراگیــە الغائبــە) دەڵێت دوای ڕێککەوتنــی کامب داڤید بانگهێشــت کرام بــۆ زانکۆی ئۆکســفۆرد لــەوێ یەکێك لە قوتابیەکانی ئۆکســفۆرد لێی پرســیم ئەگەر جەمال عبدولناسر بمایە ئایا ســادات کامب داڤیدی ئیمــزا دەکرد؟ هەیکەل دەڵێت نەمزانــی چۆن وەڵامی بدەمەوە بۆیە پێم گووت، ئێمەو جوولەکە ئامۆزاین،جوولەکە کە پرســیاری لێدەکەیت، بەپرسیارێکی دیکە وەڵامت دەدەنەوە، بۆیە منیش لەبری ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، پرسیارێکی ترت لێدەکەم ئایا ئەگەر عەبدولناصر بمایە سادات پێگەی چی دەبوو؟ بێگومان هەیکەل مەبەستی بووە ئەوە بڵێت، ئەگەر ناصر بمابایە سادات سەرکۆمار نەدەبوو هەتا بتوانێت ریککەوتن ئیمزا بکات.

**٣-** هــەر کەســێك قەڵاچۆکردنی گەندەڵی بــکات بە ئامانج، بەرنامەیەکــی راشــکاوی دەبێت، بەرنامەکەی چارەسەریشــی تیا دەبێت، هەتا ئێســتا بەرنامەیەکی ســەردەمیانەمان نەبینوە بــۆ چارەســەرکردنی گەندەڵی، بۆ پێشخســتنی ئابووری و بۆ پێشخستنی کشتوکاڵ، بۆ چاککردنی بەرنامە خزمەتگوزاریەکان، ئــەوە بەرنامە نیە چەند دەســتەواژەیەکی خوازراوی هەفتاکانی چین بکرێت بەکوردی میللەتی خۆتی پێهەڵبخەڵەتێنیت، بەرنامە ئەوەیە کۆنگرە ڕێکبخرێت و بە ئاشکرا میللەتەکەتی تیا بەشداری پێبکەیت، ئەوە بەرنامە نیە وا بزانیت خۆت ســەرچاوەی هەموو مەعریفەیەکی، ئەوە بەرنامەیە شــارەزایانی جیهان بانگ بکەیت بڵێــت فێرم بکەن چۆن بەسیســتەمی دامەزراوەیی کار دەکرێت، سیســتەمی بانکی و سیستەمی تەئمین چۆن دادەمەزرێت، ئەوە بەرنامەیە بچیت کۆمپانیا بێنیتە کوردســتان چۆن دامەزراوەی ســەربەخۆیی دادەوەری دادەمەزرێت و چــۆن کار بەو دامەزراوە دەکرێــت، ئەوە بەرنامەیە بچیت لە شــارەزایانی خاوەن ئەزموون بپرســیت چۆن کشــتوکاڵ بکەینە کێڵگەیەك بــۆ وەبەر هێنانی سەرمایە، وەك پرۆفیســۆر گاریس ستانفیلد لە کتێبی کوردستان و وەبەرهێنــان لــە ئایندە بە وتارێك بە شــداری کــردووە چۆن کشتوکاڵ لە کاری جووتیارەوە دەکرێت بە بازرگانی کشتوکاڵی و وەبەرهێنانی سەرمایە لەبواری کشتوکاڵدا، چۆن ئاوی خواردنەوە بۆ هەموو کوردســتان دابیندەکرێت، ئێســتاش زۆربەی خەڵکی کوردستان،تایبەتمەندییەکانی بواری ئاو نەبێت نازانن ئاوی دوکان بە چ پرۆژەیەك دێتە سلێمانی، کەواتە کە بەرنامەیەکی سەردەمیانە بۆ چارەسەری فەسادیی نەبوو، واتە چارەسەرکردنی فەساد ئامانج نییە، بەڵکو ئیفلیجکردنــی ئیرادەیە بۆ نائومێد کردنی خەڵك و تێرکردنی حەزێکی شێتانە بۆ شلۆقکردنی بنەماکانی سیستەمی سیاسیی وبڵاوکردنەوەی فەسادی سیاسی، ئەم حاڵەتەش دیسان لەوەوە دەســت بە چارەسەرکردنی دەکرێت، یەکەم دەسنیشانکردنی فەســادەکە، دووەم پەنابردن بۆ ســەروەری یاسا، بەڵام سەروەری یاسایەك کە دەسەڵاتی لیڤاســانەکەی هۆبزی هەبێت، بۆئەوەی رەگداکوتانەوەی سیستەمە سیاسیەکە ئەو فەسادە سیاسیە قەلاچۆ بکات کە ئامانجی شلۆقی سیستەمە سیاسیەکەیە.



**●●●**

**لە ئێوارەی ٢٠٠٩/٣/٢٠ لەکەلار، یەکگرتووی ئیسلامی ئاهەنگی لەدایکبوونی پێغەمبەر(د.خ) دەخاتە ئەو ڕۆژە کە ڕۆژی نەورۆز و لە دایکبوونی ئازادیە بۆ کوردستان،ئەمەشیان کە کردووە، نەک لە پێناوی ئەوەی پێیانباشترە کورد یادی لە دایکبوونی حەزرەتی محەمەد (د.خ) ونەورۆزیش پێکەوە بکاتەوە، نەک لەبەر ئەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەریش(د.خ) ڕۆژی لە دایکبوونی ئازادیەو جەژنەکە بکرێتەدوو جەژن، نەک بەو ئامانجەی خەڵکی کەلار لە ڕۆژی نەورۆزدا لەگەرورەیی پێشەوای مرۆڤایەتی تێبگات بۆ ئازادی، نەخێر هەموو ئامانجیان بۆ ئەوە بووە نەورۆز بشارنەوە،ئەمە مەترسیەکەیەکە کە دەست بۆ پیرۆزترین شت دەبەن کە مەولودی پێغەمبەرە و لە ناو ئایدۆلۆژیەتێکی بۆگەندا تەوزیفی دەکەن بۆ ئەوەی دژایەتی میللەتی خۆیانی پێبکەن**

**●●●**


**●●●**

**لە وڵاتی ئێمە ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی دەکرێت بە ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیی بۆ شەڕی هەڵبژاردن بەکاردەهێنرێت، لە وڵاتێکدا ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری بکرێت بە ئایدۆلۆژیا، هەقە هەموو ڕۆژەکانی هەفتە بنەما ئەخلاقیەکانی کاری ڕۆژنامەگەری جیهانی بەکوردی بڵاوبکرێتەوە**

**●●●**

# باشیەکانی لیستی داخراو زۆر زیاترن لەهی کراوە

## ئامانجی هەڵبژاردن بونیادنانی سەقامگیری و حکومەتی کاریگەرە
## پێویستە سیستەمی هەڵبژاردنیش لە خزمەتی ئەو ئامانجەدا بێت



هەڵبژاردن پرۆسەیەکە کۆمەڵێك ئامانج لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە بۆیە پێش ئەوەی باس لە سیستەمێکی دیاریکراو بۆ هەڵبژاردنەکان بکەین، دەبێت ئامانجە سەرەکییەکان بخەینەڕوو کە ئەو پرۆسەیەی هەڵبژاردنی لە پێناودا دەکرێت، خستنەڕووی ئامانجی پرۆسەی هەڵبژاردن یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی لە بەر رۆشنایی ئەو ئامانجانەی کە پرۆسەکەی لە پێناودا ئەنجام دەدرێت، سیستەمی هەڵبژاردنەکە بە شێوەیەکی واقعیانە هەڵبسەنگێن، هەر بۆیە ئەگەر لای هەندێك کەسیش پرۆسەی هەڵبژاردن هیچ ئامانجێکی نەبێت و تەنیا ئامانج ئەنجامدانی پرۆسەکە بێت و هیچی دیکە و پاشان ئەو پرۆسەیە هەرچی بەرهەمدەهێنێت، بکەوێتە ئایندەیەکی نادیارەوە، بێگومان ئەمە ناکەوێتە چوارچێوەی ئامانجی پرۆسەی دیموکراتی، بەڵکو دەکەوێتە چوارچێوەی خولقاندنی ناسەقامگیری و هیچی دیکە، بۆیە گرنگە واقیع و تایبەتمەندی وڵاتی خۆمان لەبەرچاو بگرین و لەبەر رۆشنایی ئەو واقیعە و ئەو ئامانجانەی لەم قۆناخەدا گەلەکەمان لەسەر ئاستی ناوخۆ و پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و ئیقلیمی هەیەتی، ئازادانە گفتوگۆی شێوازی بڕیار لێدراو بۆ هەڵبژاردنەکانی ئایندەی کوردستان بکەین، لەم هەفتەی رابردوودا پەرلەمانی کوردستان بڕیاری شێوازی گونجاوی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی بە شێوازی لیستی داخراو دا، ئەم شێوازە کە لەکۆی نزیکەی ٨٠-٨٥ دەوڵەت کە پرۆسەی هەڵبژاردن بە شێوازی سیستەمی رێژەیی ئەنجام دەدەن، ٧٢ دەوڵەتیان شێوازی لیستی داخراو پەیڕەو دەکەن، هەندێکیان شێوازی ٢ خولی هەڵبژاردن پەیڕەو دەکەن، ئەوەی دەمێنێتەوە چەند دەوڵەتێکن کە ئەو شێوازە لە چوارچێوەی سیستەمی رێژەیی پیادە دەکەن، کەواتە لیستی داخراو کۆمەڵگەی داخراو بەرهەمناهێنێت، بەپێچەوانەوە ئەوە لیستی کراوەیە هەندێك جار کۆمەڵگەی داخراو بەرهەمدەهێنێت، وەك هەڵبژاردنەکانی کوەیت بەتایبەتی کە یەك ئافرەت بۆ پەرلەمانی کوەیت نەیتوانیوە دەربچێت، ئەمە بێجگە لە کۆمەڵێك لایەنی سلبی دیکە کە هاووڵاتیان لەسەر بنەمای هۆز وخێڵ دەنگ دەدەن نەك لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی و بەرنامەی پارتە سیاسییەکان، حاڵەتی عێراق بە پەنابردنی بۆ لیستی تێکەڵاو حاڵەتێکی تایبەتییە، هەڵبژاردنە لە نێوان دوو رێگەچارەی خراپدا واتە (ئەگەر بە لیستی داخراو پرۆسەکە ئەنجام بدرێت، ئەوا بەرەنجامەکەی توندوتیژی باڵادەستی ئەو حزبانە دەبێت کە هەڕەشە لە دیموکراتی دەکەن و بەرنامە سیاسییەکانیان خزمەتی پرۆسەی دیموکراتی ناکات، کە ئەمە ئاکامی دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ دەریخستووە و رێگەچارەی دووەمیش کە پەنابردنە بۆ لیستی تێکەڵاو بۆ ئەوەیە نفوزی حزبە سیاسییەکان کەم بکرێتەوە، جوانترین نموونە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی ئەنبارە، لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ لیستی داخراو بوو کە حزبی ئیسلامی عێراق باڵادەست بوو، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ تێکەڵاو بووە، لیستی شێخ ستار ئەبو ریشەی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەحوەی ئەنبار باڵادەست بووە، کە لیستەکەی بەناوی (لیستی عەشایر و رۆشنبیرانی ئەنبار بووە) بێگومان لە بنەڕەتدا لیستەکە تەنها لیستی عەشایرە بەڵام لەوانەیە چەند کەسێکی خوێندەواری ئەو عەشیرەتەی تێدا بێت، بۆیە پرسیار ئەوەیە لیستی حزبی ئیسلامی دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت باشترە، یان لیستی شێخ ستار، بێگومان هیچ کام لەو ٢ لیستە خزمەتی پرۆسەی دیموکراتی پارێزگای ئەنبار ناکەن، بەڵام هەرچۆنێك بێت عەشایەرێك دەسەڵاتدار بێت باشترە، نەك حزبێکی ئیسلامی سیاسی کە هەر لەبنەڕەتەوە بۆ دژایەتی دیموکراتی دروست بووە و بڕوای بە دیموکراتی نییە، کەواتە پەنابردنی عێراق بۆ گۆڕینی لیستی



**ئەوە لیستی کراوەیە هەندێک جار کۆمەڵگەی داخراو بەرهەمدەهێنێت، وەک هەڵبژاردنەکانی کوەیت بەتایبەتی کە یەک ئافرەت بۆ پەرلەمانی کوەیت نەیتوانیوە دەربچێت، ئەمە بێجگە لە کۆمەڵێک لایەنی سلبی دیکە کە هاووڵاتیان لەسەر بنەمای هۆز وخێڵ دەنگ دەدەن نەک لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی و بەرنامەی پارتە سیاسییەکان**

داخراو مەسەلە ئەوە نییە هەنگاویان بەرەو پێشەوە هەڵگرتووە یان گەڕاوەتەوە بۆ دواوە، نەخێر ئەوە حاڵەتێکی تایبەتییە، نەخۆشێکە ئەم ڕێگەچارەی چارەسەرکردنیشی لەگەڵدا تاقیدەکرێتەوە، بۆیە کە دێینە سەرباســـی هەڵسەنگاندنی شـــێوازەکانی هەڵبژاردن دەبێت بە وردی لەسەر مەسەلەکە هەڵوەستە بکەین، نەك کراوە و داخراو بە مانای کۆمەڵگەی داخرا و کراوە پیشانی کۆمەڵگەی خۆمان بدەین، لێرەوە دەگەڕێینەوە ســـەر ئەســـڵی مەسەلەکە و دەپرسین، دەبێت چۆن سەیری ئەم هەڵبژاردنە بکەین و دەخوازین ئـــەو ئاکامانەی ئەم هەڵبژاردنانەی کە بە لیســـتی داخراو لە کوردستان دەکەونەوە چیبن؟، ئێمە لەم ڕاپۆرتە پێمان دەبێت ئەو ئامانجانە لەبەر چاوبگرین :

١- پەرلەمانی کوردســـتان وەك تەنیا پەرلەمانێك لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بڕیاریداوە کە نابێت ڕێژەی بەشـــداری ئافرەتان و ژنان لە پەرلەمانی کوردستاندا ٪٣٠ کەمتر بێت، بۆیە زۆر گرنگە سیســـتەمی دەسنیشانکراو بۆ هەڵبژاردن دژی ئەم بڕیارە شارستانی نەبێت. تەنیا لیستی داخراو زامنی پاراستنی ئەم ڕێژەیە دەکات و ئەگەر لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی عەرەبی بڕوانیین، کە لیســـتی داخراو نەبووە، دەبینین لە کوەیت یـــەك ئافرەت دەرنەچووە، لە عەمـــان ٢ ئافرەت، لە ئەردەن ٦، لـــە بەحرێن ٤، خۆ ئەگـــەر لە عێراقدا یاســـای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێـــراق وەك هەڵبژاردنی پارێزگاکانی لێبێت ئـــەو کات دەبینین چـــۆن، ڕێژەی بەشـــداری ئافرەتان دادەبەزێت بۆ ٪١-٢.

٢-سیستەمی هەڵبژاردنی لیستی داخراو، هاندەرێکە بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان ناچار بن بەرنامەی باش دابڕێژن و، هاندەرێك بێت بۆ ئەوەی دەنگدەر لەسەر بنەمای بەرنامەی خزمەتگوزاری دەنگ بە پارتە سیاسییەکان بدات.

٣-بـــۆ بارودۆخی وڵاتی ئێمە، کە کاریگەری عەشـــائیری لە ئاســـتێکی بەرزدایە بە ڕادەیەك کە نەك لێیـــان قبوڵ دەکرێت دەســـت لە کاروباری ناوخۆی پارتە گـــەورەکان وەربدەن، بەڵکو لەمەش زیاتر عەشـــائیر بڕوای بەخـــۆی هەیە کە وەك ئەرکێك بکەوێتـــە ناو کێشـــەی پارتە سیاســـییە گـــەورەکان و ڕۆڵی ئاشـــتکردنەوە و میانگیریش بگێڕێت، نموونەی تازەش لەمبارە لە کوردستان هەیە، بۆیە دەبێت سیستەمی هەڵبژاردن هۆکارێك بێت بۆ ســـنووردارکردنی ئەم دیاردەیە و گۆڕینی ئەم دیاردەیە لـــە ئینتماوە بۆ هـــۆز وخێڵەوە، بۆ ئینتمای نیشـــتمانی، نەك سیســـتەمی هەڵبژاردن بە شـــێوەیەك بێت کە کۆمەڵێك ئەندام پەرلەمان بێنە ناو پەرلەمـــان خۆیان بە قەرزداری دەنگی هۆز یان خێڵەکەیان بزانن، نوێنەرایەتی هۆز و خێڵەکانیان بکەن نەك نوێنەرایەتی گەلی کوردســـتان. تەنیا شـــێوازێك کە ڕێگە لەم دیاردەیە دەگرێت لیستی داخراوە.

٤- لیستی داخراو، دەرگا بۆ کەســـانی تەکنۆقرات و پیاوانی ئایینی میانرۆ و نیشـــتمانپەروەر دەکاتەوە، نایانخاتە بەردەمی ململانێیەکەوە، کە هێشـــتا کۆمەڵگـــە ناتوانێت بۆ بەرژەوەندی ئەوان یەکلایی بکاتەوە.

٥- شـــێوازی هەڵبژاردن بۆ ئەم قۆناخـــەی ئێمە کە بێجگە لە کێشـــە ناوخۆیەکانی ناو هەرێمی کوردستان، چەندین کێشەی هەڵواسراویشـــمان لەگەڵ بەغدا هەیە، هەروەها چەندین کێشە و ئاڵۆزیمان لەگەڵ دەوڵەتانی ئیقلیمی هەیە، تەنیا شێوازی لیستی داخراوە کە ســـەرکەوتوو دەبێت، لەبەر ئەوەی پێویستە شێوازی هەڵبژاردن لە خزمەتی بڕیاری بەرپرســـانەدا بێت، هەربۆنموونە پەرلەمانـــی داهاتوو دەبێت هێنـــدە بڕیارەکانی یەکلاکەرەوە بێت چارەنووســـی ماددەی ١٤٠ دیاری بکات، و ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

٦- ئەوەی تا ئێستا لەســـەر ئاستی جیهان شانازی پێوەدەکەین ئەو ئارامی و ســـەقامگیریە کە لە ئاکامی هاوپەیمانی پارتی دیموکراتی کوردســـتان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پلەی یەکەم، بەشێوەیەکی گشتیش ئەو جومگە بەندیەی نێوان سەرجەم لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و سەرجەم نەتەوە و ئایینەکانی کوردســـتانە، کە هەریەکەیان بەپێی قەوارەی خۆی لە پەرلەمان و حکومەت بەشـــدارە و ئەم فرەلایەنی و فرە ئایین و نەتەوەییە پێکـــەوە و بـــە جیاوازیەکانیانەوە هاریـــکاری و هەماهەنگیان دروســـتکردووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پێشەوە دەچێت و بۆتە بنەمایەك بۆ چەسپاندنی گیانی لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردن، بۆیە شـــێوازی هەڵبژاردن بە لیســـتی داخراو پارێزگاری بەم دیاردە جوانەی کوردستانەوە دەکات، کە ئەمڕۆ بۆتە ناسنامەی پێشکەوتنمان لە جیهاندا.

٧- سیســـتەمی هەڵبژاردنی لیســـتی داخـــراو هۆکارێکە بۆ کامڵبوونی ئۆپۆزســـیۆن و بە ئاگا هێنانەوەی ئەو کەســـانەی



**لە کوەیت یەک ئافرەت دەرنەچووە، لە عەمان ٢ ئافرەت، لە ئەردەن ٦، لە بەحرێن ٤، خۆ ئەگەر لە عێراقدا یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق وەک هەڵبژاردنی پارێزگاکانی لێبێت ئەو کات دەبینین چۆن ڕێژەی بەشداری ئافرەتان دادەبەزێت بۆ ٪١-٢**

خەونی سوپەر ئەنتلێکچوەڵ و سوپەر خەلیفە دەبینن، دەبێت سیستەمی هەڵبژاردن بەو جۆرە بێت رێگە نەدات دیاردەی دواکەوتوویی و توندوتیژی و خۆزانیین بە سەرچاوەی حەقیقەت لە کوردستان سەرهەڵبداتەوە.

٨-دەبێت ئاستی هۆشیاریمان لە ئاستێکدا بێت، لایەنە باش و خراپەکانی شێوازەکانی دەنگدانی دیموکراتی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لێکجیابکەینەوە، هەروەها دەبێت بزانیین بۆچی ئەمرۆ لە جیهاندا (دیموکراتییەتی راستەوخۆ ) کە نموونەییترین شێوازی دیموکراتییە پیادە ناکرێت، هەروەها دەبێت بزانین لە نێوان شێوازەکانی دەنگدانی ناراستەوخۆشدا، بۆچی شێوازی سیستەمی رێژەیمان هەڵبژاردووە و لە ناو سیستەمی رێژەیشدا بۆ شێوازی یەك خولی دەنگدان و لیستی حزبەکانمان هەڵبژاردووە و لە شێوازی لیستی حزبیشدا رێزبەندی لیستەکەمان بۆ حزب هێشتۆتەوە، ئەم خاڵە رەنگدانەوەی ئاستی هۆشیاریمان بۆ دیموکراتیەت پیشاندەدات، بۆ ئەوەی لەپشت پرۆسەکەوە ئامانجە راستەقینەکانمان لێ ون نەبێت، گرنگە لە چوونمان بۆ دەنگدان تا ئەوپەڕی وردەکاریی بکەین، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت گەلی ئەڵمانیا هەڵەی کرد لە دەنگدانی بۆ هیتلەر، گەلی یوگسلافیا هەڵەی کرد بە دەنگدانیان بۆ میلۆسۆڤیچ، بۆیە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، دابەشبوونی ئەڵمانیا و نەمانی یوگسلافیا لەسەر نەخشە، هۆکاری سەرەکی هەڵخەڵەتاندنی گەلی یوگسلافیابوو لە دوای ساڵی ١٩٩٠ و گەلی ئەڵمانیا پێش شەڕی دووەمی جیهانی.



لێرەوە ئەگەر سەیری ئەو کەسانە بکەین کە لەژێر بانگێشەکردنیان بۆ لیستی کراوە ئامانجی تێکدانی هاوسەنگی نێوان پارتی و یەکێتیان شاردۆتەوە، دەبێت سەرنج لەو خاڵە گرنگە بدەین ئایا ئەو هاوسەنگیەی نێوان پارتی و یەکێتی توندوتیژی و نادیموکراتیەتی بەرهەمهێناوە؟ یان ئەو هاوسەنگیە هۆکارێك بووە بۆ پێگەیشتنی هۆشیاری دیموکراتی لە کوردستاندا؟ ئەگەر بەدیدێکی واقعانە سەیری ئەم حاڵەتە بکەین دەبینین بەم هاوسەنگییە، پارتی و یەکێتی سەلماندیان، کە دەتوانن پێکەوە حکومەت بەڕێوەبەرن، دەتوانن پێکەوە بەسەر تەنگژە ئیقلمی و ناوخۆییەکاندا زاڵبن، سەلماندوویانە لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی ئەو دیپلۆماتییە سەرکەوتووەن، کە دەتوانن ئیدارەی ئەزمەی وڵاتێکی وەك عێراق بکەن، کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە کاتێکدا حوکمی نیوەی جیهانی دەکرد ئیدارەکردنی عێراقی هێندەی هەموو ئیمپراتۆریەتەکەی لا قورس بووە، عێراقێك سەرچاوەی فیتنەی نێو هەموو جیهانی ئیسلامییە، ئەمرۆ کورد هەم سەرۆکایەتی کۆمارەکەی دەکات و هەم سەرۆکایەتی دبلۆماتییەت و سیاسەتی دەرەوەش، لەسەر ئاستی ئەوروپا و جیهانیش بینیمان لەسەر ئاستی کۆشکی سپی و کۆشکی ئەلیزی و تێن داون سترید، ئەنقەرەو تاران چۆن پێشوازی بەرێزان سەرۆك بارزانی و مام جەلال و کاك نێچیرڤان بارزانی کراوە، چەند جوانە ئەو شاندەی سەرۆك بارزانی سەرۆکایەتی دەکات پێکهاتەکەی تێکەڵاوێکی کوردستانییە، چەند جوانە کە مام جەلال سەرۆکایەتی شاندێك دەکات پێکهاتەکەی تێکەڵاوی کوردستانی و عێراقییە، کام میدیای جیهانی ئاماژەی بەوە کرد مام جەلال سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستانە و نێچیرڤان بارزانی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە، کەواتە بەرهەمی ئەم هاوسەنگیە، کە بەرهەمی لیستی داخراوە، بەرهەمێك نییە لێی پەشێمان بین، بەپێچەوانەوە تێکدانی ئەم هاوسەنگییە بەرهەمێك بەرهەمدەهێنیت، کەنەك هەر لێی پەشیمان دەبینەوە، بەڵکو ئایندەی ئەزموونەکەشمان دەکەوێتە ئایندەیەکی نادیارەوە، ئەمە پارانەوە نییە بۆ پارتی و یەکێتی، بەڵکو ئەمە ناهاوسەنگی نێوان پارتی و یەکێتی فێری کردووین وابیر بکەینەوە، ئەو رۆژانە فێری کردووین، کە هەڵبژاردن ئاژاوەی بەرهەمهێناوە نەك سەقامگیری، بۆیە دەبێت ئامانجی هەموومان بۆ هەڵبژاردن بەرهەمی سەقامگیری زیاتر و حکومەتێکی کاراتر بێت، تەنیا شێوازێك کە ئەم ئاکامە مسۆگەر دەکات هەڵبژاردنی لیستی داخراوە، پەنابردن بۆشێوازێکی هاوشێوەی عێراق، وەك بەیدەبای فەیلەسوفی هیندی دەڵێت (خواردنەوەی ژەهرە بۆ تاقیکردنەوە) هەربۆیە هەر شێوازێکی هەڵبژاردن لە خزمەتی ئەم تەبایی و یەکریزییە نەبێت، دوژمنایەتی ئیرادەی گەلی کوردستان و ئایندە پرشنگدارەکەی دەکات، بۆیە کاتێك دەنگدەدەین، دەبێت رەش وسپی لێکجیابکەینەوە، دەبێت لە بەرچاومان بێت کێ بوون ئەوانەی بۆ یەکەمجار لە نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆشکی سپی بۆ یەکەمجار بە زمانی کوردی وەك ناسنامەی نەتەوەیەك قسەیان کردوو، وەك چوونە سەرشانۆش، بە جلی کوردییەوە

**لیستی داخراو، دەرگا بۆ کەسانی تەکنۆقرات و پیاوانی ئایینی میانرۆ و نیشتمانپەروەر دەکاتەوە، نایانخاتە بەردەمی ململانێیەکەوە، کە هێشتا کۆمەڵگە ناتوانێت بۆ بەرژەوەندی ئەوان یەکلایی بکاتەوە**

**دەبێت بزانین بۆچی ئەمرۆ لە جیهاندا (دیموکراتییەتی راستەوخۆ) کە نموونەییترین شێوازی دیموکراتییە پیادە ناکرێت**

نایێت ئەوەمان لەبیر بچێت گەلی ئەڵمانیا هەڵەی کرد لە دەنگدانی بۆ هیتلەر، گەلی یوگسلافیا هەڵەی کرد بە دەنگدانیان بۆ میلۆسۆڤیچ

ئایا ئەو هاوسەنگیەی نێوان پارتی و یەکێتی توندوتیژی و نادیموکراتیەتی بەرهەمهێناوە؟ یان ئەوە هاوسەنگیە هۆکارێک بووە بۆ پێگەیشتنی هۆشیاری دیموکراتی لە کوردستاندا؟

دێرەکانی مێژووی جیهان هەنگاویان هەڵگرت، دەبێت ئەوەشتان لەبـــەر چاو بێت کێ بوون ئەوانەی لەگـــەڵ بەرەی تورکمانی چەپڵەیان بۆ هاورێ خۆشەویستەکەی یەشار بیوکانیت لێدەدا، کاتێك بـــە جیهانی رادەگەیاند ئیدارەی مســـعود بارزانی وەك ئیدارەکەی یاســـر عەرەفات وایە، دەیگوت بارزانی و تاڵەبانی ٢،٤ملیـــار دۆلاریان لەگەلی خۆیان دزیـــوە، دەبێت بزانن کێن ئەوانەی بەرژەوەندیان لەگەڵ یەشـــار بیوکانیت یەکیدەگرتەوە و کێن ئەوانەشی گاڵتەیان بە هەڕەشەکانی یەشار بیوکانیت دەهات و دەبێت لەبەرچاوتان بێت، ئێســـتا یەشار بیوکانیت خانەنشینە، دەبینین کێ لەسەر تەختەی شانۆکە ماوەتەوە، ببینن سەرکۆماری تورکیا چۆن پێشوازی لە سەرۆکی حکومەتی کوردستانەکەمان دەکات و چۆن لەگەڵ ســـەرکۆمارە کوردەکەی عێراق پاسەوانی شەرەف دەپشـــکنن، بۆیە دەبێت شێوازی دەنگدان، رێگە نەدات جارێکی دیکـــە کەس لەو کاتەدا چەپڵە بـــۆ مایکل رۆبینێك لێبدات، کە بەپارەی دوژمنانی کورد، لەســـەر ئاســـتی جیهان ئیهانـــەی کەرامەتی کـــورد دەکات. لیســـتی داخراو رێگەی هەڵەکردنی چارەنوسساز کەم دەکاتەوە

## بۆچی لاساییکردنەوەی عێراق

خۆبەکـــەم زانین یـــان بە گومان بـــوون لە ئیـــرادەی گەل و حکومەت و سەرکردایەتی سیاسیی خۆت، گومان و دوودڵی و بەدنیەتییە بەرامبەر بە خوێنی ســـەرجەم شەهیدانی کوردستان و بـــێ بڕواییە بە توانای گەلی خـــۆت کە توانای حوکمڕانی کردنـــی نییە، ئەگەر نا چۆن هەندێك کەس کە خۆی بەخاوەنی ناسنامەی کوردایەتی وشۆرشگێڕی دەزانێت داوای ئەوە دەکەن با کۆمســـیۆنی هەڵبژاردنی عێراق، هەڵبژاردنەکانی کوردستان بەڕێوە بەرێت، لە کاتێکدا دەســـتووری عێراق ئەو دەســـەڵاتەی داوە بە هەرێمی کوردســـتان خـــۆی هەڵبژاردنی خۆی بەڕێوە بەرێت، ئەوجـــا لێرەدا بۆ ئـــەوەی هەرکەس قـــەوارەی خۆی باش بزانێت ئینشـــاڵلا هەر بۆ وەبیرهێنانەوە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دووبارە ئەم دێرە دەنووسینەوە، (پارتی ویەکێتی پێکەوە ئەگەر هیچ پڕوپاگەندەیەکی هەڵبژاردن نەکەن و یەك ئەندامی هیچ لایەکیشـــیان لەسەر سندوقەکانی دەنگدان نەبن رێژەی لە ٪٧٠ی زیاتری دەنگەکانی گەلی کوردســـتان بەدەســـت دەهێنن) دەزانن بۆ؟ لەبەر ئەوەی گەلی کوردســـتان گەیشـــتۆتە قەناعەت، بێدەنگی پارتـــی و یەکێتی بەرامبەر هەندێـــك غەڵبەغەڵب، نیشـــانەی کامڵبوون و پێگەیشـــتنی سیاســـیانە، کە وەك ٢ حزب توانیویانە لەیەك کاتدا ٣ دۆسێەی سیاسیی گرنگ (کوردســـتانی، عێراقی، ئیقلیمی وجیهانی) بەڕێوەبەرن، ئاساییشە بە دەوڵەتانی دەوروبەر بەراوردیان بکەین، ئەوە ســـوریا ٤٢ ســـاڵە ناتوانێت تەنانەت دۆسێی جۆلان هەر هەڵبداتەوە نەك باسی بکات، بینمان چۆن لە لوبنان پاشەکشەی کرد، هەروەها بەڕێز حوســـنی موبارەکیشمان لە مامەڵەکردنی شـــەڕی ئەم دواییەی نێوان حەماس وئیسرائیل بینی، کە چۆن لەســـەر کردنەوەی رێڕەوی (رەفەح )قسەی دەکرد، کردنەوەکەش تەنیـــا بۆ گوێزانـــەوەی بریندارە مەدەنییەکانـــی (غەزە) بوو، ئەگەر بچینەوە تۆزێك پێشـــتریش بۆ ســـەردەمی ســـادات کە



خاوەنـــی رێککەوتنامەی کامپ داڤیدە، کە چۆن لە کێشـــەی ئیمارات و ئێرانی ســـەردەمی شادا رێنمایی باڵیۆزی ئیماراتی کـــردووە و پێی گوتووە (کێ لەســـەر ٤ بەرد شـــەڕ دەکات — مەبەســـتی دوورگەکانی تومب ئەلکبرا وتومب ئەلسغرا و ئەبو موسا بووە )ئینجا وەرن ســـەیری دبلۆماتییەتی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بکەن، کە چۆن حکومەتی تورکیا تیشکی ســـەوزی لە ئەمەریکاش وەرگرت، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێت سەرکردایەتی کورد نەیگوت ئەو کێشەیە چییە بۆ شەڕی لەسەر دەکەن، بەپێچەوانەوە ئەوە هەڵوێســـتی سیاسیی کوردستان بوو، کە نەك چارەســـەری ئاشـــتیانەی کرد بە بیرکردنەوەی تازەی

بەکەیفی خۆیـــان وەك هەر چاودێرێكی دیكە كە بانگهێشـــت دەكرێن ئامادەبن، هاوكاریمان بكات و چاودێری هەڵبژادنەكەمان بكات، ئەوجا با بزانین ئەوەی بەغدا كردوویەتی راست بووە، ئایا رێژەی بەشـــداربوون چەند بووە و ئاكامی هەڵبژاردنەكان چۆن بوون و چ گۆڕانكاریەكی دروستكردووە؟

- بەپێـــی هەمـــوو ئامارە رەســـمییەكان نزیكـــەی لە ٪٥٠ی دانیشتوانی ١٤ پارێزگاكەی عێراق بەشداری هەڵبژاردنەكانی نەكردووە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی رێژەی بەشداری عەرەبی سوننە بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەكانی ٢٠٠٥ لە ٪١٤ وە بەرز بۆتەوە بۆ ٪٤٠، رێژەی كوردی هەر ســـێ پارێـــزگای نەینەوا،دیالە، تكریت، ئاماژەیە بۆ ئەوەی كوردستانییەكان بەچەند رێژەیەكی بەرز بەشـــداریان كردووە، خۆ ئەگەر ئەو دەیان هەزار كەسەی بە بیانووی ئەوەی ناویان نەگەڕاوەتـــەوە بگەڕابایەوە ئەوە رێژەی كوردســـتانییەكانی ئەو پارێزگایانە دەگەیشتە سەرووی ٪٨٠، بۆیە ئەگەر رێژەی بەشـــداری كورد و عەرەبی ســـوننەی لێ دەربكەین، ئەوجـــا دەزانین رێژەی بەشـــداری لە پارێزگاكانی شیعەنشین چەند هاتۆتە خوارەوە.

٢- حزبـــی دەســـەڵاتداری عێراق كە حزبـــی دەعوایە لە هیچ پارێزگایەك رێژەی لە٪٥٠+١ی بەدەست نەهێناوە و لەهەندێك پارێزگاری شیعەنشـــین رێژەكەی دێتە خوارەوە بۆ ٪١٠، ئەمە بەو حسابەی حزبی دەعوە لە حزبەكانی دیكە باشترە.

٣- ئەوەی لە پرۆســـەی دیموكراتیشـــدا شارەزا نەبێت، تەنیا لە دەنگوباسدا گوێی لە خوێندنەوەی ئاكامی هەڵبژاردن گرتبێت، دەزانێـــت ئەم رێژەیە چ مانایەك دەبەخشـــێت، و هەر ئیدارەیەك لەســـەر ئەو رێژەی هەڵبژاردنە دابمەزرێت، بێجگە لە شـــەڕو ئاژاوە چاوەڕێی هیچ شتێكی لێ ناكرێت، ئەمە واتە، ئاكامی دەنگدانی عێراق چاوەڕێی ســـەقامگیری و حوكمڕانی باشی لێ ناكرێت و بە پێچەوانەوە مەترســـی هەڵایســـانەوەی شەڕی ناوخۆی لێدەكرێت.

### هۆكاری پەنابردن بۆ گۆڕانكاری لە لیستی داخراوەوە بۆ تێكەڵاو

هەموو ئاكامی دەنگدانی ٢٠٠٥ی باشـــوری عێراقمان بینی، كە دەنگدان بە لیســـتی داخراو ئاكامێكی باشـــی نەبوو، بەڵام پرســـیار ئەوەیە هەر شێوازی لیستی داخراو خۆی خراپە،یان بۆ هەندێك بارودۆخی تایبەتی؟ بێگومان دەبێت ئەم پرســـیارە لەو ســـۆپەر ئینتلێكچوەڵانە بكەین كە بەبێ زەربیە دەڵێن عێراق ٤ ساڵە دیموكراتی دەكات پێش هەرێمی كوردستان كەوتووە؟ باشە پێشكەوتنی عێراق ئەوەیە لەماوەی ئەم ٤ ساڵە:

ا- لـــە زۆربەی شـــارەكانی عێراق شـــەڕی گـــەورەی ناوخۆ روویداوە.

ب-هاوپەیمانی هاوبەندی یەكگرتووی عێراق (ئیئتلافی شیعە) لەبەر یەكهەڵوەشاوەتەوە.

ج-هەمـــوو ئەو ئامانجانەی كە هاوبەندی شـــیعەی لەســـەر دامەزراوە هەموویان یان زۆربەیان لەدەستداون.

د- ئاكامی هەڵبژاردن لە باشـــور بۆتە هـــۆكاری زیادكردنی توندڕەوی ئایینی و باڵادەستی عەشیرەتگەری و زیادكردنی



دەســـتەبژێری رۆشـــنبیر و رۆژنامەنووســـانی توركیا و پاشان ناوەندەكانی لێكۆڵینەوەی توركیا ئینجا حكومەتی توركیاش، ئەم نموونەیەمان لەبەر ئەوەبوو ئەوانەی بێ متمانەیی لە نێو خەڵكی كوردســـتاندا بڵاو دەكەنەوە، خۆیان باش دەزانن، تا چەند خولی دیكەی هەڵبژاردنیش پارتی ویەكێتی پێویستیان بە تەزویركردن نییە، بۆیە كە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن نابێت بەغدا هەڵبژاردنی كوردســـتان بەڕێوە ببات، ئەوە پێداگرتنە لەســـەر ســـەروەریی نیشـــتمانی هەرێمی كوردستان، نەك ترسان لە هەڵبژاردن، بۆیە ســـەركردایەتی سیاسیی كوردستان پێی باشـــە دامەزراوەكانی كوردســـتان هەڵبژاردنەكان بەڕێوە ببەن، بـــەڵام بەغدا دەتوانێت

●●●
**پارتی و یەكێتی سەلماندیان، كە دەتوانن پێكەوە حكومەت بەڕێوەبەرن، دەتوانن پێكەوە بەسەر تەنگژە ئیقلمی و ناوخۆییەكاندا زاڵبن، سەلماندوویانە لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی ئەو دیپلۆماتییە سەركەوتوون، كە دەتوانن ئیدارەی ئەزمەی وڵاتێكی وەك عێراق بكەن، كە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە كاتێكدا حوكمی نیوەی جیهانی دەكرد ئیدارەكردنی عێراقی هێندەی هەموو ئیمپراتۆریەتەكەی لا قورس بووە**
●●●

**دەبێت ئامانجی هەمووماڻ بۆ هەڵبژاردن بەرهەمی سەقامگیری زیاتر و حکومەتێکی کاراتر بێت، تەنیا شێوازێک کە ئەم ئاکامە مسۆگەر دەکات هەڵبژاردنی لیستی داخراوە، پەنابردن بۆشێوازێکی هاوشێوەی عێراق، وەک بەیدەبای فەیلەسوفی هیندی دەڵێت (خواردنەوەی ژەهرە بۆ تاقیکردنەوە)**

توندڕەوی ئایینی و باڵادەستی عەشیرەتگەری و گروپچێتی، بەرەڵایی.

ه- فەشەل هێنانی سیاسەتی لە ریشە هەڵکێشانی بەعس و فەرزکردنی گەڕانەوەی بەعسییەکان بۆ دامەزراوە مەدەنی و عەسکەرییەکانی عێراق، فەرزکردنی خەرجکردنی مووچەی هێزەکانی سەحوە لەسەر بودجەی حکومەتی عێراق، کە هەر دروستبوونی ئەنجوومەنەکانی سەحوە، نیشانەی ئیفلاسی حزبە شیعەکانی عێراق بوو.

و- فەشەلی سیاسەتی پارتە سیاسییەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق و نەتوانینیان بۆ کۆنترۆڵکردنی باردۆخەکە، بۆتە هۆکاری کەمکردنەوەی سەروەری حکومەتی عێراق و هەندێك لەو باڵوێزخانانە و نووسینگەی بانکی نێودەوڵەتی و تەنانەت یۆنامیش کە بەحساب گەڕاونەتەوە بۆ عێراق، لە ئەردەنەوە کاروبارەکانیان هەڵدەسوڕێنن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەس متمانەی بە حکومەتی عێراق نییە.

ز- ئەمانە سەلماندیان حزبەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، لەڕووی سیاسییەوە کامڵ نیین، بۆیە پیادەکردنی لیستی داخراو لەگەڵ ئەو حزبانەی کە کامڵ نیین، ئاکامی باشی نابێت و دەبێت پەنا بۆ شێوازی دیکە ببرێت، هەربۆیە ئەگەر سەرنج لەو دەوڵەتانە بدەین کە لە نێو سیستەمی ڕێژەیی پەنایان بۆ دەنگدانی تێکەڵاو بردووە بەیەك خول نەك بەدوو خول، دەبینین چەند دەوڵەتێك تێپەڕ ناکەن، بەڵام ئەوانەی سیستەمی ڕێژەیی، پیادە دەکەن ٧٢ دەوڵەتن، نموونەی هەرە دیاریان کە نزیکە لە باردۆخی عێراقەوە باشوری ئەفریقیایە، هەمووشمان دەزانین بارودۆخی باشووری ئەفریقیا چ بارودۆخێکی ئاڵۆزە، بەڵام پارتی تەجەموعی وەتەنی چۆن بە شێوازی ڕێژەی داخراو ئەو هەموو هاودژیەی ئەو کۆمەڵگەی ڕاگرتووەو، خوێنەران باش دەزانن نیلسۆن ماندیلاش کێیە بۆیە پێویست ناکات پێیان بناسێنین.

## ئایا لە کوردستان ئەم باردۆخە هەیە؟

بێگومان ئەگەر لەسەر ئاستی ئابووری و قۆناخی ڕاگواستنی ئابووریمان لە ئابووری ناوەندییەوە بۆ ئابووری بازار، ناتوانین خۆمان لەگەڵ وڵاتێکی وەك بەلجیکا بەراورد بکەین، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسیی و پێکەوە ژیانی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان و ڕێزگرتن لە مافی تێکڕای نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان و ڕێزگرتنی ئازادیەکان، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەگەر لە پێش بە لجیکاوە نەبین لەدوای بەلجیکاوە نیین و، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو مافانەی لەکوردستان بۆ ئایین و نەتەوەی جیاواز و ئازادی ڕادەربڕین دابینکراوە، ئەگەر لە بەلجیکا زیاتر نەبێت کەمتر نییە، هەر بۆنموونە، لە هەرێمی کوردستان سەرکۆماری عێراق و سکرتێری یەکێتی نشتیمانی کوردستان بەڕێز مام جەلالە وەك هاووڵاتییەك داوای یاسایی لە سەر ڕۆژنامەیەك تۆمار کردووە، دوای ساڵێك وەك داوای یاسایی هەر هاووڵاتییەك دادگا داوەکەی تاوتۆ کردووە و یەکلاییکراوەتەوە، کەچی هێشتا میدیاکانی کوردستان بەوەش ڕازی نین، داوای ئەوە دەکەن سەرۆك کۆماری عێراق مافی ئەوەشی نییە یاسا بەرگری لێ بکات، ڕۆژنامەکانی کوردستان ڕەخنە لە پەرلەمانی کوردستان دەگرن کە بریاریداوە ڕۆژی لە دایکبوونی سیمبولی نەتەوەیی کورد پشووی ڕەسمی بێت، ڕۆژانە دەیان ڕاپرسی بڵاو دەکەنەوە حکومەت ٪١٦ی خەڵك لێی ڕازیە، سەرۆکی کوردستان،٪٤٠ لێی ڕازیە، یان دەنووسن سەرۆکی کوردستان دەبێت دەستبەرداری پۆستەکەی بێت و بارەگاکەی بگوازێتەوە، یان حزبە سیاسیەکان ڕاپۆرت بڵاودەکەنەوە بە ئاشکرا دەنووسن حکومەت هیچی نەکردووە، خۆشیان لە حکومەت و پەرلەمان بەشدارن، کەچی داوادەکەن وەك حزبی سیاسیی پێشنیار بدەن بە حکومەت و پێشنیارەکانیشیان لێوەربگیرێت، ئەگەر لەم ڕووەوە بەراورد بکەین، لە بەلجیکا هەموو ئەو شتانە قبوڵ ناکرێت، مەبەست ئەوەیە ناوی سەرۆکی کوردستان و سەرۆك کۆماری عێراق بزڕێنرێت و خەڵك بە یاساش ڕازی نەبێت داکۆکی لە خۆیان بکەن،ئەم وڵاتەمان بۆیە بە نموونە هێنایەوە لەبەر ئەوەی وەك کوردستان فرە نەتەوە و فرە ئایینەو، وەك کوردستانیش بە سیستەمی ڕێژەیی و لیستی داخراو هەڵبژاردن دەکات، باشە ڕۆشنبیر یان سیاسەتمەدارێکی بەلجیکی داوا لە حکومەتی بەلجیکا بکات لاسایی عێراق بکاتەوە و شێوازی لیستی داخراو بکە بە کراوە یان تێکەڵاو، گەلی بەلجیکا چی بەو ڕۆشنبیرە یان ئەو سیاسەتمەدارە دەڵێت؟ با خوێنەران خۆیان وەڵام بدەنەوە.

یان هەر لەم مانگەدا سەرنووسەری یەکێك لە ڕۆژنامە ئەهلییەکان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەوە لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە ئاستی دیموکراتی لە کوردستان دەڵێت: عێراق



**تا چەند خولی دیکەی هەڵبژاردنیش پارتی ویەکێتی پێویستیان بە تەزویرکردن نییە، بۆیە کە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن نابێت بەغدا هەڵبژاردنی کوردستان بەڕێوە ببات، ئەوە پێداگرتنە لەسەر سەروەریی نیشتمانی هەرێمی کوردستان، نەک ترسان لە هەڵبژاردن**

لاسایی هەر دیموکراتیەتێك بکاتەوە نابێت لاسایی دیموکراتیەتی کوردســـتان بکاتەوە لەبەر ئەوەی ئـــازادی نییە،مافی مرۆڤ نییە، هەر قســـەکانی خۆی تەواو نەکـــردووە، دەڵێت نا ئازادی رادەربڕین هەیە، ئەوە نییە من بە ئاشکرا قسە دەکەم و کەسیش هیچـــم پێنالێت، بەڵام دیموکراتی نییـــە، بۆ ئەمەش با خەڵك خۆی وەڵام بداتـــەوە، لە وڵاتێکدا ئـــازادی رادەربرین هەبێت، لەوانەیـــە بە تەنیا دیموکراتی بەس نەبێـــت، دەبێت دیموکراتی و ســـەروەریی یاساش هەبێت، کە دیموکراتی وسەروەری یاساش هەبوو، ئەو قســـانەی تۆ دەیکەیت ئەگەر هیچیشـــی راســـت نەبێت، بەڵام راســـتیەك دەسەلمێنێت، کە لەم وڵاتە سیاسەتێکی پێگەیشـــتووی ئەوتۆ هەیە،کە بەهێـــزی حکومەتەکەی خۆی لە دیاریکردنی دەســـەڵاتی حکومەتەکەی خۆیدا دەبینێتەوە، با ســـەیری نزیکترین ٢ وڵاتی دەوروبەری خۆمان بکەین کە ئێران و تورکیایە. دیموکراتییەتی ئێرانی ١٣ ســـاڵ لە پێش ئێمەوەیە، دیموکراتییەتی تورکیاش زیاتر لە ٥٠ ســـاڵ، باشە لە تورکیا و ئێران هیچ رۆژنامەنووســـێك بەو جۆرە ئازادە قسە بکات،ئەگەر دەشـــڵێن ئێران و تورکیا دیموکراتی نیـــن، ئەوا لە رۆژهەڵاتی ناوەراســـت لـــەو ٢ دیموکراتییـــە زیاتری تێیـــدا نییە،کەواتە سیســـتەمێکی سیاســـیی بوونی خۆی لە پاراستنی ئازادی و رێزگرتنـــی نەتەوە و ئایینە جیـــاوەزەکان و لێبوردەیی و پێکەوە ژیان ببینێتەوە، چۆن لەسەر ئاستی ئەمنی قەومیەکەی قسەی لەسەر دەکەیت، راســـتە تۆ مافی خۆتە حکومەتی کوردستان هەرچیەکـــت بۆ بکات تۆ داوای زیاتری لێ بکەیت، بەڵام کە هاتە ســـەر بەراوردکردن بە عێراقێك دەڵێت شەقامی سەعدونی لەو رواندایـــە دەچێت کە لە تەلەفزیۆن دەبینن، بێت و بڵێت ئەو لە هەولێر یان کوردســـتان باشترە، بەراستی ئەمە کارەساتە، تۆ هەقی خۆتە بڵێت، کاکە شـــوێن نەما باسی عێراق بکەین، یان بڵێ ئینجا ئەگەر حکومەتی کوردستانیش وەك حکومەتی عێراق وابێت، کوردستان شایستەی دانیشتن نییە، بڵی لە چاو سوئید، دانیمارك وهۆڵەندا، ئێمە حوکمڕانیمان خراپە، هەتا نەگاتە ئەو ئاستە ئێمە هەر رەخنەی لێدەگرین، بەڵام گونجاو نییە لە خوار حکومەتی عێراقەوە پۆلێنی بکەیت، ئەمە دەقاودەق قسەی چەند ســـاڵێك لەمەوپێشیانە کە دەیانگوت، مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان رۆشـــنبیر نین، کە لێمان دەپرسین کاکە بۆ رۆشنبیر نین، دەیانگوت دەبێت رۆشـــنبیر بیرمەند بێت، لێمان دەپرســـین ئێوە رۆشنبیرانی ئەوروپا برادەرتانن، ئایا هەموویان بیرمەندن؟، هەموویان کانت وهیگڵ، نیچە وفۆکۆ و ســـارتەر و...هتدن؟، پێیـــان دەگوتین نەخێر هەر دەبێت بیرمەند بن، دەمانگوت، کاکە رۆشـــنبیر یەك پێناسەی نییە، ئاخر بیســـتوومانە رۆشنبیری ئۆرگانیش هەیە، ئیتر ناچار دەبووین ئێمەومانان بێدەنگ بین، لەبەرئەوەی دەبوو رێزی رۆشـــنبیری دیکتاتۆری ئەوان بگرین، ئێســـتاش بە هەمان شـــێوە دەبێت ئەوان دیکتاتۆریەتی رەخنە و عینـــادی بن،ئەگە نا ئەوەی پێیگوتـــن برا ئێمەش وەك هەر میللەتێکـــی دیکەی ئەم جیهانە حکومەتمان پێویســـتە، ئەوجا پارتی لە دەسەڵات بێت یەکێتی لە دەسەڵات بێت، خوای دەکرد هەر حزبێکی تر، بەس کوردستانی بێت و هەڵگری ئایدۆلۆژیای بێگانە نەبێت،ئیتر ئەم دامـــەزراوە پەرلەمانە،حکومەتە، ئەمانە نیشـــانەی ناسنامەی ئێمەن، ١٠٠ســـاڵە کورد خوێندەڕێژێت و قوربانـــی دەدات بۆ ئەوەی ئـــەو دامەزراوانەی هەبێت، کەچی دەڵێن، ئەوەی بەرگری لە دەســـەڵات بـــکات موتەخەلیفە،یان هەلپەرســـتە، لەکاتێکدا نەیارو ناحەزانی کورد بەم حکومەتەی هەرێم چاویان چۆتە پشتی سەریانەوە. فەرموون بە جیدی پێ لەسەر باشـــترکردنی ئەدای حکومەت دابگرن، دژی گەندەڵی بوەستن و بە بەڵگەوە قسە بکەن و بڵاویشیبکەنەوە، کەس خەتی ســـووری بۆ ئەمانە کێشـــاوە؟ ئەی بۆ نایکـــەن؟ بۆیە کاتێك مەبەســـتەکە خۆی دەردەخا کە مەبەست رووخانی حکومەت و لەناوچوونی ئەو قەوارەسیاسییەیە کە تەنها کورد خۆی دەزانێ چۆن بینای کردووە، ئا لێرەدا دەکەوینە سەنگەری مایکل رۆبین و هەموو ئەوانەی چاویان بە ئەزموونی کوردســـتان هەڵنایەت. ئەمەش جێگـــەی قبووڵکردن نییە، نە لە نـــاو گەل، نە لەناو دەســـەڵات، هەر دەشبێت وابێت، ســـەیری گەلانی دونیا بکەن چۆن شـــەوو رۆژ بۆ بەهێزکردنی دەوڵەتی خۆیان لێکگرێدەدەن، چۆن ئامادەی هەموو قوربانییەکن تەنها بۆ ئەوەی نەگەڕێنەوە خاڵی ســـفر، چـــۆن ئینتیمای نیشـــتمانی رۆژ لە دوای رۆژ بەهێزترو قایمتردەکەن، نەبادا دەســـتی دەرەکی خۆی بخزێنێتە ناویانەوە. کاتێك رەخنەشیان لە حکومەتەکەیان هەیە، بە بەڵگەوە رەخنەکانیان پێشـــکەش دەکەن، چونکە مەبەســـتیان نەهێشتنی ئەو کـــەم و کورتیانەیە کە هەبوونە، مەبەســـتیان قایمترکردنی حکومەتەکەیانە، تا لە ســـایەیدا کەرامـــەت و مافیان پارێزراو بێت.



●●●

**مام جەلال وەک هاووڵاتییەک داوای یاسایی لە سەر رۆژنامەیەک تۆمار کردووە، دوای ساڵێک وەک داوای یاسایی هەر هاووڵاتییەک دادگا داوەکەی تاوتۆ کردووە و یەکلاییکراوەتەوە، کەچی هێشتا میدیاکانی کوردستان بەوەش رازی نین، داوای ئەوە دەکەن سەرۆک کۆماری عێراق مافی ئەوەشی نییە یاسا بەرگری لێ بکات**

●●●

●●●

**١٠٠ساڵە کورد خوێندەڕێژێت و قوربانی دەدات بۆ ئەوەی ئەو دامەزراوانەی هەبێت، کەچی دەڵێن، ئەوەی بەرگری لە دەسەڵات بکات موتەخەلیفە،یان هەلپەرستە، لەکاتێکدا نەیارو ناحەزانی کورد بەم حکومەتەی هەرێم چاویان چۆتە پشتی سەریانەوە**

●●●